**82**

**ئەيلوول**

**2011**

# شەفەق

کۆواری ئەدەب و ڕۆشنبیری

دوور لە رەخنەی ئەدەبی و نێزیک لە کتێب بەگشتی، چۆنیەتی و چەندایەتیی ئامادەبوونی کتێب لە ئەمڕۆی رۆژنامەوانیی کوردیدا پێویستی بە پتر بایەخ پێدان و لێ وردبوونەوەیە.

د. فوئاد ڕەشید

---

ئەدەب هەموو کات شەیدای ئەوەیە کە لەژێر کارکردەکانی ژینگە و واقیعدا لە مرۆ بکۆڵێتەوە و بە وردبینییەوە شتی تازەتری لێوە هەڵگوێزێ و ئاوات و ئامانجە دیار و نادیارەکانی بدۆزێتەوە.

ئەدیب نادر

---

ئەو شاعیرانەی کە تەنیا بۆ خۆدەرخستن شیعر دەنووسن ناتوانن ئەو پەیامە پیرۆزەی شیعر بگەیەنن، لەبەرئەوەی شیعرەکانیان زوو دەمرن.

حەمە مەنتک

---

چیرۆکنووس پێکهاتەیەکە لە ژینگەی دەوروبەری. بەڵام دیدگا و تێڕوانینی جیاوازترە. ئەو دەبینێ و هەست پێ دەکا. من هەر تەنیا دەیبینم.

میقداد شاسواری

خاوەن ئیمتیاز:

**بەدران ئەحمەد حەبیب**

سەرنووسیار:

**سەباح ئیسماعیل**

ojeen_sabah@yahoo.com

0770 131 05 56

بەڕێوەبەری نووسیاری:

**چنوور نامیق**

chnornamiq@yahoo.com

0750 362 32 63

بەڕێوەبەری هونەری

**ئاراس ئەکرەم**

پیت لێدان: کاروان ئەسعەد

هەڵەگری: بۆکان نووری. ئاریان ئەحمەد

دەزگای شەفەق

کوردستان – کەرکووک

شەقامی کۆماری – باڵەخانەی فەخری

## پێڕست


ڕێزگرتن لە نووسین. سەروتار. سەرنووسیار ..... 3

من و "شەفەق"ی زیندەبەچاڵکراو . وتار. محەمەدی مەلا کەریم ..... 5

کتێبنما لە نێوان ڕۆژنامەوانی و ڕەخنەی ئەدەبیدا . وتار. د. فوئاد ڕەشید ..... 8

شانشینی گوڵەگەنم: گەیشتن بە هەرێمە شیعرییەکانی کامڵبوون. لێکۆڵینەوە. ئەدیب نادر ..... 12

گەمەی وشە و مانا . لێکۆڵینەوە. حەمە مەنتک ..... 24

تیۆریی حەقیقەتی شاعیرانە. لێکۆڵینەوە. وەرگێڕانی: ڕزگار جەباری ..... 36

محێدین زەنگنە پیرۆزمەندێکی تری ئەدەبی مرۆڤایەتی. یادەوەری. غەفوور ساڵح عەبدوڵلا ..... 45

ئایا چیرۆک کایەیەکی سەربەخۆیە لە بەردەم دنیادا؟ گفتوگۆ. سازدانی: سۆران عەزیز ..... 55

لەگەڵ ئان بیتی نووسەری ئەمەریکایی. وتووێژ. مستەفا زاهیدی ..... 67

شەبەنگی شینی ژمارەکان. شیعر. هاشم سەڕاج ..... 72

پیاوێک خۆی دەنووسێتەوە، پیاوێک خۆی دەسڕێتەوە. شیعر. حەمە کاکەڕەش ..... 77

لە کوێندەرم؟ شیعر. جەلال بەرزنجی ..... 81

ڕەنگاڵە. شیعر. ڕۆژ هەڵەبجەیی ..... 84

نەخشەکانی ڕێگەی گەڕیدەیەکی تەنیا . شیعر. عەبدوڵلا سلێمان (مەشخەڵ) ..... 89

٣ کورتە شیعر. شیعری وەرگێڕاو. لە فارسییەوە: بابە ک سەحرانەوەرد ..... 92

٢ وردیلە چیرۆک. چیرۆک. حەمەفەریق حەسەن ..... 94

دەسکەوتی لافاوە ڕەشەکە. چیرۆک. زێنەب یوسفی ..... 96

گوڵەگەنم. چیرۆک. فەرمان سەمەد ..... 101

چۆنم دەکوژێ؟ چیرۆک. سەلمان شێخ بزێنی ..... 104

لە هاوینەهەواردا . چیرۆکی وەرگێڕدراو. لە فارسییەوە: ئازاد نەجم ..... 107

نامەی بیرمەندێکی مردوو. دەق. نەوزاد یوسف کاکەیی ..... 114

دۆزینەوەی مانا لە (دوا سروودی بەلەمەوانەکان)ی سەعید سلێمانیدا . خوێندنەوە. ئارام سدیق ..... 117

وەلی دێوانە لە شاکارێکی خوسرەو جافدا . ڕانانی کتێب. عومەر عەلی شەریف ..... 120

هەڵبژاردە لە چیرۆکی کورتی بێگانە. کۆنە دەفتەر. وەرگێڕانی: گۆران ..... 126

سەروتار

# ڕێزگرتن لە نووسین

سەرنووسیار



لە دانیشتنێکدا هەمبەر دڵسۆزیی نووسەر و ڕێزگرتن لە قەڵەمەکەی، بیریار و نووسەری ناوداری عێراق و بەبنەچە کەرکووکی، دوکتۆر عەبدوڵڵا ئیبراهیم گوتی، ئێمە کۆمەڵێک گەنجی خوێنگەرم و عاشق بەئەدەب بووین لە کەرکووک، لە هەندێک لە نووسەرانی کەرکووک گرووپێکمان پێک هێنا بەناوی "گرووپی دووی کەرکووک"، بەر لە بڵاوکردنەوە بابەتەکانمان پیشانی شاعیری گەورە "جان دەمۆ" دەدا، ئەویش دوای خوێندنەوەی بابەتەکە، ئەگەر بەدڵی نەبووایا، بێ ئەوەی پرسمان پێ بکات، داخۆ قبووڵ دەکەین یان نا، دڵگران دەبین یا پێمان ئاسایی دەبێت؟ جرووڕی

دەکرد و دەیخستە تەنەکەی خۆڵەکەوە.

هەروەها دەیگوت، هەرچەندە شەونخوونییەکی زۆرمان بەسەر ئەو بابەتەوە کێشابوو، وەلێ ئەو کارەمان لە جان دەمۆی بەخۆڕسک شاعیرەوە پێ ئاسایی بوو و تێدەگەیشتین هێشتانەکینێ زۆرمان ماوە و هەنگاوی زۆرمان لە پێشە.

ئەمڕۆ کێ لە ئێمە ئەوە لە نووسەرێکی لەخۆی بەئەزموونتر و شارەزاتر قبووڵ دەکات؟

نووسەرێلێک هەن تەنانەت لە بنەما سەرەتاییەکانی ئەدەب و نووسین نەگەیشتوون و جگە لەوەی شارەزای هیچ زمانێکی تر نین و کوردییەکەشیان تابڵێی لاوازە، ئینجاش خۆیان لە سەرووی ڕەخنەوە دادەنێن. کاتێک بەرهەمی زۆرێک لە نووسەرانی خۆمان دەخوێنیتەوە، ئەگەر بتەوێت دۆستایەتییەکەتان بەردەوام بێ و گەرد و خەوشی لێ نەنیشێت، ناکرێت ڕەخنە لە بەرهەمەکەی بگری و سەرنج و تێبینییە ئەرێنییەکانیان بخەیتە بەرچاو، ئەگینا پێشەکی دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگریت، کە ئەو هاوەڵە نووسەرەت لەدەست داوە، بۆیە ئەگەر بوێریی فێڵ لەخۆ و لەو کردنت هەبێ و بەناچاری پێ بەجەرگی خۆتدا بنێیت، ئەوا دەبێت هیچ نەبێ بۆ ڕووپامایی بە"شتێکی جوانە"ی وەڵام بدەیتەوە.

بەداخەوە من وا لێرەدا لە پانتایی ئەم نەوشەفەقەدا خەریکە وام لێ دێت، هەر کە بەرهەمی نەشیاوی نووسەرێک ڕەت دەکەمەوە، لە کاتێکدا نووسینەکەی هێندەی داڕشتنێکی مامناوەندییش بڕ ناکات، ئەوا چاک دەزانم ئەمە دوا بەرهەمێتی بۆ کۆوارەکە و ئیدی لە ڕقاندا ڕەنگە لەوەو دوا هەر نەیشی خوێنێتەوە.

بۆیە داوا لە گشت ئەو ئازیزانە دەکەم، کاتێک نووسینێکیان ڕەت دەکرێتەوە، ئەوە ناگەیەنێت ئیتر لە نووسەری کەوتوونە، یاخود هەرگیز بەنووسەر نابن و دەرگەی نووسەریی بەڕوودا داخراوە، زۆربەی زۆرمان لە سەرەتاکانی نووسینماندا نووسینەکانمان بەر بێژنگی پۆستەی خوێنەرانی کۆوار و ڕۆژنامەکان دەکەوتن و لەگەڵ کۆزەرەدا دەهاتنە دەرێ، هەند بەپەلە بووین لە بڵاوکردنەوە، ئێستا وەکو نووسەری دووەم کە ئەو نووسینانەی ئەوکاتی خۆمان دەبینین، دنیایەک لە بڵاوکردنەوەیان ژیوانین و هەست دەکەین بەر لە بەدەقبوونیان ناردبوومانن، یاخود بڵاومان کردوونەتەوە و ئەوسا هێندەی خەمی بڵاوکردنەوەمان بووە هێندە خەمی نووسینمان نەبووە.

وتار

# من و "شەفەق"ی زیندەبەچاڵکراو

محەمەدی مەلا کەریم

لە هاوینی ١٩٦٧دا لە زیندان و دوورخستنەوەیەکی لە دوو ساڵ پتری باقووبە و بەدرە و گیراوخانەی سلێمانی ڕزگار بووم. هەر ئەو ڕۆژەی لە سلێمانی بەکەفیلێکی تازەی یەک ساڵیی (خۆش ڕەفتاری) بەرەڵڵا کرام، لە سلێمانییان کردمە دەرەوە و وتیان بۆ کوێ دەڕۆیت بڕۆ. منیش چووم بۆ کەرکووکە چونکە کاتی خۆی کە عومەر عەلی باوکمی، بۆ تۆڵەسەندنەوە لە ئێمە، لە سلێمانی دەرکردبوو ماڵمان چووبووە کەرکووک. بۆیە دەبوو منیش بچمە ئەوێ و لەگەڵ ماڵی باوکم لەوێ دانیشم.



پاش یەک دوو مانگێک دانیشتن لە کەرکووک، لەوێ ئیشێکم لە کتێبخانەی هەمووانی کەرکووک دەستکەوت و پێیەوە خەریک بووم. هەر لە سەرەتای ئەو ساڵەوە کۆواری (شەفەق / الشفق) بەکوردی و عەرەبی لە کەرکووک دەردەچوو، کە خاوەنەکەی عەقیدی خانەنشین

شێخ عەبدولقادر بەرزنجی بوو و کۆمەڵێک ڕۆشنبیری نیشتمانپەروەری وەک شەهیدان شێخ مەعرووف بەرزنجی و شێخ حوسێن بەرزنجی و خوالێخۆشبووان مارف خەزنەدار و حەمە ساڵح دیلان و سەمەد خانەقا و ئەو جۆرە کەسانە دەریان دەکرد، ڕێگەدانی دەرچوونی ئەو کۆوارە لە کەرکووک دەستکەوتێکی پڕ بایەخ بوو بۆ کولتووری کوردی لەو شارەدا.

ویستم خۆم بدەم لە قەرەی، بەڵکو گۆشەیەکم تێیدا دەستکەوێ هەرجاری بابەتێکی لێوە بڵاو بکەمەوە، بەڵام زۆری نەبرد تێگەیشتم ئەوەم بۆ دەست نادا، چونکە مانەوەی کۆوارەکە و دەرچوونی لە گۆشە دەستکەوتنی من بۆ تێدا نووسین پڕ بایەختر بوو. وازم لەو بیرە هێنا تا لەپڕ شۆڕشی ١٤ی تەمووز وەک هەرەس هات بەسەر دەسگای ڕژێمدا و لە ماوەی سەعاتێکدا عێراق بوو بەماستی مەییو بۆ خواست و ئاواتەکانی گەل، یا لەو سەردەمەدا ئێمە وامان چووبوو بەمێشکدا.

ڕۆژێکیان خوالێخۆشبوو شێخ ڕەئووف خانەقای ئەمینداری کتێبخانەی هەموان ناردی بەدوامدا. کە چوومە لای پێی وتم شێخ قادر بەرزنجی داوای کردووە بچی بۆ لای. کە چوومە لای و دانیشتم، پێی وتم: مەلا محەمەد! ئێتر ئەمڕۆ ڕۆژی تۆیە.

وتم: یاشێخ! مەبەستت چییە؟

وتی: ئەوە چەند ڕۆژە شۆڕش ڕووی داوە. مارف خەزنەدار و حەمە ساڵح دیلانیش چوون بۆ دووکان بۆ هاوینەخۆری. ئێمەیش دەبێ ژمارەیەکی کۆوارەکە دەربکەین بەبۆنەی شۆڕشەوە. دەستوبرد بکە بچۆ بزانە وتاری هاتوو بۆ کۆوارەکە چی هەیە و پێوەندی بکە بەدۆستان و برادەرانەوە کەرەستەی دەرکردنی ژمارەیەک لە کۆوارەکە کۆ بکەرەوە، ژمارەیەکی لێ ئامادە بکە و ژمارەکەمان بۆ دەربکە و کلیلی ئیدارەی کۆوارەکەی دامێ. منیش چووم بۆ ئیدارەی کۆوارەکە لەسەر پردی ئیمام قاسم بوو لە نێزیکی کتێبخانەی گشتییەوە. چی وتارێکی گونجاوم بۆ ئەوە دەسکەوت هەڵم گرت و هێنامە دەرەوە. چوویشم بۆ چاپخانە چییان پێشتر دانابوو بۆ ژمارەی داهاتوو، کە دیارە نەیشیانزانیبوو شۆڕش بەڕێوەیە، پەڕە پەڕەم کردن شتێکی وام تێدا نەدین لەگەڵ موناسەبەی شۆڕش بگونجێ پێوەندیشم کرد بەدۆستان و برادەرانەوە مامۆستایان موکەڕەم تاڵەبانی و عەتا تاڵەبانی و نووری تاڵەبانی و شێخ مارف بەرزنجی و شێخ حوسێن بەرزنجی و مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی و فاتیح عەبدولکەریمی برام و فەهیمە عەبدوڕەحمان سەعیدی سەرەکی کۆمەڵەی مافی ئافرەتان و نوێنەرانی یەکێتیی گشتیی قوتابییان و کەسانی تر.

سەرو وتاریان بۆ ناردم. خۆیشم شیعرێکم بۆ پیرۆزباییکردن لە شۆڕش نووسیبوو ئەویشم دانا.

گۆرانیش لە زیندانی باقووبەوە شیعرێکی جوانی ناردبووە لام، ئەویشم لەو یەکەم ژمارەیەی پاش شۆڕشەدا بڵاو کردەوە. لە کۆیەیشەوە کاک کەریم شارەزا و عوسمان مستەفا خۆشناو سەرو پارچە شیعریان هەر بەبۆنەی شۆڕشەوە نووسیبوو ئەوانیشم بڵاو کردەوە.

مامۆستا مارف خەزنەداریش دوو پارچە نووسینی بەعەرەبی و بەکوردی ناردبوو، ئەوانیش بڵاو کرانەوە.

بەیاننامەی کرێکارانی نەوت و یەکەتیی قوتابییان و کۆمەڵەی داکۆکی لە مافی ئافرەتانیشمان بۆ هات، نێرراوەکانی ئەوانیش بڵاو کرانەوە.

وتارێکی مامۆستا عەبدولخالق عەلائەدین و بابەتێکی هزری لەبارەی ڕۆڵی لەشکرییەکان لە جووڵانەوەکانی ئازادیی نیشتماندا لە نووسینی ڕۆژنامەنووس و خاوەن بیری میسری ئەحمەد بەهائەدینیش و، شیعرێکی مامۆستا ڕەمزی مەعرووف کە لە پێشوازیی زیندانە سیاسییە ئازادکراوەکانا لە مزگەوتی شێخ باباعەلی خوێندیەوە و وتارێکی خوالێخۆشبوو ئیسماعیل ڕەسووڵ بەعەرەبی و وتارێکی عەرەبیی مامۆستا مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی و شیعرێکی وەرگێڕراوە سەر عەرەبیی مامۆستا گۆران و سێ وتاری حوسێن بەرزنجیی شەهید و مستەفا ساڵح کەریم و فەهیمە عەبدورەحمان سەعید و مەعرووف بەرزنجیی شەهید و وتارێکی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی لە نووسینی حەمەدۆک (محەمەد کەریم فەتحوڵڵا) بەناوونیشانی (پێشەنگەکانی ڕاپەڕینی نوێ لە ئەدەبی کوردیدا).

هەروەها وتارێکیش لەبارەی ١٤ی تەمووزەوە لە کەرکووک بەعەرەبی، هەموو ئەمانەم ئامادە کرد و لە چاپم دان و بەم جۆرە ژمارەیەکی زۆر باشی کۆوارەکەم دەرکرد.

شەفەق کەوتە قۆناغێکی تازەوە و ئیتر بابەتی باشمان بۆ دەهات و هەموو مانگێک ژمارەیەکی شایانمان بڵاو دەکردەوە.

کۆوارەکەمان لە چاپخانەی ئەلشیمال لە چاپ دەدا و لە هەموو لایەکی کوردستاندا پێشوازییەکی زۆر باشی لێ دەکرا.

من ئەو ساڵ هەمووی بەدەرکردنی کۆوارەکەوە خەریک دەبووم. پاش ماوەیەک مامۆستا گۆران داوای لە عەقید شێخ قادر بەرزنجی کرد کە ڕێگەی بدا کۆوارەکە بگوێزێتەوە بۆ سلێمانی و ناوەکەی بگۆڕێ بۆ کۆواری (بەیان) و تا ماوەیەک بەو جۆرە سێ چوار ژمارەی لە سلێمانی لێ دەرکرد.

سەرەنجام مامۆستا گۆران نەخۆش کەوت و چوو بۆ مۆسکۆ بۆ تیمارکردنی دەردی شێرپەنجە.

ئیتر شێخ قادر کۆوارەکەی هێنایەوە بۆ کەرکووک و کردیەوە بە(شەفەق) و چەند ژمارەیەکی تری لێ دەرکرد کە خوالێخۆشبوو حەمید عوسمان بۆی بەڕێوە دەبرد.

لەم کەینوبەینەدا بوو کوودەتای ١٤ی ڕەمەزان (٨ی شوبات) ڕووی دا و کۆوارەکەیش لەگەڵ هەموو کۆوارەکانی عێراقدا داخرا.

ئیتر جارێکی تر شەفەق دەرنەچووەوە و ئەو نەمامی ڕۆژنامەنووسییەی کەرکووکیش لەگەڵ هەموو ڕۆژنامە و کۆوارەکانی عێراقدا زیندەبەچاڵ کرا.

هەزار لەعنەت و نەفرین لە دەست و بیری چەپەڵی بەعسییەکان و نەمرییش بۆ شەهیدانی ڕێگەی پڕ سەربەرزیی ڕۆژنامەنووسیی کوردی.

٢٠١١/٧/٢٥ - سلێمانی

وتار

# کتێبنما

## لە نێوان ڕۆژنامەوانی و ڕەخنەی ئەدەبیدا

د. فوئاد رەشید



کتێب... هاوڕێ دێرینەکەی مرۆ، وەک ژێدەر و کەناڵێکی مەعریفیی، پێوەندییەکی بەتین و ڕاستەوخۆی لەگەڵ مرۆدا هەبووە.

ئەم ژێدەرە مەعریفییە قسە و باسی زۆری لەسەرە، هەر لە چیرۆکی سەرهەڵدان و گۆڕانکاری و نوێکاری و کاریگەرییەکانییەوە پێشداوەرە تا دەگاتە ئەم ڕۆژگارەی هەزارەی سێیەمەی تێیدا دەژین و لەگەڵ خۆیشیدا دەنگوباسی مەرگی کتێبی- وەک جەستەیەکی کاغەزیی- هێناوەتە ئاراوە.

له قسه و باسه زۆر و جیاوازەکانی دنیای کتێب، پێوەندی و ئامادەبوونێتی لەگەڵ بزاوی ڕۆژنامەوانیدا، لەم گۆشە نیگایەوە هەوڵ دەدەین، لەم چەند دێرەدا قسە لەسەر چۆنیەتی و چەندایەتی ئامادەبوونی کتێب بکەین لە نێوان بزاوی ڕۆژنامەوانیی کوردیدا.

بەگشتی ئەگەر سەرنجێکی وردی کایەکانی ڕۆژنامەوانیی هاوچەرخ - کاغەزیی و ئەلیکترۆنی- بدەین، دەبینین (کتێب) ئامادەبوونێکی دیاری هەیە و بە قەبارە و شێوەی جیاواز، شوێنی خۆی لەسەر ڕووبەرە جیاوازەکانی ڕۆژنامەوانیدا کردووەتەوە.

هەڵبەتە سەرەداوی ئەم ئامادەبوونەیش، زیاتر بۆ پێوەندی و کاریگەریی دیالیکتکییانەی نێوان (ئەدەب) و (ڕۆژنامەوانیی) دەگەڕێتەوە کە دواتریش بووەتە هۆی سەرهەڵدانی (ڕۆژنامەوانیی ئەدەبی = الصحافة الأدبية).

لە سەردەمی بیستەمدا، هاوکات لەگەڵ گەشەکردن و بەرفراوانبوونی بزاوی ڕۆژنامەوانیی و دەزگاکانی چاپ و وەشانی کتێبدا، جۆر و قەبارەی ئامادەبوونی کتێبیش لەناو ئەم بزاوەدا گۆڕانێکی زۆری بەخۆوە بینیوە، تا ئەو ڕادەیەی کە قسە و باسی (کتێب) کەناڵ و بەرنامە و سایت و کۆواری تایبەتی بۆ تەرخان کراوە.

هەر لێرەیشەوە (ڕۆژنامەوانیی کتێب = صحافە الكتاب = book journalism) هاتووەتە ئاراوە(١)

*** شێوەکانی ئامادەبوونی کتێب لە ڕۆژنامەوانیی کوردیدا:**

ئاشکرایە لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی (١٩٩١)ەوە، هاوکات لەگەڵ گۆڕانی باری سیاسی و ڕۆشنبیری، بزاوی ڕۆژنامەوانیی کوردیش لە ڕووی جۆر و بوار و قەوارە و ئاستەوە گۆڕانێکی زۆری بەخۆوە بینی و ڕووبەری کارکردنی فراوانتر و فۆرم و جۆریشی هەمەڕەنگتر بوو.

تەرخانکردنی لاپەڕە و ستوون و گۆشە و ڕووبەرێکی دیاریکراو بۆ قسە و باسی کتێب، ئەدگار و سیمایەکی گۆڕانکاری و هەمەجۆرییە بوو.

بە بەراورد لەگەڵ قۆناغەکانی پێشووتر، ڕۆژنامەوانیی کوردی زێدەتر بایەخی بە دەنگ و باسی کتێب دەدا، بەڵگەیەکی دیار و ئاشکرای ئەم بایەخ پێدانە، خودی باسکردنی کتێب لەژێر زاراوە و ناونیشانی جیاوازدا دەکرا.

لەم چوارچێوەدا دەکرا ئاماژە بەم زاراوە و دەستەواژانە بکەین:

(ڕانانی کتێب)، (خوێندنەوەی کتێب)، (کتێبخانە)، (چاپکراوی نوێ)، (لێدوانی کتێب).

هەڵبەتە خودی ئەم زاراوە و دەستەواژانە ئاماژەی ئەوەش دەکەن کە باسکردنی کتێبەکان بەیەک جۆر و شێوە نەبووە و هەر باسکردنێک ئەرک و پەیامی خۆی هەبووە.

لەم میانەدا دەکرێ باسکردنی کتێب لە رۆژنامەوانیی کوردیدا بەم شێوەیە پۆلین بکەین:

١- هەواڵئامێز: ئەم جۆرە باسکردنەیان، تەنیا وەکو هەواڵێک ئامادەیی هەبووە، ئەمەش زێدەتر لەژێر ناونیشانی (چاپکراوی نوێ)، (بەم زووانە) (هەواڵی رۆشنبیری) ئەنجام دراوە. ناوەڕۆکی ئەم جۆرە باسکردنە تەنیا چەند زانیارییەکی کورت و سەرەکیی کتێبی باسکراوی، لە خۆ گرتووە، ئامانج تێیدا پتر گەیاندنی هەواڵێکە.

٢- خستنە ڕوو: ئەرکی سەرەکیی ئەم جۆرە نووسینانە بریتییە لە پێناساندنێکی کورتی کتێبەکە، ئەم جۆرە پێناسانە پتر لە دوو شێوەدا ئەنجام دراوە.

* پێناساندنی یەکجار کورت کە تەنیا ناونیشان و قەبارە و بەرگ و تیراژ و شوێنی چاپ و دەزگەی وەشانی گرتووەتەوە

* پێناساندنی پوختەیەکی نێوەڕۆک و ستراتیجییەتی پەیام و ئامانجی کتێبەکە، هەڵبەتە لێرەشدا دوور نییە پێناسەکی قەبارە و تیراژ کرابێت.

٣- باسکردنی رەهەندێکی کتێبەکە

ئەم جۆرە باسکردنە زێتر رەهەندێک یاخۆ لایەنێکی، لە سەرتاپای کتێبەکە هەڵبژاردووە و کەمێک بە درێژیی باسی بابەتێکی دیاریکراو دەکات کە پێوەندە بەو رەهەند و لایەنەی کە نووسیار خۆی هەڵی بژاردووە

٤- رێکلام، هەندێ جار باسکردن و نمایشکردنی کتێب لە فۆرمێکی رێکلامیدایە، لەم حاڵەتەدا بانگەشە بۆ خوێندنەوە و کڕینی کتێبێکی دیاریکراو دەکرێت، ئەگەرچی ئەم جۆرە فۆرمە زێتر لە رۆژنامەوانیی تەلەفزیۆنیدایە، وەلێ رۆژنامەوانیی کاغەزیش خاڵی نییە لەم جۆرە کارانە، جیاوازی نێوان ئەم دوو بوارە لەوەدایە کە هەندێ جار لە رۆژنامەوانیی کاغەزیدا، رێکلامەکە ناڕاستەوخۆیە و لەژێر ناونیشانەکانی بڵاوکراوەی نوێ چاپکراوی نوێ، ئێستە لە کتێبخانەکاندا کارەکە رایکراوە، ئامادەبوونی وێنەی کتێبەکە خاڵی هاوبەشی نێوان هەردوو بواری ناوبراوە.

٥- خوێندنەوە و پێداچوونەوە، ئەم جۆرە باسکردنە لە کتێب ئەگەرچی پشتی بە خستنەڕووی هێڵە سەرەکییەکانی تێڕوانینی کتێبەکە بەستووە، وەلێ لەگەڵ ئەمەشدا شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن

و دەربڕینی سەرنج و ڕەخنەیش لەخۆ دەگرێت، دەکرێ بڵێین ئەمە، تاوتوێکردنی پوختەی ناوەڕۆکی کتێبەکەیە، پێم وایە ئەم جۆرە خوێندنەوانە، بە دەربڕینی سەرنج و ڕای جیاواز و تەنانەت ڕەخنەگرتنیش خۆی جیا دەکاتەوە لە خستنەڕووی سادە و ساکاری کورت و خێرا، جێگەی ئاماژەیە ئەم جۆرە خوێندنەوانە لە ڕۆژنامەوانیی کوردیدا بایەخی زۆری پێ نەدراوە و زێتر خستنەڕووی سادە و ساکار ئامادەیی هەیە.

* کتێبخانە و ڕەخنەی ئەدەبی

ئەگەر سەرنجی زۆربەی ئەو باسکردنانەی کتێب بدەین لەناو بزاوی ڕۆژنامەوانیی کوردیدا، بەتایبەتیش کتێبی ئەدەبی دەقئامێز، ئەو خاڵە بەدی دەکرێت کە زۆربەیان هەوڵیان داوە قسەگەلێکی ڕەخنەیی تێکەڵ بەکاری خستنەڕووەکە بکەن وەلێ ڕەخنەی ئەدەبی لەناو ئەم جۆرە کارانەدا، لەژێر پاڵەپەستۆی زمان و پیشەی ڕۆژنامەوانیدایە، بەو مانایەی ئەدگاری سەرەکیی ئەم جۆرە ڕەخنانە زێتر قسەی سادە و سەرنجی کورت و خێران، بە مانایەکی تر کاری خستنەڕووی لەم شێوەیەدا هێندەی نزیک بووە لە سیما و سروشتی ڕۆژنامەوانی، هێندە پێگیر نەبووە، بە بنەواکانی ڕەخنەی ئەدەبییەوە، پێم وایە ئەمەش جۆرە کەرەستەیەکی ڕەخنەیی بەرهەم هێناوە کە بە سادەیی و ساکاری بناسرێتەوە و هەر لێرەیشەوە بەلای هەندێکەوە بووەتە خاڵێکی نێگەتیڤی ناو بزاوی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی

دوور لە ڕەخنەی ئەدەبی و نێزیک لە کتێب بەگشتی، چۆنیەتی و چەندایەتیی ئامادەبوونی کتێب لە ئەمڕۆی ڕۆژنامەوانیی کوردیدا پێویستی بە پتر بایەخ پێدان و لێ وردبوونەوەیە، لەبەرئەوەی ئەمڕۆ کتێبێکی زۆر چاپ و وەشان دەکرێت، بەشێوەیەک مرۆ فریای ئاگەداربوون لێیان و بەسەرکردنەوەیان ناکەوێت بۆیە پێتڤییە کەناڵێ و بوار و ژێدەری تایبەتییمان هەبێت بۆ لێدوان و خوێندنەوە و خستنەڕووی کتێب، ئەم کارە گرینگیی خۆی هەیە، لەمانە پردێک دەبێت بۆ گەیاندنەوەی خوێنەر بە کتێب، هۆکارێک دەبێت بۆ زیندووکردنەوەی پرۆسەی خوێندنەوە، ئەوەشمان لە یاد نەچێت، کە لەم سەردەمی شۆڕشی ئەلیکترۆنی و دنیای، کۆمپیوتەرسازیدا، هێشتا کتێبی کاغەزی پێگە و جێگەی خۆخی لە دەست نەداوە، هەر وەکو هزرڤان و نووسیاری ئیتاڵی ئەمبێرتۆ ئیکۆش ئاماژەی پێ داوە.

پەراوێز

بڕوانە: النقد الصحفي، د. عبدالستار جواد، ص ٢٤-٢٥

لێکۆڵینەوە

# شانشینی گوڵەگەنم:
# گەیشتن بە هەرێمە شیعرییەکانی کامڵبوون

ئەدیب نادر

فەیلەسووفەکان چەندە فێر دەبن ئەگەر بەخوێندنەوەی شاعیرەکان رازی بن!

گاستۆن باشلار

گەلێک زۆر نین ئەو شاعیرانەی کە نازم حیکمەت دەڵێت پێویستە لەسەرمان، شتێکیان لێوە فێر بین و هێز و کێشی شیعر و پەیڤەکانیان بۆ بەردەوامبوون کەمەندکێشمان بکەن و لە بەرهەمەکانیاندا خۆشەویستی لە مەرگ دژوارتر بێت، بەڵام گرەوی لێ بەرێتەوە، هەڵبەتا شیعر بۆ ئەوانە پاساوی بوونە و خۆشەویستیش شتێکی ڕەهایە تێیدا و مەرگیش لەگەڵ ئەو شتە رەهایەدا هاودژ و ناکۆکە و خەمڵینی شاعیرێکیش لەو هەلومەرجەدا کۆژانێکی بێشوماری پێ دەوێت، لەبەرئەوەی بوونی ئەو بەرجەستەکردنی، خۆشەویستییە بەرامبەر بە زیندەگی و ژینگە و هەر هەموو ئەو شتانەی کە دنیابینییەکەی سەر شار دەکەن و هەموو چرکەساتێکیش دڵ و دەروون و ئەندێشەی لەناو ژان و ئازار و ئەشکەنجەدا قاڵ دەکەن و قورتاربوونی مەحاڵ دەکەن، ئەو پرسیارەیش کە زۆربەی ئیپۆکەکان بەرەنگاری ئێمەی دەکەنەوە ئەوەیە، ئاخۆ شاعیر مردەنییە؟ دیارە شاعیری هونەرمەند و پارێزەری ئاواتەکانی ئادەمیزاد وەڵامدەرەوەی ئەمەیە و بێشک یادەوەری مێژوویش شایەدحاڵێتی، هاوکات چامەیش رسکێنەری دەستپێکێکە بۆ پێوەندییە دینامیکییەکانی نێوان خەیاڵ و واقیع و لە زاتەوە رادەپسکێ و دەکەوێتە ناو سەبجێکتەوە، کە وەکو زەرەبینێکە و وەرگر گەورە دەکاتەوە تا دەبێتە گەشتێک کە سەروەری موعاناتە و بەپێی حەز و ئارەزووە باڵاکانی ئاماژە هەمەجۆرەکان لێک دەداتەوە و مانا بەرهەم دەهێنێت، شاعیر



عەبدولوەهاب بەیاتی

گەڕۆکێکی ئەبەدییە، بە دوای سەربەستیدا، بەڵام لە هیچ شوێنێکدا نایدۆزێتەوە، ناچار پەنا دەباتە بەر خـودی هـونەر و ئەدەب، لەبـەرئەوەی هـەر وەکـو ئـەوەی کـە ئیلوار دەڵێت: سـەربەسـتـیـی ئەو لەمانەدا دێتە دی، واتە نووسین ئەو قۆزاخەیەیە کە رەهایی تێیدا شەقڵ دەگرێت.

بەیاتی شـاعیرێکی هـاوچەرخ و تازەگەرە و پێشـەنگێکی شـیعری مۆدێرنی عـەرەبییـە، خـاوەن کـەلەپوور و ئەزمـوونێکی پێداگـر و کـیـشـوەرێکی شـیـعـریی بە پیت و گـرینگە، (شـانشـینی گـوڵەگـەنم)یش یەکـێکە لە کـۆمـەڵە شـیـعـرەکانی ئەم زاتە و برێتـییـە لە سـیـازدە چەکامـە کـە پێوەندییـەکی بەتینی مرۆیانە، پێکیـانەوە دەبەستێت و چەردەیەک بابەتی سیمبـۆلیی دانسقە و نایابی لێـوانلێـو لە شـیـعـرییـەت لـە خـۆیاندا دەشـارنەوە و چەشـە و خـەیاڵ دەوڵەمـەند دەکـەن و بەرفراوانی لە ئاسـۆیی بەیانبینی و حاڵیبوون دەبەخشن، ئەم شیعرانە بەرەنگاری یەکانگیربوونە لە نێوان هۆشیـاریی خودی و واقیـعی مەوزوعیـانە و هاوکات چووزەرەکردنیشـە لە سـەرزەوینی دەگمەنی ئەفراندندا.

زۆر گرینگە شـاعیر لە سـەردەم و هەلومەرجەکەی خودئاگا بێت، ئەو سـەردەمـەی کە بە مـانا قووڵەکەی هـەنگاونانە لە نێوان دوو قۆناخدا و بەرپرسـیاریەتی ئەویش بەرامبەر بەمـە رەچاوکردنی دەوێت، ئەو خـالیـقـێکە روح و جـەسـتـەی بوونـەوەرێکی وشـەئامـێز دەئافرێنی، هەمـوو شـتـێک بە رۆشنایی نادات، بگرە کەشفکردنی دیوە رازهەڵگر و شیفرەدارەکانی بە ئێمە دەسپێرێت، واتە هەر تەنیا بە ئامادەبوونی لە هەمبەر وەرگردا ئەمانە دەستەبەر ناکات، بەڵکو لە پەیڤەکان ئاماژە و وێنە و ئیـقـاعێک دروست دەکات و لـە خەیاڵدا دەیکات بەجیـهـانێکی هەسـتـەوەرکاری ئەو ئەفریدەیەیش ئەوە نـیـیــە کــە هەمـوو شــتـێک شی بکاتەوە بگرە پێداویسـتی بەوەیش هـەیە کـە بە پرۆسـەی هەرسکردنێکی هەسـتیـاردا رابوورێت، بێگومـان شـیـعـر ئاوێنە نییـە، لەبەرئەوەی ئـەگەر وابووایە ئەوا، بەدەردەبوو لە خـوڵقاندن، خوڵقاندن بەمـانای هونەراندن و بەفانتـازیکردنـی دنیـای واقیـع و پێشکێشکردنی دنیـایەکی تەواو روحی و مـانەوەی ئەفسووناوی نەهێشتنەوەی لە فۆرم و شەقڵێکی فـۆتۆگرافـیـانەدا، دەق ئەمـە ئەو دنیـایەیە کـە لەم چامـانەدا دەرکی پێ دەکـەین و لە بێ تـانوپۆیی کووچە و کۆڵان و شار و نیشتمانە پەیڤچنەکانیدا پەی بەخۆمان دەبەین و دەزانین کە ئەوە خودی ئێمـەیە و کـەوتـووەتە ناو دنیاکەیەوە و ئەوەیش ئـەو کەتوارەیە کە بنەوانی را و بۆچوونـەکانێتی و بەبێ یەک تـۆزقـاڵ کێـشـمـەکێـشکاری دەتوانێت تۆپـۆگرافیـاکانی دیاری بکات و دیسـان لـەسـەر لاپەڕەکانی ئاوازی خۆیدا ڕەسمی بکاتەوە.

بێگومـان ئـەدەب هەمـوو کات شـەیدای ئەوەیە کە لـەژێر کارکردەکانی ژینگە و واقـیـعدا لە مرۆ بکۆڵێتەوە و بـە وردبینییـەوە شـتی تازەتری لێوە هـەڵگوێزێ و ئاوات و ئامانجـە دیار و نادیارەکانی بدۆزێتەوە، بەو واتایەی کە (مـوعاناتی سەردەمی ئەو چییە و لە پای چیدایە)، ئینجا بەدواداچوونی بۆ دیتنەوەی چارەسـەری گونجاو و لەبار لە پێناوی بەختەوەریی ئەودا بێت، لە سەرتاپای رووبەری هۆنراوەکاندا ماناکان لە شوێنی خۆیاندان، لەودیو پەیڤـەکانەوە، لـە شوێنێکی تردا قـەتیس نین، و نووسـینەوەی کڵۆڵییەکانی مرۆ بەرعـەکـەس دەکەنەوە و بەهایەکی گەورە بۆ ئازارەکانی دادەنێن و

دەیکەنە پرسی پڕ بایەخی هەر یەکێ لە قەسیدەکان و تاق و تەنیایش بۆ کۆژانەکان بە قەتیسماویی جێمان ناهێڵن.

بێجگە لەوەیش بەشێکی زۆری چامەکانیش کەسایەتییە مێژوویی و ئەدەبی و هونەرییەکانی دنیا یاخۆ سەربووردە دانسقەکانیان دەکەنە دەمامک و یەک یەک لەگەڵ درامایەکی بەکارامەیی چنراو تێکەڵکێشیان دەکات و هەندێکیش لەو کەسایەتییانە ناسراوی و شۆرەتیان بە بارتەقای خودی جیهان خۆیەتی و کونج و قوژبنەکانی سەرانسەری بوونیشیان گرتووەتەوە، سیلڤادۆردالی شێوەکاری سوریالیست، واڵت ویتمانی شاعیری ئازادیخوازی ئەمەریکایی، مەولانا جەلالەدینی رۆمی شاعیری میستیکیی ئێرانی، پابلۆ پیکاسۆی شێوەکاری بەرەچەڵەک ئیسپانیایی و گەلێکی تریش بۆ ئێمە بەدیار دەخەن و یەکبوونی هەستی مرۆیی ئەو کەسایەتییە جیهانیانە دووپات دەکات و بە شاعیرەوە گرێیان دەدات، تا وای لێ دێت لە بۆتە و قالبی شیعرەکاندا سەقام دەگرن و دەبنە کاراکتەری ئایدیاڵیی بەسێنتەمێنت و لێوانلێو لە خۆشەویستی.

دیارە وەکو ئەزموونێکی روحییانە، شاعیر بەو هەڵوێستانەدا تێ پەڕیوە کە ئەوانی تر پێیدا، رابردوون و هەندێ جاریش بەسەر یەکێک لەو کاراکتەرانەدا پراکتیزەی دەکات بە هیوای ئەوەی لە روانگەی ژیانییەوە تفتوتاڵاوی واقیعە دەرەکی و ناوکۆییەکەی خۆی بخاتە بەرچاو و بەمانەیشدا توانستی شاعیر، لە تێڕوانینی بۆ کەسایەتییەکانی مێژوو لە دنیابینی خۆیەوە، دەردەکەوێت، ئەم کاراکتەرانەیش سەرەڕای هەمەجۆریی ڕەوتی ژیان و فەلسەفەکانیان هیوومانین و نووسین لە بارەیانەوە تەقەللایەکە بۆ ئازادی وەدەستهێنان، ئازادی کە تاقە جەوهەرێکە و شاعیر بەبڕیار و جەختەوە دەیگۆڕێتەوە بە ژیانی خۆی و دەبێتە، کەسێتییەکی یاخی و خۆی بەخت دەکات، تا ئێرە ئەو پرسانەمان لە بەردەمدا قوت دەبنەوە، کە بۆچی ئەم کەسایەتییانە دەبنە دەنگ و ڕەنگی سەرەکی و سپەیسی ناو چامەکان، دەخەنە ژێر قەڵەمڕەوی خۆیان؟ لە هەقیقەتدا بەیاتی لەبەر ئاست و قووڵیی، رەهەندەکانی ئەم کەسێتییانە، وەک ماسک بەکاریان، دەهێنێت و لە پشتیانەوە خۆی مەڵاس دەدات و دەنگی خۆی بەوان دەبەخشێت و لەو شتانە گوزارە دەکات کە بابەت و خواستی خودی خۆین، بێگومان ئەگەر لە زیندەگی هەر یەکێک لەوانە بکۆڵینەوە و چاوێک بە ڕیزبەندیی ژیانی سەردەمەکەیان بگێڕین بۆمان روون دەبێتەوە کە زۆربەیان مرۆپەروەر و عاشقی موتەسەووفن و وێنەیەکی بێ گرێ و ڕاستەقینەی هیوومانین و چوونەتە بۆتەی کەلەپوور و بوونەتە ئەفسانە و پەیگیرن لەسەر جێهێشتنی کاریگەری، بەو حوکمەیش کە ئەوانە گەڵاڵە و سەرتوێژ و ئیلیتی مەردوومن و لەگەڵ ناواخن و هەستی ئەودا یەک دەگرنەوە، پەنای بردووەتە بەریان و لەمیانیانەوە زاتی خۆی دێنێتە دی، نەک وەکو خودێکی ئەبستراکت، بگرە جۆری سەبژێکتێکی خۆسەپێن، جۆری واقیعێکی دژوار و بەتاڵاو گەمارۆدراو، هەروەکو (تەها حوسێن)یش ئاماژەی، پێ کردووە و دەڵێت: مانای وانییە کە ئیتر شتێکی تایبەتمەندە و هەر بە تەنیا لە خزمەتی خواست و مگێزەکانی ئەودایە، بگرە شتە تایبەتمەندەکانیش لەناو شتە گشتییەکاندا دەتوێنێتەوە و بەلای ئەوەوە دەبن بە شتی هاوبەش و گشتی و ئەگەر ئەو واقیعە مەینەتبار و پڕ گازاندە و

کارەساتئامێزە لە سنووری تەنیا کەسێک دەرنەچێت و گەورەتر نەبێت لە پێوستییە ناچیزەکان، ئەوا ناخرێتە ناو بۆتەی ئەو چرکەساتە ئیبداعییانەی کە بەناو ئاسمانی کامڵبوونێکی بەرجەستەتری شاعیردا هەڵدەزنێن، ئەو شتە دانسقانەی کە بەیاتی لێیانەوە دەئاخفێت بەشێک لە رووبەر و پانتاییی دنیا شیعرییەکان بۆ خۆیان پاوان دەکەن، کە ئەوانیش نامۆبوون و گومگە شتەبوونی مرۆن، هەمبەر بەدنیای دەرەوە، هەموو موعاناتێکیش کە ئەو ئازمایشی کردووە و دووچاری چەرمەسەری بووە بەهۆیەوە، رەوایە بەسەر هەر مرۆیەکی خاکەسار و هەڵەتەی ئەم جیهانە بێرەحمەدا گوزەر بکات، ئارتۆر رامبۆ بۆچوونێکی هەیە دەڵێ: ئێمە ناتوانین ژیانێکی تر بخوڵقێنین کە لەم ژیانە گەلێک عاجباتیتر و وەحشیانەتر بێت. هەر ئەو زیندەگییەشە کە بووەتە وەسوەسە و ماخۆلیای قووڵی بەیاتی، لەگەڵ ئەوەیشدا ناتوانین هەر تەنیا بە خەم و خەفەت و کەسەرێکی رۆهەڵاتیانە ناوزەدی بکەین، لەبەرئەوەی ئەو جۆری شاعیری مەکسیکایی (ئۆکتاڤیۆپاز) بە قووڵاییەکانی فەلسەفەی رۆهەڵاتدا شۆڕ نابێتە خوارەوە و تەبەننی گشت رەهەندەکانی ناکات، بگرە نەخشەیەکی بەرتەسکتری دەگرێ بەدەستەوە و بەو دیوەی تریشدا کەلەپووری بۆماوەی جیهان بە موڵکی مرۆیەتی دەزانێت و لەگەڵ قەسیدەکاندا متوورفە و تێهەڵکێشیان دەکات و لە روانگە و دیدێکی کراوەوە مەسەلەکانی بوون، و ژیان دەبینێت، رۆژییە گاروودی لە شوێنێکدا دەڵێت: ئەو هونەرمەندەی کە بتوانێ کەڵک لە کەلەپووری هونەری رابردوو وەربگرێت ئەوا لەسەر بناخەی ئەم کەڵک وەرگرتنە گەلێک رێگەی تازەتر بۆ دەربڕین دەدۆزێتەوە، ئەو رێگە تازانەیش لەگەڵ گیروگرفتی ئەم چەرخەماندا دەگونجێت، ئەگەر ئەمەیش شتێک بگەیەنێت پێویستە ئەوە بێت کە لەگەڵ تەبەننیکردنی بابەتی هارمۆنی بەو سەردەمەی کە گۆڕانکارییەکان شکڵی دیاری دەکەن، ئامرازەکانی دەربڕینیش دەبێ خۆیان لەناو ئەو شەرتبەندییە نوێیەدا کەش بکەنەوە، هونەر یاخۆ ئەدەب کەرەستەی سەرهەڵدانی ناتەبایی و هاودژییە و جمکی یاخیبوونیشە، ئەگەر نەشونما بکات و گەورە بێت، ئەوا دەبێتە گۆشکەری بزاڤێکی رۆشنبیری و رەنگە کۆمەڵایەتیش، ئەگەر مێژوویش کەشوبای هەمواری بۆ ئەو نەشونماکردنە فەراهەم کرد ئەوا هەرگیز وەرناچەرخێتە سەر ڕەوتێکی دژ و چەواشە، لێرەدا دیارە کە جووڵانەوەی مێژوو چەند کاریگەرە بۆ سەرەوژێرکردنی سەرجەم پێوەندییە کەونار ڕەگاژۆکان و دەکرێ بڵێین ئەگەر هەلومەرجی بەجێ بۆ ئەو مەسەلەیە پێ نەگەیشتن بێ، ئەوە بەسەر شاعیردا ناسەپێت کە هەوڵی ئاوەژووکردنەوەی واقیعەکە بدات، و بەشێوەیەکی لەوەکەی پێشوو تراجیدیانەتر گوزارەی لە تەکدا بکات، ئەگەر واقیعەکەی بەیاتیش لەو جۆرە نەبووایە ئەوا نەیدەتوانی ببێتە مرۆیەکی رۆمانسی شۆڕشگێڕ و هەرچی شتێک کە هەستی پێ دەکات و لە ئەندێشە و خەیاڵیدا کۆ دەبێتەوە، بە شێوازێکی رۆمانتیکییانەی تراجیدی بە دوو توێی ڕووبەرە کاغەزییە سپییەکانی بسپێرێت کە لە یادەوەریی دەستەجەمعیدا ماوەیەکی درێژخایەن بە زیندوویی دەمێننەوە، هەتا هەنووکەی حازریش کەم کەس هەیە پەی بەوە نەبردبێت کە ئەدەب ماتەریاڵ و کەرەستەی بنیاتی و بنچینەیی وەرچەرخان و گۆڕانکارییەکانە و بەرپەرچدانەوە و بەرسڤێکە بۆ پرسی شەڕانگێزی و ناجێگیرییەکانی دنیا، ئەوەی کە ڕوون و

ئاشکراشـە، ئەدەبێک خۆی لە نەگەتیڤدا نقووم کردبێت تەنیـا لە کۆنسـێپتـێکی ناهیـوومـانی و تاگرەهەنددا بوونی هەیە کـە لەوانەیە ئەویش پیاهەڵگوتن بێت بە بزاڤ و رێبـازێکی فیکری یاخۆ سیاسیی بەرتەسک و دژ بە پێشـووەچوون و ئیزافەکاری تازە بۆ سەر کەلەپووری شـارستانیـەتی، بێگومـان ئـەم تەرحـە ئەدەبە بەشـێـوەیەک لە شـێـوەکـان سـەرنوێشـتی خـۆی دیاری کـردووە و خۆشبەختانە سنوورێکی کورت و کاتەکییانە لە پەراوێزی شتەکاندا بۆ خۆ بەرزەفت کردووە و لە تاقە خولگەیەکدا بە زێواری خۆدا دەخولێنەوە و وێنەی ئەستێرە کشاوەکان خودانی رۆشناییەکن کە لە گیانەلادا لەدایک دەبن و دەمرن، ئەو ئایدیایانەیش شتاقیان لەناو خەڵکیدا بڵاو نەبوونەتەوە، هەر تـەنیـا بۆ ئـەوە نەبێت کـە بێـزەوەرییـان بـەدەست بهـێـنن و بگرە هـەر لە مـێـژیشـەوە بیـری کاپیتالیستی و ستەمکردن و لە تەک ئەمانـەیشدا رەنجەرۆیی و بێچارەیی و مەئیووسی بەرامبەر بە زیندەگی لە یەک پنتدا یەک دەگرنەوە کە ئەویش دەستتێوەردانی چینەکانی سەرەوەیە و پێبەپێ خۆ دیتنەوەیە لە دنیای تاکرەوێتیدا، واتە چارەدانیان بۆ ئیندیڤیدوالێتی و سەربەستیی تاکرەویی (کە ئەمەیش تەنیا لە خوددا بەرجەستە دەبێت) و فەرد ئەو قەڵەمرەوەی دەبێت گۆڕانکاری بهێنێتە دی و بیکات بە فـاکتێک لە ژیانی کـۆمـەڵایەتیدا، دیارە هەمـوو خـامـەیەکیش پێداویستی بە پرەنسـیپی تایبـەتمەند هەیە، کـە خـوێندنەوە و دنیـابینی نووسـەر ئاراستـە بکات و پانتـایی و نووسـینەکـانی دەسـتـەمـۆ و کۆنتـرۆڵ بکات، لێرەیشـدا شـتێکی زیانگەیێن نابێت ئـەگەر بێجگە لە پاشـخـانی رۆشنبیری، بە هـەندێک تەفاسیلی ژیانی قـەڵەمدارەکان خۆمـان دەوڵەمـەند بکەین و تێکستـەکان بکەینە رووبەرێک بۆ لە مـەحـەکـدانی ئینسـانێـتی ئەزمـوون و کـەشـفکردنی کـاراکتـەری فیـکر و بیرکردنەوەی هەڵگرانیان. ئێستەکە ئیدی ئەم دێباجەیە دەتوانێ دنیایەکی ناسنامەدار بەرجەستە بکات، کەواتە بەجێیە بەشێوەیەکی پراکتیکیانە ئەم دنیایە لە کەرەستەی شیعرەکان بخولقێنین، بەسـەرنجدانێکی خێرا بەسـەرجـەمی بەرهـەمـە شیـعرییەکانی ئەم پێشـەنگەی شـیعری تازەگـەریی عەرەبی، ئەوە خۆی بەدەستەوە دەدات، کە فەزای چامەکانی تێکەڵە و ئاوێتەیەکی واقیع و سیمبوڵە مێتۆلۆجییەکانە و باڵاییەکی سەرئاسا بەداهێنان دەدات، ئەوەتا خۆی لە شوێنێکدا رادەگەیەنێت کە (شیعر عەکسکردنەوەیەک نییە بۆ واقیع، بگرە داهێنانی واقیعە) و لەو میانەیشەوە گەرەکێتی بیبوێرێت و بەرەو داهاتوویەکی جیاواز تێپەڕێنێت. وشەکانی لەو وشـە زیاترن، زۆرجار لە خـودی ژیانیش زیندووترن و تاکە پەیڤێک جۆری دنیایەک خۆی نومایان دەکات و لێوڕێژە لە یادەوەری و خەون و فانتازیا، بەتێرامـانێکی سەرپێییش، دەکرێ (گەوهـەری شیـعری راستـەقینە) لە روحیـاندا گەمارۆ بدرێت:

هەتا دوا دێریش دەنووسم شکست ناخۆم.
دەبا لەنێو قوببەی ئەم شەوە شینەدا بخۆینەوە.
هەتا شەوی جاویدانمان بەسەردا دێ و لەناو سکی، عەرزا خەو دەمانباتەوە....

شانشینی گوڵەگەنم ل ٣٧

دیارە هەمـوو شـتـێکی ناوەتە لاوە، شکست بەدەرەوە و تا کـۆتایی نابەزێنرێت و لەناو شـەوێکی

بێکۆتا کە نەمانە دەچێتە دنیای جاویدانی و لەناو منداڵدانی زەویدا خۆی بەخەو دەسپێرێت تا خەونەکانی لەدایکبوونێکی تر گەمارۆی بدەن، لەبەرئەوەی مردن بۆ ئەو لە راستیدا کۆتایی نییە، یەکانگیربوونە بە هاتنە دنیایەکی تازەوە.

(بە براویی سەرم بەردەبێتەوە نێو دەفری سوڵتان و کەچی هێشتایش کۆچی عومری، خۆمم دەست پێ نەکردووە....)

شانشینی گوڵەگەنم ل ٦٥

لە دەستپێکی ژیان کردن بێبەری دەکرێت، نەفرەت شاباش دەکات، ئەو نوێنەری خۆی نییە، ژیانی لەگەڵ کۆمەڵێ خەڵکی تر هاوبەشە، ژیانی ناکەوێتە سەر شەقامی تەمەن بۆ ئەوەی بە نۆرماڵی بگاتە مەنزڵگە، بەختەوەریی ئازمانیش بکات و دەنگی بەشێوەیەک سەرهەڵبدات پڕاوپڕ بێت لە باوەڕبەخۆبوون و دڵنیایی، بەڵام ئەم دەنگی گازاندە و مەحکوومکردن دەخاتە قەبارەیەکی ترەوە و ئەوە بەرجەستە دەکات کە چۆن مرۆ لەژێر زەبری دەسەڵاتی دیسپۆتیکدا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و لە دەرەوەی، هەموو بەها و نرخێک تێی دەڕوانرێت و بەختی زەمەن و سەردەمەکە دەبێت.

گێژەڵووکەیەکی خوێنین بە زەمین لەرزە و برووسکەوە.

لەسەر گۆی زەوی هەڵدەکات.

ئەم شەوە دەبێتە رۆژ و رەشیش دەبێتە سپی و...

شانیشنی گوڵەگەنم ل ٥٦

بە هەڵکردنی ئەم تووڕەییەی سروشت هەموو شتێک گۆڕان لەخۆ دەگرێت و جێگیر نامێنێتەوە، ئەوەی کە شەقڵ دەگرێت مۆتەکەی شەو رادەماڵێت، تاریکاریی دەتەکێنێ و کێشە و گرفتەکان لەو گۆڕانەوە چارەسەر بۆ خۆیان هەڵدەهێنجن.

شاعیر بە دوورخراوەیی یاخۆ بەخۆکوشتوویی یاخۆ بەشێتی یاخۆ دیلێتی.

یاخۆ بە خوڵامیی ئا لەم پەڵە رەشانە و ئا لەو قەفەزە زێڕینانەدا دەمرێت، لە کاتێکدا میللەتی رووتوقووت و گیرۆدە.

لە سنووری ئاوەوە بۆ سنووری ئاو.

بەهێووریی، لەژێر قامچییەکانی تیرۆر.

تاق و تەنیا و گۆشەپەرێز و بێزراوو.

بێوەر لە تەک قەفەزەکان بۆ خۆی دەمرێت....

شانشینی گوڵەگەنم ل ٧٣-٧٤

هەردوو، شاعیر و رووت و رەجاڵەکان خەون بەخرۆشانێکەوە دەبینن، کە نایەتە دی ئیدی هەردوو لا لەناو هاوکێشەی یەک مردندا خۆیان دەبیننەوە، دیارە ئەم بۆ ئەوە کۆچ ناکات تا لە هەست و سۆز و ویستەکانی داماڵرێت و بەرەو جێ مەبەستێکی نادیار بڕوات، بگرە جگە لە مانەی کە وەکو جانتای سەفەر پەیگیرن یادەوەرییەکانیشی دەبنە زەوادەی رێگەیەکی بێدوایی، گریمان

ئەگەر توانی دەروون و بیر و ئاوەزیشی، لەو شتانە رووتکار بکات – کە مەحاڵە– هێشتایش هەر نابێتە کەسێکی جیاواز، لەبەرئەوەی نامۆیی هەندێ خەسڵەتی ئەوتۆی تێدایە وای لێ دەکات کۆمپەراسیۆن بهێنێتە ناو دیدگەیەکی خۆی، ئاوڕ بداتەوە، و ئەو پرسیارانە لە بەردەمیدا قوت بنەوە کە لە هەنووکەیدا، رایەڵەکانی ژیانی بەهێزتر دەکەن، بەشێوەیەک کە هەستی رابردوو تۆخ دەبێتەوە و نەخشەکانی دەکەونە ناو کیشورەی داهاتووەوە.

ئیدی ئەمە جیاکارییەکانی شیعرە و تێکەڵکێشکردنی زەمەنەکانی لێوە بەدی دێت و ماناکان خۆیان رادەگەیەنن. بەڵام حاڵەتی وایش هەیە کە کارفەما پێچەوانە دەکەوێتەوە، سەرگوم عاتیفەیەکی پێداگری بۆ هەموو ئەو شتانە هەیە لێیان دوور کەوتووەتەوە، وێڕای ئەمەیش هەستکردن بەهاتوو لە ڕووی، ئەو عاتیفەیەدا جێگیرە.

سپێتی بەسەرسەرما هەڵگەڕاوە و منیش هێشتا مێردمنداڵم.

هێشتا نەکەوتوومەتە گەڕان و کۆچەکانم.

ئەگەرچی خەییام بە ئاگری خۆشەویستی گڕی گرت و، لە مەیخانەی قەدەرەکاندا بووە دەرگاوان، کەچی ئەوەتا من لە دەوری ئاتەشدا پەروانەیەکم.

هێشتا هەر دەخولێمەوە و، بە مەخمووریی شەوەکەی خۆم بەسەردەبەم...

شانشینی گوڵەگەنم ل ٥٩

بەڵگەنەویستە کە هەوڵدان و مشوورخواردنی ئەم بۆ ژیانێکی کەرامەتدار و بە بەها و پڕ مانا و خۆبەختکردنی لە پێناوی پرسێکدا وای لێ دەکات لە ژینگەکەدا، تروسکاییی ژیانێکی شەرافەتمەندانە نەبینێ و لە جێگەیەکی شایستەدا حەوانەوەی نەبێت و بەردەوام شپرزەیی و دڕدۆنگیی لە چەقی ژیانیدا بالادەست بن، بۆ ئەو پرسە هەردەم لە سەنگوسووژ بەختکردنی زیندەگی دریغی ناکات و شتێکی گرینگ بەزایە دەدات کە ئەویش سەرچاوەی بەردەوامییە، دەیەوێ بپرسێت بێجگە لەوان کێ ئۆخژن و تام و چەشەی ژیان دەستەبەر دەکات؟ بێجگە لە ئێمە کێ تەمەنی بەبێ راوەدوونان تێ پەڕاندووە؟ ئیدی ئا بەم جۆرە میلانکۆلیا سێبەری خۆی بڵاو دەکاتەوە و هەڵکردنێک لە دەست دەچێت و ترێنی وەرزەکانی تر دەڕەوێنەوە و وێستگەی پایز میهری دەبێ تا بەسەریدا بیوەرێنێتە خوارێ. بە دەمارەکانما ژەهر دەگەڕێت، دڵۆپەکانی خوێنم تینووانە هاوار دەکەن و دەڵێت: خۆشم دەوێی یانێخۆ خۆشم دەویستی، ئێستاکە ئیدی نازانم، ئەوەتانێ لە شەوێکدا من پەلەکوتێ دەکەم و، تینوو بەسەر قەدەحەکەمەوە دەمرم، مەیخانەکانی گشت دونیا و چایخانەکانی سەرشۆستەی، بەربەیانە غەمبارەکانیش دەمناسن....

شانشینی گوڵەگەنم ل٦٢

مەستیی توێیەکی ترە و لەناو خۆیدا لە واقیعە جودا و رمۆکەکە دای دەبڕێت، ئەم لە نێوەندەکەی خۆیدا نییە، رەهەندەیە، دوور خرێنراوەتەوە و غوربەتەکەی لەو جیهانەوە سەرچاوە دەگرێت کە شیعر دەداتە دواوە و نکوڵی لە بەهاکەی دەکات، ئەو غوربەتە قووڵەیش بەرکەماڵیی بە ئەزموونە

شیعرییەکە دەدات و داهێنان دێنێتە دی، ئیدی ژیانی شەو سێبەری بەسەردا دەکات، درەنگ وەختێک هەڵکڕووزان یەخەی گرتووە و پەلەقاژێی مەستیی دەکات، کابرایەکە هەر بە تەنیا مەیخانە و چایخانە و شۆستە و گزنگە خەمگینەکانی دنیا دەیناسن و دەزانن مەنفا بووەتە نیشتمانی شیعرەکانی و بۆ کوێ بڕوات خەم و کەسەرەکانی وەکو تریفە پەرشوبڵاوی دەوروبەر دەکات.

دەشێ مرۆ ڕاستەوخۆ زۆر شت لە ژیانەوە هەڵهێنجێ و سەرومڕ لە تاقیکردنەوەدا خۆی ببینێتەوە، بەڵام ئەگەر لاسایی بکاتەوە ئەوا لاساییکردنەوەی ئەو بۆ ئێمە چی دەگەیەنێت؟ لشتنشتاینی شێوەکار دەڵێت: (دزێوییە وێنەی یەکێکی تر دووبارە بکەینەوە) وێنە لێرەدا واتە ئەزموون، لاساییکردنەوەیش واتە دووبارەکردنەوەی ئەزموونی یەکێکی تر، واتە بێ ئەزموونیی کەسی لاساییکەرەوە، ئەگەر بەم پێیە داهێنانەکانیش لە بارەی پەرنسیپەوە جوداوازییان نەبێت و کەرەستەی ناوەڕۆک و فۆرم و ئامرازەکانیش لەیەکەوە نێزیک بن، ئەوا جیاوازیی سەرەکی لەوەدا شەقڵ دەگرێت کە ئەو تاکە داهێنەرە چ جۆرە شێوازێک دەخاتە پراتیکەوە، چ چارەسەرێک هەڵدەبژێرێت و بە وێنە و نووسینەکەی کاراکتەرێکی جیاکار و سەربەخۆ دەگەیەنێ، بەیاتی هەربەهەمان شێوە، ئەو مەسەلانە بەسەر دەکاتەوە کە کەم و زۆر شاعیرانی تریش لێیەوە دواون، بەڵام هەرگیز نەدووپاتەی ئەوان و نە دووپاتەی خودی خۆیشی دەکاتەوە، لەبەرئەوەی ئەو ڕێڕەو و ستایلێکی تایبەتمەندی هەیە و تەنانەت دەکرێ لە شیعرێکەوە بۆ شیعرێکی تر پەی بەجیاوازبوونی شێوازەکەی ببرێت و لە تان و پۆیاندا ئەو پرسانە بە شەفافی بەدی بکرێت، ڕەنگە ئایدیای هەندێک لە شیعرەکان شاعیرانی تریش دایان ڕشتبێ، بەڵام بە شێوازێکی جوداخواز ئەگەرچیش هاوئاهەنگییەک لە دید و دنیابینیدا هەیە.

جیهان تاراوگەی نێو تاراوگەیە و مەردوومیش بارمتەن.
هەندێکیان ئا لەم بستە زەمینە و لەو هەرێمە بەربەرینە
بۆسە بۆ هەندێکی تریان دەنێنەوە....

شانشینی گوڵەگەنم ل١٠٧

لە دنیاکەی بەیاتیدا کێبەرکێ بەردەوامە، مرۆ ئەسڵە و درەوشاوەترین ئەستێرەی کەشکەڵانەکانی بوونە و لە گۆڕانکارییەکان بەرپرسە.

سەردەمێک دێت یاخۆ زەمانێک کە تیایدا.
مرۆ لەگەڵ برا مرۆکەی خۆیدا هاوتا دەبێ و (دەبێتە پادشای حەوت فەلەک)...

شانشینی گوڵەگەنم ل٣٥

لێرەدا ئەگەرچیش هەقیقەتە رووالەتی و بابەتییەکان لە بەرچاو گیراون و قووڵاییەکان نەخراونەتە بەر رووناکی کەچی زمان شکڵی پیتەکان دەکێشێ و سادەیی قووڵیی و دەلالەت دەگرێتە خۆی.

– ئێستە چی دەنووسیتەوە؟

- ببووره من هیچ شتێک نانووسمەوە.
بگرە هەر ئا لە و کاتەوەی کە عائیشە خۆی کوشتووە.
یانێخۆ کۆچی کردووە، چونکە مەرگیش هەر فیرافە و پێچەوانەکەشی هەر راستە و شاعیریش ئینسانە وەکو من یاخۆ تۆ:
مێژووی نییە، لە مێژووی روح بەولاوە...

شانشینی گوڵەگەنم ل٤٧

ئاخۆ داڵدەیەک ئا لەم دنیا بێبەزەییە بەرزەفت دەکات ئەگەر بێتو شاعیر لە چەقچەقۆکە پڕ لە عاجباتی و جادووییەکانی شیعرەوە بێتە دەرێ هەست بەچی دەکات کاتێ لە داستانە مەزنەکانی جیهان و ئەو عیشقە میستیکییانە رادەمێنێ کە سەردەمی دێرین دیاردە بووە و برێک لە عاشقانی ناوەوە پێیەوە تلاونەتەوە، لەگەڵ ئەو جووڵانەوە باو و پێشکەوتووەی کە لە سەروبەندی ئێستەدا پەرەی سەندووە بەراورد دەکات و هەردوو سەردەمە جیاوازەکە و بەرزبوونەوەی رادەی هەست و سۆز و گۆڕانی خۆشەویستی و هەنگاونان بەرەو ئەوەی کە ببێتە پێوەندییەکی مرۆیانە، پتر لەوەی کە ئەنگێزەیەکی بەراییانە بێت، لەبەرئەوەی بەیاتی، عائیشە وەکو سیمبولی ئازادی دەهێنێتەوە و کە کۆچیش دەکات ئیدی خۆشەویستی نییە شتەکان بگۆڕێت و ئیدی سەبارەت بەو لەغیابی خۆشەویستیدا ئازادیش ون دەبێت.
خۆشەویستی دووکەڵە...

شانشینی گوڵەگەنم ل٥٥

ئەمە کلۆکۆ دامرکانێکی مەزنە و بەهایەکی باڵا بە پێوەندی خۆشەویستی دەدات و شیعرییەتێکی نایاب دەرگیری ئەو دێرە دەکات کە تێیدا دۆخی ئەوین بەر تێرامان و تەئەموول دەکەوێت، ئێمەیش بە قووڵاییەکان ئاشنا دەبین و روحمان دنیایەک فەتح دەکات کە هەر تەنیا خۆی دەتوانێ بیخوڵقێنێ، دیارە بەیاتی لە گۆشەنیگای ئەزموونەکانەوە شتی باو ئاسایی ریئاڵەکە ئاودیوی چوارچێوەی وێنە نامەئلووفە شیعرییەکان دەکات و بارودۆخێکی مەوزوعییانە دەگوازێتەوە ناو دەقەکان، ئەگەرچی ئەو لە مەردووم دابڕاو نییە، بەڵام مێژووەکەی مێژووی روحێتی کە ناتوانێت بیکاتە شتێکی بێهوودە و بیداتە دەست شەپۆلی خەفەکەری وەرسبوون و کوڵدان، تا بە ئارەزووی خۆی بیکێشێ بە کەنارە سەختەکانی تێشکان، بەڵام مرۆ هەرچەندە سۆزدارییەکەی قووڵ بێ دوایی بێت و شارەزاییەکەی دەست لە دووندی خۆشەویستی بدات چ سوودێکی هەیە؟ بێگومان هەست و سۆز داڵدەی دەدەن، تاکو دەرک بە بچووکترین شتیش بکات، بەڵام هەموو خۆشەویستییەک ئەزموونێکی تازەی ترە، تەواو لەوەی پێشووتری جودایە و بەچەردەیەک کۆت و بەندی ترەوە لکێنراون! بەمەیش کۆژانێکی بێپیایان دەکەوێتە ئەزموونەکەیەوە تا هەست بە تالاوی دەوروبەر بکات و لە بارودۆخی ئینسان و سروشتی رازە سایکۆلۆجییەکانی خورد بێتەوە و ئازارەکانی بکات بە ئاوێنە و خۆی تێدا ببینێتەوە، ئەو هەردەم سەوا لەگەڵ

ئازارەکاندا دەکات، ئەراگۆن ئاسـا نالێت: (با شـاعیر شـاربەدەر بکەین/ چونکە لـە شـاردا شک نابەین، کاتێکی فراوان بۆ ئازار) بەرگەی موعاناتەکان دەگرێت، شاعیر بیرخەرەوەیە بۆیە بێزراوە، تۆخکەرەوەی ئەو شـتـانـەیە کـە داواکـارییـەکی پەیگیـریان هـەیە کـە ئەویش سـەرپێـچـیـیـە لە ئازارچەشتن، پێبەپێی ئەمە شارە لە ئازار بێزارەکەی ئەراگۆنیشی کۆمارێکە و جودا نییە لەوەکەی ئەفلاتوون، بەهەمان شێوە شاعیر دەربڕی ئازارە قووڵەکانە و بەئاگاهێنەرەوەی مرۆڤە لە مەینەتی و بەلەنگازییە بێئەندازەکانی، شار یۆتۆپیایەک نییە تا چیی تر پێداویستی بەوە نەبێت کە تەرحی داماوی و کوێرەوەرییەکان بکات، بگرە تاریکیستانێکە و پێویستـە ئەم بە دەردی نازم حیکمەت وتەنی چەشنی مۆمێک تێیدا بسووتێت تا کونجێک بۆ ئەوانە رۆشن بکاتەوە کە لـە نووتەکیدا هەڵدەکەن.

شاعیر بە دوورخراوەیی یان بەخۆکوشتوویی یاخۆ بەشێتی یاخۆ دیلێتی.

یاخۆ بە خوڵامیی ئا لەم پەڵە ڕەشانە و ئا لەو قەفەزە زێڕینانەدا دەمرێت...

شانشینی گوڵەگەنم ل٧٣

کە لەسەر ئاشتانە دوورەکانی دنیادا دەمرێت، ناکەوێتە ئامێزی رەهای مردنەوە، بگرە دەکەوێتە ناو سـەفـەرێکی مـوتڵـەقـەوە، سـەفـەرێک بەناو دنیـای هـەرمـانی و نوێبـوونـەوە، کـە سـەرەتـایە بۆ چووزەرەکردنی سەرلەنوێی ژیان و گۆڕانێکی جەدەلییانە، ئەو لەناو خواستی مردندا نوقوم نابێت، بگرە دەرگەی تاراوگە ئەبەدییەکەی لە پێشوازیدا ئـاوەڵا دەکاتەوە بۆ ئەوەی بتوانێت لەگەڵ روحی خاکە دوورەدەست و جێهێڵراوەکەی و سەردەمە شڵەژاوەکەیدا یەکانگیر بێت و بکەوێتە دنیایەکەوە تێیدا هەست بە هاتنەدی خەیاڵە قووڵ و بێسنوورەکەی بکات و دیسانەوە هەناسە بێدەنگەکانی وەگەڕ بخات. ئەو جاویدێکە لەژێر قامچی تیرۆری بەربەرییەکاندا رەوانەی دنیای جاویدانی دەکرێت، هێزێکی لەبن نەهاتوو دەووری دەدات، دیکتاتۆر دەمرێ و شاعیر دەمێنێ...

شانشینی گوڵەگەنم ل٩٢

هەر تەنیا ئەو واناڵێت، شاعیرێکی یوگسلافیش دەڵێت: شاعیران تاکە کەسن لەم جیهانەدا کە داگیرکاران ناتوانن وڵاتی شیعریان لێ داگیر بکەن... دیکتاتۆر و پیاوکوژ و داگیرکار دەمرن و شاعیر دەمێنێ.. قامچی و شمشێر و تێهەڵدان ناتوانن سەربڵندیی شاعیر بکوژن، لەبەرئەوەی سەربەرزی شاعیر لەناو وشەدا جێگیر بووە، کێ دەتوانێ سەربەرزی وشە بکوژێت؟. کەواتە مردنی ئەو داینەمۆیەکە، روحێکە و دەکرێ بە بەرگیانی بزاڤی سەرفرازیدا و زیندوو دەیهێڵێتەوە، شاعیر تیرۆریستە دژی تیرۆر.

ئەو لە پاڵتۆی شۆڕشکارانی مێژووەوە دەردەچێت و لە پاڵتۆکەی ئەویشـەوە شۆڕشکارەکان دەردەچن...

شانشینی گوڵەگەنم ل٨٢

بەبۆچوونی بەیاتی، شیعر پڕکێشی و سەرەڕۆیی روحە یاخییەکانە، سپەیسێکە مرۆ نوێ

دەکاتەوە و لەسەر گۆشکردنێکی یاخییانە رایدەهێنێت، لەبەرئەوەی دنیا بە گوێرەی یاسای ناتۆراڵی پێداویستیی بە گۆرانە، بۆیە رێگەی گۆرانێکی بەردەوامی گرتووەتە بەر و بەبارتەقای مەودا کاتەکییە چرکەییەکانش دەگۆڕێت، مرۆیش هەر ئەم یاسایەی بۆ خۆی دیاری کردووە و باوەڕی بە پرەنسیپەکەی هێناوە. ئەوەی تەکامولێکی مرۆیی بەدی بهێنن و خزمەتی ژیار بکەن، دیارە جیاوازبوون داینەمۆی هەموو ململانێکانە، هەموو کات ئامادەیی هەیە فاکتەری داڕووخان و بنیاتنانیشە و هاوکات هەوێنی لەدایکبوونی شیعری راستەقینەشە، شاعیر ناخی خۆی دەکات بە پەناگا، لە کاتەکانی تەنیایی و کپ و ماتیدا دانگەرێژە بە قوولاییەکانیدا دەکات و ژان ژینێ وتەنی، لە گێتییەکدایە هەست بە تاق و تەنیایی و وەحشەتئەنگێزیی دەکات، ئاور لە خۆی دەداتەوە و وەک ئەوەی مامەڵە لەگەڵ دنیادا بکات لەگەڵ ناخی خۆیدا دەچێتە دیالۆگەوە، بەو جۆرەی کە بەسەریدا دەسەپێت، دەیکات بە ئاماژە و وێنەی، خرۆشێنەر هەتا چێژێکی فرەلایەنەی ئیستاتیکییان هەبێت و ئەم دنیایە لە ئەهریمەنەکانی داماڵێت، ئیدی پێبەپێ تخووبەکانی نێوان هاودژەکان دەرەوێنەوە و دنیا هەنگاو بەرەو هاتوو دەنێت.

دوا جار دەکرێ لە بەر تیشکی ئەم سەرنجە خاکییانەدا بڵێین داهێنەرانی راستەقینەی شیعر و ئەدەب هەرگیز خەمەکانیان تاکرەوانە نەبووە و هەر بەتەنیایش بۆ خۆیان خەونیان نەبینیوە، بگرە نەوەی سەروبەندێکن کە بە ژیانی ئەوانی ترەوە خۆیان پێوەست کردووە و ژیانیشیان بە سەربەستی مرۆوە گرێ داوە، ئەوان هەردەم داکۆکی سەرسەختانەیان لە بیرۆکە هیومانییەکان کردووە و فەلسەفەیەکی جوان و رەوای مرۆگەرایان تێکەڵکێش کردووە و شیعریشیان هاوتای ژیان کردووە، ئەگەرچیش لە دنیایەکداین کە شیعر دەسەڵاتی گۆڕینی نییە بەڵام بەیەلانی کەمەوە توانای ئەوەی هەیە کە بەشداریکی گرینگ بێت لە گۆڕینی هۆشیاریی و ئەنگێزەی ئەو مرۆوانەی لە تواناییاندایە جیهان جوانتر و ژیانیش شایستەتر و خۆشگوزەرانتر بکەن.

* تێبینی: ئەم بابەتە ساڵی ١٩٨٣ نووسراوە، پاش داڕشتنەوە و گەڵاڵەکردن ئەم شەقڵەی بەخۆوە گرتووە و لەگەڵ ئێستەدا گونجاوە.


* سەرچاوەکان:
١- مملكة السنبلة- عبدالوهاب البياتي- دارالعودة- بيروت- الطبعة الاولي ١٩٧٩
٢- ديوان عبدالوهاب البياتي - الجزءالثاني- تجربتي الشعرية- دارالعودة - بيروت - الطبعة الثالثة ١٩٧٩
٣- روح العصر - دراسات نقدية في الشعر والمسرح والقصة - الدكتور عزالدين اسماعيل - بيروت - الطبعة الأولى ١٩٧٨
٤- البعدالجمالي- هربرت ماركوز - ترجمة جورج طرابيشي- دارالطليعة - بيروت - الطبعة الأولي ١٩٧٩
٥- المنفي والملكوت في شعر عبدالوهاب البياتي - شوقي خمس - دارالعودة - بيروت - الطبعة الأولى ١٩٧١
٦- الأدب المسؤول - رئيف الخوري - بيروت - الطبعة الأولى ١٩٦٨
٧- الماركسية والأدب-الدكتورغالي شكري-المؤسسة العربية اللدراسات والنشر -بيروت- الطبعة الأولى ١٩٧٩
٨-أراغون - عصام محفوظ - المؤسسة العربية للدراسات والنشر- بيروت - الطبعة الأولى ١٩٧٤.

لێکۆڵینەوە

# گەمەی وشە و مانا

حەمە مەنتک

بولبولی طەبعم ئەوا دیسان ئەنا خوانی دەکا
نوکتە سەنجی و، بەذلە گۆیی و عەنبەر ئەفشانی دەکا

بێگومان شیعری کلاسیک گرینگی و بایەخی زۆری بە گەمەکردن بە وشە و بەکاربردنی هونەرەکانی ڕەوانبێژی داوە. ئەمەیش هەمووی لەپێناو ئەوەدا بووە تا جوانترین مانا بئافرێنن. لەم گەمەکردن و هونەرنواندنەدا دەبینین وشەکان بۆ جگە لە مانا فەرهەنگییەکەیان بۆ مانای تریش بەکار براون. ئەمەیش بێگومان لە ڕووی ئێستاتیکییەوە بەهایەکی گەورەی دەبێ. ئەم هونەرنواندنە لە شیعردا وامان لێ دەکات تێکەڵاوی ئەو دنیا پڕ لە فەنتازییە بین، بۆیە هەروەک مۆنتسکیۆ دەڵێت: "شیعر و وێنە و پەیکەرتاشی و بیناسازی و مۆسیقا و سەما و سەرجەم جۆرەکانی یاری و لە کۆتاییدا بەرهەمە جۆراوجۆرەکانی سروشت وامان لێ دەکات هەست بە خۆشییەکی زۆر بکەین."[١] نالی یەک لەو شاعیرانەیە تاکو ئێستایش بۆ لێکۆڵینەوە لە شیعرەکانیدا بیرتیژی و وردییەکی زۆری دەوێت. لێرەدا دەتوانین بێژین لە ئەدەبی کوردیدا زۆر زەحمەتە جارێکی تر شاعیرانی تر بتوانن هەمان ئەو تەکنیک و هونەرانەی شیعری کلاسیک بەکار ببەن. چونکە شاعیرانی کلاسیک "بە تایبەتی نالی" ئەوەندە وردەکاری لە شیعرەکانیاندا بەکار بردووە، بەتایبەتی لە هەردوو زانستی عەرووز و سەروادا، هەروەها دەربڕینی ئەو فیکر و فەلسەفەیەی لە شیعرەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە، کە خوێنەر سەراسیمە دەکەن. ئەمانەیش دیارە بۆ بەرهەمهێنانی جوانترین و فانتازیاترین مانان. بۆ ئافراندنی ئەو مانا بەرزە، ڕاستە، لەلایەک

سەلیقەی شاعیریێتی دەوێت، لێ هونەر و مامەڵەکردن لەگەڵ زمان و جوانکاری نواندندا بە وشە لە شیعرەکانیدا هونەرکاری دەوێ. بۆیە ئەو زمانەی کە نالی بەکاری بردووە ئەو زمانە فەرهەنگییە نییە کە ئاخاوتنی پێ دەکرێت، بگرە ئەوە زمانی مەجازی و خوازەیە. "ئەوەندە بە خەستی و چڕی لە شیعری نالیدا ڕەنگ دەداتەوە، کە زۆرجار ماناکردنەوەی بەیتەکان بە زمانێکی ئاسایی و بە زەینییەتێکی ئاسایی ئەستەم و تەنانەت نامومکینە. نالی لە گەمەکردن بە زمانی شیعری و فریودانی زەینی ئەو خوێنەرە ڕەشۆکییەی کە هەر بە زمانی باو دەدوێ و دەخوێنێتەوە شەیتانێکی تەواوە."[٢] کەواتە نالی هەموو توانای لە زماندا بەکار بردووە، ئەویش بۆ ئەوەی هەموو وەستایەتیی خۆی لە بەرهەمهێنانی مانادا بخاتە کار. ئەم ئیشکردنەی شاعیر، ئیشکردنە بۆ بەنەمرکردنی شیعر و پێشاندانی سیحری وشە و مانا، لە ڕێی بەرهەمهێنانی ماناوە، لەبەرئەوەی ڕای وا هەیە شیعر خۆی مانایە.

نالی لەم شیعرەی خوارەوەدا کە دەیخەینە ژێر باری لێکۆڵینەوەوە "ئەگەر دەرەقەتی بێین" ئەوپەڕی دەستەلاتی خۆی نیشان دەدات، تەنانەت شانازی بە خۆیەوە دەکات، شانازیکردنێک کە وەستاییییەک لە ئافراندنی مانادا نواندوویەتی. شاعیر لەم شیعرەیدا بەشێوەیەک شانازی بە خۆیەوە دەکات کە کەس بە هاوشانی خۆی نازانێت. ئەو پێوەندییەی لە نێوان دێرەکانی ئەم شیعرەدا هەیە قووڵکردنەوەی مانایە. هەر لێرەدا بیرێک ئامادەیی هەیە، وێنەیەک ئامادەیی هەیە، لەبەرئەوەی لە شیعری نالیدا وشەکان دەبنە وێنە، ئەم وشەبوون بە وێنەیە لە شیعری کلاسکیدا بەشێوەیەکی قووڵ ئامادەییی هەیە، لێ لە شیعری نالیدا دەگاتە ئەوپەڕی هونەرکاری و ئێستێتیکی. گەمەکردن لەگەڵ وشەدا، لە شیعری کلاسیکدا، لە ڕێی هونەرەکانی ڕەوانبێژیدا بووە. هەرچەندە سوودێکی زۆریان لە ئەدەبیاتی فارسی و عەرەبی وەرگرتووە، لێ هێندێک جار ئەوەندە هونەرمەندانە ئیشیان تێدا کردووە، ئەو هونەری "ڕەوانبێژی"یە هەست دەکەی هەر بە خۆڕسک هی ئەدەبی کوردییە، نەک هی ئەدەبەکانی تر. ئەم شیعرەی نالی هەرچەندە دەچێتە خانەی شانازیکردنەوەوە، یان پیاهەڵدانی خۆی، لێ ئێمە بەو لێکدانەوە سادەیە لێکۆڵینەوەی لەسەر ناکەین، بگرە ئێمە لە دیدێکی ترەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەین، ئەویش دیدی ئافراندنی سیحر و فانتازیای وشەیە لە شیعردا.

بولبولی طەبعم ئەوا دیسان ثەنا خوانی دەکا
نوکتە سەنجی و، بەذلە گۆیی و عەنبەر ئەفشانی دەکا
هەرکەسێ ئیظهاری دانایی بکات و مەقصەدی
خود پەسندی بێ، یەقین ئیظهاری نادانی دەکا
خەرقە پۆشی کەی دەپۆشێ جەوهەری ذاتی ئەمن؟
بێتە نێو، جیلوەی بەزوشتی خۆی بەعوریانی دەکا

(نالی)ی شاعیر بۆ پێشاندانی دەستەڵاتی شاعیریەتیی خۆی و پیاهەڵدانی خۆی، پەنا بۆ شیعر دەبات. کە دەڵێین پەنا بۆ شیعر دەبات، مەبەستمان زمانە، بێگومان زمانیش لە وشە و دەستەواژە و ڕستە پێک هاتووە. کەواتە شاعیر لە ڕێی زمانەوە دەهەوڵی ئەوەدایە جوانترین جیهانێک بئافرێنێ، چونکە ئەوە وشەکان لە چوارچێوەی زماندا سیحری خۆیان دەنوێنن و کار لە خوێنەر دەکەن. نالی دەڵێت ئەوا دیسان ئەو دەروونەی من وەکو بولبول، کەوتەوە پیاهەڵدان و ستایشکردن، کەوتەوە شیعر گوتن، لێ چ شیعر گوتنێک، هەر وشەیەکی، ڕستەیەکی وەکو "نوکتە سەنجی"یە، مامۆستا مودەڕیس ئەم وشەیەی بە گوتنی شتی ورد و قسەی پڕ مانا لێک دەداتەوە، کەواتە لێرەدا نالی ئەرکێک بۆ خۆی دیاری دەکات، ئەویش لە کاتی شیعرگوتندا دەبێ وشەگەلێک بەکار ببات، لە مانادا ورد و پڕ مانا بن، شاعیر ڕێ بە خۆی نادات هەموو جۆرە وشەیەک بخاتە چوارچێوەی دێری شیعرەکانییەوە. ئا لێرەدا شاعیر دەبێت ئەوپەڕی شارەزایی لە بەکاربردنی زماندا هەبێت، لەبەرئەوەی دانانی وشە دەبێت لە جێی خۆیدا بێت. بەکاربردنی ئەو ورد و پڕ مانایە، وەکو بۆنی عەنبەر بڵاو دەبنەوە. بۆیە ئەم جۆرە شیعرانە بە زۆری لەناو خەڵکدا بڵاو دەبنەوە. پڕ لە مانا و وشەی جوان، لەبەرئەوەی لە دەرەوەی بیر و دەروونی شاعیر، بۆ نموونە لە کاتی ئاخاوتندا وشەکان تەنیا مانا فەرهەنگییەکە لەخۆ دەگرن، لێ کاتێک شاعیر هەمان ئەو وشانە بەکار دەبات، مانایەکی تر و وێنەکی تر دەگەیەنن، کەواتە ئەو وشانە مانا فەرهەنگییەکە لە دەست دەدەن، ئەگەر لە شیعرەکەدا بە هەمان مانای فەرهەنگی لێکی بدەینەوە، زۆر بێ مانا دەردەچێ، ئەمەیش هەمووی لە پێناو گەیاندنی پەیام و ئامانجی شاعیرەدایە. نالی لەم دێڕەدا کۆمەڵێک وشەی وەکو "بولبول، عەنبەر، ئەفشانی... هتد" بەکار



نالی

دێنێ، دەبینین ئەمانە ئەگەر وەکو مانا فەرهەنگییەکە بەکاریان ببەین، لەو ژینگەیەدا هیچ مانایەکیان نابێت، هەرچەندە کەسێکی وەکو "دڵشاد عبدوڵڵا"(٣) ڕایەکی هەیە لەبارەی زمانی شیعری، کە دەڵێت: "زمانی شیعری تازەیش جیاوازە لە زمانی کۆنی شیعر، ئەو زمانی گێڕانەوە و خیتابی بەسەردا زاڵ بوو، کەچی زمانی شیعری تازە زمانی سووتانە، زمانی وردبوونەوە و ڕامانە، هێزی ئیحا بەخشی تێدایە بۆ یەکبوونەوە." ئەگەر مەبەستی دڵشاد عبدوڵڵا لە شیعری کۆن، شیعری کلاسیکە، کە بێگومان هەروایشە، ئەوا تەواو بەهەڵەدا چووە، چونکە ئەو گەمە زمانییەی لە کلاسیکدا لەگەڵ وشە و زماندا کراوە، لە ڕێی زانستەکانی عەرووز و ڕەوانبێژی و سەرواوە، شیعری تازە ئەو گەمەیەی تێدا بەدی ناکرێت. ئەو تەکنیک و وێنانەی لە شیعری کلاسیکدا بەهۆی وشەکان و زمانەوە دەربڕدراون، کوا لە شیعری نوێدا بەرچاو دەکەون. بەکاربردنی وشەی قورس و سوریالییانە و داداییانە دەبێتە هۆی سەداسەد تێڕامان. هەرچەندە زمانی شیعری کلاسیکی تژییە بە وشەی فارسی و عەرەبی و تورکی، لێ مامەڵەکردن لەگەڵیان ئەوپەڕی ئافراندنە، نالی سەرنجی خوێنەر بۆ ئەوە ڕادەکێشێ، کە بیر لە یەکەیەکەی وشەکانی ناو دێڕەکەی بکاتەوە، جوڵاندنی بیرکردنەوەی خوێنەر، خەیاڵی خوێنەر، بۆ ئەوەی لە دووی نهێنییەکانی پشت ئەو وشانە بگەڕێت، بێگومان زۆربەی دەگەڕێتەوە بۆ زمانەکەی "وشەکان". وشەکانی شیعر ئەوەندە کاریگەرییان دەبێ، کە خوێنەر هەست دەکات لە دنیایەکی تردا دەژیێ، لەبەرئەوەی ئەگەر وشەکانی شیعر سیحری خۆیان نەکرد، فەنتازییانە کاریان نەکرد، ئەوە ئەو شیعرە شیعرێکی بێ بناغە و بنیاتە، لەبەرئەوەی بنیاتی هەرە سەرەکی شیعر زمانەکەیەتی، نالییش ئەو بناغەیەمان بۆ چێ دەکات، خوێنەر ئاگادار دەکاتەوە، کەوا دیسان سیحری وشەکانی بڵاو کردەوە. نالی هەر زوو ئاگەداری ئەوە بوو، زمان و وشە لە شیعردا سیحری خۆیان هەیە، وەکو زمانی ئاسایی و ڕۆژانەی خەڵک نین، لەبەرئەوەی زمانی ئاسایی و ڕۆژانە بۆ کاتێکی کەم لەلایەن گوێگرەوە دەمێنێتەوە و شوێن داگیر دەکەن. ئەوەیە نالی ناوی دەنێ "نوکتە سەنجی،" وشەکان مانای قووڵ لە خۆیاندا حەشار دەدەن، کە خوێنەر تووشی سەرسامی دەکەن، چونکە ڕەنگە بە چەند مانایەک لێک بدرێتەوە، ئەم مانایانە چێژی وشەکانمان لەلا جوانتر دەکەن. لێرەدا شتێکی تر دەبێ گرینگی پێ بدرێت، ئەویش دەستەڵات و توانای شاعیرە لە ئافراندنی ئەو وشە و مانایانەدا.

نالی شانازی بە خۆیەوە دەکات کە توانایەکی پڕ لە زانیاری لە شیعردا هەیە. ئەم بڕوابەخۆبوونە ئیرادەی زیاتر دەکات لە ئافراندنی شیعر و شیعرییەت، لەبەرئەوەی هەر لە ڕێی وشە و زمانەکەیەتی دەستەڵات و توانای شاعیر دەناسین. بۆیە ئەوانەی لە شیعری کلاسیکدا پسپۆڕییەک لە ئەنجامی ئەزموونیان وەدەست دەخەن، هەر دێرە شیعرێکی کلاسیکی ببینن یەکسەر دەزانن هی کام لە شاعیرانی کلاسیکە، بۆ نموونە "د. عەزیز گەردی" توانایەکی زۆر جوانی لەو بوارەدا هەیە. ئەمەی وا دەکات ئەم کەسانە یەکسەر شیعری ئەو شاعیرانە بناسنەوە، وشەکانن، زمانەکەیەتی، هەرچەندە زمانی شیعری کلاسیک تا ڕادەیەک لای شاعیرانیان لە

یەکترەوە نێزیکە، سەرەڕای ئەوەیش هەریەکە و مۆرکی تایبەتی خۆی هەیە.

هەرچەندە نالی شانازی بە خۆیەوە دەکات، لێ هەر دێرێک دوای ئەوە، باس لەوە دەکات، هەر کەسێک بۆ خۆدەرخستن و پیاهەڵدانی خۆی و خەڵکی شیعر بنووسێ، کەسێکی نەفامە. دیارە لەو سەردەمە شاعیرانی دیوەخان و دەربار زۆر بوونە، بۆ خۆنێزیکردنەوە لە والی و پاشاکان و پارە پەیداکردن شیعریان دەنووسی، تاکو ئافەرینێک لای پاشا وەربگرن. نالی ئەم شاعیرانە بە نەفام دەداتە قەڵەم، لەبەرئەوەی بەلای شاعیرەوە شیعر دەبێت لە ڕێی وشە و زمانەوە خۆی دەربخات. توانای شاعیر لێرەوە بەدیار دەکەوێت، هەر لەم ڕێیەیشەوە پەیامی خۆیشی دەگەیەنێ. "شتەکان و ڕووداوەکان و ئەزموونەکانی شاعیر بە ئامادەبوونیان لە فەزای زمانی شیعردا لە سنووری تایبەتیی خۆیان فراوانتر هەنگاو دەنێن و لە ڕێی زمان و ڕەوتی سرووداندنی شیعردا بەرەو ڕەوشێکی گشتی دەڕۆن، دەچنە ناو هەنگاوەکانی قەڵەمڕەوی فراوانی مرۆڤایەتییەوە."(٤) کەواتە دەبێ ئەزموونی شاعیر و ڕووداوەکانی دەرەوەی شاعیر لە چوارچێوەی زماندا پەیامی خۆیان بگەیەنن. لێ ئەو شاعیرانەی کە تەنیا بۆ خۆدەرخستن شیعر دەنووسن ناتوانن ئەو پەیامە پیرۆزەی شیعر بگەیەنن، لەبەرئەوەی شیعرەکانیان زوو دەمرن. نالی بۆ زێتر ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە نموونەیەکمان بۆ دێنێتەوە، کە لە ڕێیەوە دەستەڵاتی وشە و زمانی نالیمان بۆ بەدیار دەکەوێ.

نالی نموونەی سۆفیمان بۆ دێنێتەوە، سۆفی کەسێکە جلوبەرگ و ژیانی بەگشتی زۆر هەژارە، لەبەرئەوەی سۆفی کەسێکە تەرکی ژیان دەکات، بۆ زیاتر نێزیکبوونەوە لە خوا. بۆیە نالی باس لەوە دەکات، کە چۆن سۆفی ئەگەر بەرگێکی جوان و دەوڵەمەندانە لەبەر بکات، کاتێ دێتە ناو خەڵکەوە، لە دوورەوە پێوەی دیارە، کە ئەو بەرگە هی خۆی نییە، شیعری منیش بەو شێوەیە، کاتێک دێتە مەیدانەوە دیارە و هێز و بڕشتی خۆی نیشان دەدات، هەر کەسێک بیبات پێوەی دیارە، یان خەڵک شیعری ئەو دەبەن دیارە. ئەم جوداوازییەی شیعری نالی بێگومان دەگەڕێتەوە بۆ توانای بەکاربردنی زمان، وشە و وێنەی وای بەکار بردووە زوو دەناسرێنەوە و دەزانرێ کە دەستی نالی تێدا بەکار براوە. هەمووما‌ن دەزانین شیعر لە کۆمەڵێک وشەی بەسەریەکەوە پێک هاتووە، نالی دەیەوێت لە ڕێی وشە و زمانەوە خۆی بەیان بکات. لەبەرئەوەی شیعری نالی بە ڕوویەکی تر خودی نالییە، کەواتە نالی لە ڕێی زمانەوە وەکو بوونێک لەناو شیعرەکانیدا بەدیار دەکەوێت، ئێمەی خوێنەر ئەوە نالییە دەیخوێنینەوە لەناو شیعرەکانیدا، ئەمەیە سیحری وشە.

## گەمەی زمان و گەمەی مانا

هەمووما‌ن دەزانین نالی یەک لەو شاعیرانەیە کە گەمەی سەیری دەگەڵ وشە و زماندا کردووە، بایەخی شیعری نالی لە ڕێی سیحری زمانەکەیەوە وەدیار دەکەوێت. هەر لە ڕێی گەمەکردن لەگەڵ زماندا داهێنانەکانی ئافراندووە. "شیعر گەمەکردن نییە بە زمان، بگرە گەمەکردنە لەگەڵ

زماندا."[٥] ئەمەیش کۆی لادان و پێوەندیی نێوان وشەکان دەگرێتەوە، جا چ لادانی مانایی و فەرهەنگی وشەکان بێت، یان لادانی شێوازی بێت، کە لەمەیاندا شاعیر پەنا بۆ زمانی ئاخاوتن بۆ ئافراندنی شیعر دەبات. کاتێک شاعیر ئەو باڵادەستییەی بەسەر زماندا هەبێت، بێگومان داهێنانی جوان پێشکێش دەکات. لێرەوە پێوەندییەکی سەیر لە نێوان شاعیر و زماندا دروست دەبێت، شاعیر دەکەوێتە گفتوگۆ لەگەڵ زماندا و چێژ لە یەکتر وەردەگرن.

شاعیر هەر لە ڕێی بەکاربردنی زمانەوە مانای تازە دەئافرێنێ، لەلایەکی تر هەوڵی نوێبوونەوە بۆ زمان دەڕەخسێنێ، بۆ نموونە ئەو نوێبوونەوەیەی نالی و هاوڕێکانی لە زمانی شیعردا، لە سەردەمی بابانەکاندا بە ئەنجامیان گەیاند، زۆر جوداوازە لەو زمانەی، کە پێشتر شیعری پێ دەنووسرا، بۆیە گوتەیەکی "یاکۆبسن" هەیە، کە دەڵێت: "شاعیر خوڵقێنەری ئەوپەڕی زمانە،" ئەم ئافراندنەی زمان لەلایەن شاعیرەوە، بێگومان لە ڕێی ئەو گەمەکردنەیەتی لەگەڵ زماندا، کە دەتوانێت وشەی نوێ و دەستەواژەی نوێ بەرهەم بهێنێ. بۆیە ئەگەر سەیری زمانی شیعری شاعیرانی وەکو نالی، کوردی، سالم، مەحوی، حاجی قادر... هتد، بکەین، جوداوازییەکی زۆری لەگەڵ زمانی ئاخاوتندا هەیە، ئەمەیش مانای ئەوە نییە ئەوان لە شیعرەکانیاندا وشەی سەرزاری خەڵکی و زمانی ئاخاوتنیان بەکارنەبردبێ، لێ ئەو زمانەی کە شاعیر خۆی خولقێنەریەتی، ڕێژەکەی زۆر زیاترە لە زمانی ئاخاوتن. "لیڤی شتراوس" دەڵێ: (شاعیر مەیدان و مەودایەکی تازە بۆ ڕاڤەی زمان پێک دەهێنێ... وەک بڵێی شیعر بەردەوام لە نێوان ئەم دوو یاسا دژوازەدا دێت و دەچێ)[٦] کەواتە ئێمە دەتوانین لەناو شیعردا ڕاڤەیەکی جوداواز بۆ زمان بدۆزینەوە، بەشێوەیەکی تر زمان ڕاڤە بکەین، ئەمەیش ڕامان دەکێشێت بۆ ئەوەی شاعیر مانایەک بەرهەم بهێنێت، بێجگە لەو مانا فەرهەنگییەی کە وشە و دەستەواژەکان لە زمانی ئاخاوتندا هەیانە، بۆیە دەکارێت شاعیر بێجگە لەو گەمە زمانییەی لەگەڵ زماندا دەیکات، گەمەیەکیش لەگەڵ مانادا بکات.

ضابیطی طەبعم سوارە، ئیددیعای شاهی هەیە
موحتەشەم دیوانە، داوای تەختی خاقانی دەکا
شاهیدی فیکرم کە بێتە جیلوەگاهی دولبەری
شاهی خوسرەو ڕۆحی شیرینی بەقوربانی دەکا
نوکی خامەی من کە بێتە مەعنا ئاراییی کەمال
خەط بەخەط ئیظهاری نەقشی صورەتی مانی دەکا

نالی بەهۆی بەکاربردنی زمانێکی باڵاوە، بە مانایەکی تر بەهۆی گەمەکردنی لەگەڵ زماندا، خۆی بە شاهی شاعیران دەزانێت، هەموو کات ئارەزووی شیعرگوتنی ئامادەیە و هیچ کاتێک دانامێنێت و بەدوای وشە و مانادا ناگەڕێت، بگرە یەکسەر دەتوانێت شیعر بڵێت و ئەوپەڕی ئافراندنی لە ڕووی زمان و ماناوە تێدا بکات. ئەگەر سەیری زمانی شیعرەکە بکەین، ئەمەمان بۆ

ڕوون دەبێتەوە، بۆ نموونە دەستەواژەی "ضابیطی طەبع" هەروەک مامۆستا مودەڕیس لێکدانەوەی بۆ کردووە، دەکارێت بێجگە لە مانای "سروشتی و ئارەزووی سوار" مانایەکی تریش بدات، ئەویش ئەفسەری سوار کە پلەیەکی دەمێنێ بۆ ئەوەی ببێ بە پاشا، یانی ئەفسەرێک کە چانسی زیاترە و نێزیکترە بۆ وەرگرتنی تەختی پاشایی، یان لەو سەردەمەی ئێستادا پلەی سەرۆکایەتی، لێرەدایە ئێمە دەستەڵاتی ئەو شاعیرەمان بۆ بەدیار دەکەوێت، واتە ئێمە لە ڕێی زمانەوە دەتوانین لە گەڕاندا بین بەدوای مانا جوداوازەکانی ناو شیعردا، کە خۆیان حەشار داوە. بێگومان کەسێک خۆی بە شا بزانێت، دەبێ دەربار و دیوەخانی هەبێ، نالی دەیەوێت جێی "خاقانی" بگرێتەوە، یان خۆی لە ئاست خاقانی شاعیردا دەبینێتەوە، بۆ ئەمەیش چەندان پێڕەوکاری هەیە، لێرەدا هەست بە ئیرادەی نالی دەکەین کە ڕێی خۆی بەرەو داهێنان دەبڕی، نالی بۆ بەنەمرکردنی خۆی هەوڵێکی زۆر ڕاستگۆیانە و حەقیقەتخوازانەی داوە. ئەمە ئەو ئیرادەیەیە، کە سارتەر پێداگری لەسەر دەکات. سارتەر بڕوای وایە نووسەر لە هەمبەر هەرچی شتێکدا کە دەنووسێ، دەبێ پابەند بێت، دوور کەوێتەوە لە گێڕانی ڕۆڵێکی نێگەتیڤ. نالی تەواو ئەم ڕۆڵەی گێڕاوە، بەوەی ڕۆڵێکی پۆزەتیڤی هەبووە و زۆر بە ئیرادەوە داهێنانی کردووە، زمانێکی شیعریی نوێی داهێنا، بۆیە ئێستا خوێنەر کە شیعرەکانی نالی دەخوێنێتەوە دەگاتە ئەو بڕوایەی ئەو شیعرانە جگە لە ئەدەبێکی نایاب شتێکی تر نین و نابن.

لە دێری دواتر ئەو گەمەیەی دەگەڵ زماندا دەیکات زیاتر ڕوون دەبێتەوە، با سەرەتا پوختەیەک لە مانای دێرەکە بڵێین: نالی باس لەوە دەکات، ئەو فیکرەیەی دەیکاتە بناخەی شیعرەکانی، وەکو یارێکە، ئەگەر بچێتە مەیدانی خۆنواندنی دولبەرانەوە، خوسرەوی عاشقی سووتاوی شیرین ئامادەیە گیانی شیرینی خۆشەویستی بە قوربانی ئەو یارە بکات. با لێکدانەوەیەک بۆ وشەکان بکەین بە مەبەستی بەدەرخستنی گەمە زمانییەکان. وشەی "شاهید" بەیار دانراوە، هەروەها بە مانای شاهید و گەواهیدەریش دێت، کە دەبێتە گەواهیدەری ئەو فیکرە قووڵەی کە نالی دەری دەبڕێت. کاتێک وشەی "شاهید" بەیار دادەنێت، دەچێتە مەیدانی دولبەرانەوە، ئەم "جیلوەگاهی دولبەران"ە، کە بێجگە لە مەیدانی نازداران، کچانی جوان دەگەیەنێت، لەبەرئەوەی کاتێک شیعرێک پڕبێت لە فیکری باڵا و جوان، دەبێ بچێتە مەیدانی شیعرەوە بۆ پێشبڕکێ، هەروەها خوسرەو شا کە دیوەخان و دەرباری هەبووە، لەوێدا شاعیران شیعریان تێدا خوێندووەتەوە و شاعیری گەورە و چاکی لێ بووە، ئەگەر ئەم شیعرانەی نالی بچێتە ئەو دیوەخانەوە و خوسرەوشا گوێبیستی بێت، ئەوا ئەو شاعیرانەی دەربار کە خۆشی دەوێن، بە قوربانی ئەو شیعرانەیان دەکات. ئەو فیکرە قووڵ و نایابە کە لەو شیعرەدایە، وشەکان ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕن لە ئافراندنی ئەو فیکرەیە، "بۆیە کاتێک زمان ئاستی باڵای توانستی خۆی دەپێکێ ئەو کات ئەو توانستە بۆ ناخی مرۆڤ دەنێرێ و تژی دەکا لە ڕوانینگەل، دوای ئەوە مرۆڤ لەو جیهانەدا هەبوونایەتی جیهانی خۆی دەبینێ و لێی تێ دەگا."(٧) کەواتە نالی لەهەوڵدایە لە ڕێی زمانەوە بگاتە ئەو جیهانە لە شیعر، لەبەرئەوەی

شیعرەکانی تژین لە فیکری باڵا، واتە شیعر لە ڕێی زمانەوە دەگاتە پلەی چییەتی و چەندایەتیی شیعر، نالی لەو سەردەمەدا ئەو زمانە شیعرییەی داهێنا، کە دواتر بوو بە قوتابخانەیەک، گەیشتن بەو فیکرە باڵایە بەشێکی بۆ ئەزموونی شاعیر دەگەڕێتەوە، "بەو مانایەی ئەزموونی شیعریی ئەو ئاگایی و شارەزاییەی هەستی و مەعریفی و دەروونییەیە کە شاعیر لە ڕێگەی جیاوازەوە بەدەستی دێنێت."(٨) ئەزموونی شاعیر کاریگەریی گەورەی بەسەر دروستبوونی خودی شاعیر و فیکرەی باڵاوە هەیە. سوودوەرگرتنی شاعیر لەو هەڵچوون و دنیابینییەی بناخەیەکی پتەوی بۆ داناوە، ڕای کێشاوە بۆ داهێنان، هەم لە ڕووی زمانی شیعری و هەم لە مانای شیعری.

لە دێری پێشوو باسمان لە گەمەی شاعیر لەگەڵ زماندا کرد. شاعیر بەهۆی تەکنیکی وشەسازییەوە زۆر دیمەن و وێنەی جوداوازمان بۆ دەردەخات، بەمەیش وا دەکات لە زمانی سادە و لۆجیک و عەقڵ لابدات، تاکو بمانبات بۆ ناو ئەو دنیا فانتازییەی لە ڕێیەوە فیکری باڵامان بۆ دابهێنێ. هەروەها "شاعیر بەهۆی کارامەیی و باڵادەستییەوە لە سیستەمی بەکاربردنی زماندا وشە و دەستەواژەکان لە زمانی بەکارهێنانی ئاخاوتنەوە دەخوازێت و بە چەمک و نیشانەی نوێوە بەکاریان دێنێ، ئەم بەکارهێنانەیش جوانتر خۆی دەنوێنێ."(٩) شاعیر کەسێک نییە لە دەرەوەی زمانی ئاخاوتن و زمانی خەڵکەوە وشە بهێنێ، بگرە لەوێوە وشە قەرز دەکات، لێ چۆنیەتیی بەکابردنەکەی باڵادەستیی شاعیر دەنوێنێ، کاتێک ئەم وشانە قەرز دەکات، گەمەیەکی فانتازی و سەیریان لەگەڵ دەکات، وایان لێ دەکات وێنە و مانا و دەلالەتی نوێیان بدات.

لە دێری دواتردا هەست بە گەمەیەکی مانایی قووڵ دەکەین، ئەو مانایەی لە ئەنجامی گەمەکردن لەگەڵ زماندا هاتووەتە بەرهەم. نالی یەک لەو شاعیرانەیە لە ئافراندنی ماناداا باڵادەستییەکی سەیری هەیە. هیچ شیعرێکی نالی نییە مانایەکی قووڵی لەخۆیدا حەشار نەدابێ، لێ خوێنەر و ڕەخنەگرێکی وردی دەوێت ئەوە کەشف بکات. ڕۆمان یاکۆبسن دەڵێت: "زمان، بێ مانا، مانای نییە." واتە هەر لە کاتی گەمەکردنە زمانییەکاندا، گەمەکردنە ماناییەکان دروست دەبن، ڕەنگە ئێمە کاتێک خەریکی کەشفکردنی گەمە زمانییەکان بین، لە هەمان کاتدا بەبێ ئەوەی ئاگەداربین گەمە ماناییەکەشمان کەشف کردووە. با سەیرێکی نالی بکەین، چۆن ئەم پاشایەی شیعر مانا دەخولقێنێ. نالی لەم دێرەدا خۆی بە وێنەکێشێک دەچوێنێ، هەر کاتێک نووکی قەڵەمم بیەوێ مانایەک بئافرێنێ، ئەوەندە دەیڕازێنێتەوە، هەر دێرێکی وەکو تابلۆیەک دەیان مانا لەخۆدا حەشار دەدا، بەڕادەیەک دێرە شیعرەکانی لە کارەکانی "مانی" نیگارکێشی بەناوبانگ دەچن، ماناکەی ئەوەندە ڕازاوە و هەستپێکراو و بینراوە. ئەوەی شاعیر لەم دێرەدا جەختی لەسەر دەکاتەوە، قووڵی مانای شیعرییە. مانا و ناوەڕۆکی شیعری بایەخێکی گرینگی لای نالی هەبووە، ئەوەندەی شاعیر گرینگی بە لایەنی کێش و زمان و سەروا داوە ئەوەندەیش گرینگی بە ئافراندنی مانای قووڵ داوە. بە هەمان شێوە لێرەیشدا بۆ ئافراندنی مانا ئەزموونی شاعیر و شارەزایی لە زانستەکانی تر پاڵنەرێکی بەهێزە بۆ ئافراندنی قووڵترین مانا لای شاعیر. گەمەکردنی مانا لای

نالی گەمەیەکی هەروا سادە و ساکار نییە، بەو مانایەی شاعیر هەر بەوەندە ناوەستێ یەک مانا لە چوارچێوەی گەمە زمانییەکاندا بئافرێنێ، بگرە چەند مانا بێجگە لە مانا ڕاستەوخۆکە بەرهەمدەهێنێ، واتە مانایەک هەیە ڕاستەوخۆ و دیارە، لێ چەند مانای ورد هەن کە خۆیان لە پشت گەمە زمانییەکەدا حەشار داوە. ڕەنگە هەر ئەو مانا وردانەیش مەبەستی شاعیر بن، "لە هەر بوونێکدا ماناکانی ڕاستەوخۆ یەکەمین، باشترین، یانا مانای ناوەندی بەهۆی ئاشکراکردن و کراوەوە دەبێت دەستی بگات بەماناکانی ناڕاستەوخۆ، لاوەکی، مەجازی، فەرامۆشکراو و سەرەنجام لە کۆی ئەمانە: بەدەستهێنانی دنیایەکی شیعری فرە مانا، کردنەوەی ڕاز و ڕەمزەکان و ڕێگەدان بەمانای پەنهان و دەرخستنی ئاستە جیاوازەکانی بەڵگاندن."(١٠) گەمەکردنەکەی شاعیر لە تەک مانادا، هەر ئەوە نییە مانایەک لە پشت وشەکان حەشار بدات، بگرە لە ڕێی مانایەکی ڕاستەوخۆ خوێنەر فریو دەدات، کەچی لە پشت ئەمەوە چەند مانای تر کە گرینگن خۆیان حەشار داوە. وشەکانی "نووکی خامە، مەعنا ئارایی کەماڵ، مانی،" ئەمانەی هەموو لە زمانی ئاسایی و ئاخاوتن قەرز کردووە و مانای فەرهەنگیی خۆیان هەیە، لێ وەک لادانێک لە زمان بەکاری بردوون، لە پشت هەر یەکێکیان مانایەک خۆی حەشار داوە، کەواتە ئەم گەمە ماناییە لە تەک گەمە زمانییەکەدایە. لە دێرەکانی دواتر ئەم گەمە ماناییە زیاتر ڕوون دەکەینەوە، لێ با جارێ لەم دێرەی کە دواتر دێینە سەری باسێک لە کاریگەریی دەوروبەر و ئەزموون بکەین.

ئیستیطاعە و قووەتی طەبعم بە کوردی و فارسی

عارەبی ئیظهاری چالاکی یو چەسپانی دەکا

پێشتر نەختێک باسمان لە کاریگەریی ئەزموون و دنیابینی شاعیر کرد، کە چۆن کاریگەری بەسەر بەرهەمی شیعری شاعیرەوە هەیە. بەهۆی ئەم دێرە شیعرە هاتووە، کە تێیدا باسی توانایی و باڵادەستی خۆی لە شیعرنووسین بە هەرسێ زمانی کوردی و فارسی و عەرەبی دەکات. بۆ ئەمەیش بێمنەتیی خۆی لە شیعرنووسین بەو سێ زمانە دەردەبڕێ. بەهۆی خۆڕۆشنبیرکردن و شارەزابوون بە ئەدەبیات و تەکنیکی شیعری ئەو میللەتانەوە لەهەوڵی بەردەوامدا بووە، ئەوەی لەم ڕووەوە یارمەتیدەری بووە، زانینی ئەو زمانانە بووە. ئەمەیش یارمەتیدەری بووە کە هەنگاو بە هەنگاو ببێتە خاوەنی زمانی شیعریی تایبەت بە خۆی، بە مانایەکی تر ببێتە خاوەن شێواز و ڕێچکەی خۆی لە شیعرنووسیندا. کەواتە ئەو هەست و سۆزەی کە خۆی لە شیعردا هەیەتی، لەگەڵ ئەو تەکنیک و شێوازە نوێیانەی لە ئەدەبیاتی بێگانەدا فێریان بووە؛ کارلێک دەکەن و دەبێتە هۆی باڵادەستی لە ئافراندنی شیعر. ئەم هەنگاونانە، شاعیر دەگەیەنێتە حاڵەتێکی لە خۆباییبوون کە خۆی بە پاشای شیعر بزانێت. شاعیر کاتێک وێنە هونەری و گەمە زمانییەکان لە شیعری شاعیرانی فارس و عەرەبدا دەبینێت، سوودیان لێ وەردەگرێت و هاوار دەکات، کە ئەویش توانای هەیە بە هەمان شێوە بە زمانی کوردی هەمان وێنە و مانا و زمان لە شیعردا بئافرێنێ. هەروەها ژیان بە هەموو دیاردە و پێکهاتە و پرۆسەکانییەوە کە مرۆ تێیدا پرۆسەی دەکا، بۆ مرۆ دەبێتە

سەرچاوەیەکی باش تاکو لەوێوە فێری کاری نوێ بێت و بیرکردنەوەی تێدا بەکار بخات. بە مانا دۆلۆزییەکەی، ژیان کارێک دەکا فیکر چالاک بێت، لەبەرئەوەی مرۆ چەندی لەناو ژیان و پێکهاتەکانییەوە قووڵ بێتەوە بیرکردنەوە و فیکری زیاتر دەجوڵێ. واتە بەلای فەلسەفەی دۆلۆزەوە، هەرگیز ناکرێت ژیان نێگەتیڤانە وێنا بکرێت، واتە ئێمە لە ژیانەوە فێری ئەوە دەبین، کە بەردەوام فیکر و بیرکردنەوەمان بۆ کارکردنی پۆزەتیڤانە بڕوات. کەواتە هەر ئەزموون و ژیانی نالی بووە وای کردووە لەخۆبایی و یاخی بێت لەو واقیعەی ئەو سەردەمە تێیدا زاڵ بووە. بۆیە شاعر خۆی بە باڵا دادەنێت. "پرۆسەی باڵاکردن لای کەسی داهێنەر قبووڵنەکردنی نۆرم و هەڵگەڕانەوەیە لە واقیعی زاڵ، یان ئاراستەکردنێکە لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە و دروستکردنی دنیایەکی ترە لەناو خەیاڵدا."(١١)

ئەمە ئەوپەڕی یاخیبوونی شاعیرە لەو واقیعەی تێیدا دەژیێ، هەوڵدانە بۆ دروستکردنی دنیایەکی تر، هەوڵدان بۆ ئافراندنی زمان و مانایەکی تر لە شیعردا. هەروەها لە ئەنجامی ئەم ئەزموونەوە وشە لای نالی قورسایی خۆی دەبێت، جوانی و قالبی فەنتازی خۆی دەبێت، لەو قاوغە کۆنە دەردەچێت کە پێشتر تەنیا ڕستە قورسایی فۆڕمی هونەی دەکەوتە سەر، لێ لە نالییەوە وشە قورسایی وێنە و فۆڕمی هونەری دەکەوێتە سەر. "لە نالییەوە وشە دەبێتە وێنە نەک ڕستە، ئەم بوونە وێنەیەی شیعری دەکرێ بە چەند دیوێک بخوێندرێتەوە."(١٢) واتە بەدیوێکی تردا، وشە دەکارێت مانایەکی سەربەخۆ لای خوێنەر دروست بکات، بۆ نموونە وشەی "قووەتی طەبعم" بە مانای هێزی سروشتی شیعرنووسینم دێت، لەلایەک وێنەی دەروونی و ئاگایی ناوەوەی شاعیر پیشان دەدات، کە بە خۆڕسک هێزی شیعری تێدا باڵادەستە. قورسایی وشەی "قووەت" مانای هێزی باڵادەستییە لە هەر سێ زمانی کوردی و عەرەبی و فارسیدا. هێزی ئەم وشەیە پێداگری شاعیرە، ئەزموونی شاعیر پێشان دەدات. کە دەڵێین ئەزموون مەبەستمان هەم ئاگایی و ڕۆشنبیریی خۆیەتی دەگەڵ ئەو زانیاری و شارەزاییەی کە لە ئەنجامی گەڕانی بە ناو کولتوور و زمان و ئەدەبیاتی فارس و عەرەب و تورکدا وەری گرتوون. شاعیر توانا و هێزی ئەوەی هەیە بە هەرسێ زمان وێنە و خەیاڵی باڵا بئافرێنێ، بۆیە ئەم وشانە قورساییان لەناو شیعرەکەدا هەیە.

## بەڵگەی فیکری باڵا

نالی بۆ ئەوەی بۆمان بسەلمێنێت، دەستەڵاتێکی باڵای هەیە لە ئافراندنی فیکری باڵادا، کە لە سەرەتای ئەم شیعرەدا ئاماژەی پێ کردبوو، هەروەها بۆ سەلماندنی گەمە زمانی و ماناییەکان، ڕێک و جوان و پڕ هونەراندن، لەم سێ دێرەی کۆتاییدا ئەوپەڕی گەمەی مانایی ئەنجام دەدات. بێگومان گەمە ماناییەکان لە ڕێی گەمەکردن لەگەڵ زماندا دروست دەبن.

خاطرێکی شۆخ و خۆش و بێ غەم و جەمعم هەبوو

ئێستە بۆ زولفی کەسێ مەشقی پەرێشان دەکا

هود هودی دڵ حەبسی بەلقیسی سەبای دیوە یەقین

خۆی کە دامێن گیری شاهی ئاصەفی پانی دەکا

ئەو کەسە تەحدیثی نیعمەت بێ موراد و مەطلەبی

میثلی "نالی" ئیمتیثالی ئەمری یەزدانی دەکا

نالی پێش ئەوەی بکەوێتە داوی خۆشەویستیی یارەوە، کەسێکی زۆر ئاسایی بووە، عەقل و هۆشی لە جێی خۆیدا بوونە. کەسێک بووە مانای گەمە زمانییەکانی نەزانیووە. بە مانایەکی تر بیرکردنەوەی بەو شێوەیە نەبووە، لێ کاتێک تووشی خۆشەویستیی یار دەبێ، فێری زۆر شت دەبێ. چۆن ئێستا زولفی یار گەمە و مەشق بە بیری شاعیر دەکا، بیری شاعیر بەهۆی پەرێشانی و بڵاوی زولفی یارەوە، بڵاوتر و فراوانتر دەبێت. لێرەدا وشەی "مەشق" لە بنەڕەتدا کە بۆ ڕاهێنان دێت، بە مانای ڕێکوپێکییە لە کاریکدا، بۆ نموونە یاریزانانی تۆپی پێ ئەگەر هەموو ڕۆژێک ڕاهێنان نەکەن، بێگومان یاریکردنیان ڕێکوپێک و هونەری نابێت. لێ شاعیر لێرەدا مەشق بۆ ئەوە دەکا تاکو بیرکردنەوەی پەرش و بڵاو دەبێت. لێرەدا ڕاهێنەری شاعیر پەرشوبڵاوی زولفی یارە، ئەو مەشقەی نالی، کە پەرشوبڵاوییە، مانای ئەوەیە ئەو بە گەمە زمانی و مانایییەکان هۆشی خوێنەر و کەسانی تر بە خۆیەوە مەشغووڵ بکات. کاتێک عاشق مەعشوقەکەی دەبینێت هۆش و بیرکردنەوەی پەرش دەبن، بەهەمان شێوە کاتێک خوێنەر شیعرەکانی نالی دەخوێنێتەوە، ئەو فکرە باڵایەی کە شاعیر لە شیعرەکانیدا پێشانی دەدات خوێنەر تووشی سەرسوڕمان دەکات. کەواتە نالی پێشتر ڕاهێنانی کردووە، کتێبی خوێندووەتەوە، خۆی لە کولتوور و ئەدەبیاتی بێگانە شارەزا کردووە. کەواتە هەموو نووسەرێک تاکو پرۆسەی خوێندنەوە و خۆفێرکردن نەکات، ناتوانێ داهێنان بکات. نالی فێرمان دەکات بۆ بەرهەمهێنانی فیکرەی باڵا پێویستمان بە ڕاهێنانە.

نالی لە دێری دووەمدا، نموونەی زیاترمان لە بەڵگەی فیکرەی باڵا بۆ دەهێنێتەوە. وەک شاعیرێک پێمان دەڵێت ئەم ڕاهێنانەی ئەنجامی داوە دەتوانێ لەناو هونەری شیعردا پراکتیکی بکات. کاتێک دڵی خۆی بە هودهود دەچوێنێ، کە بەندیخانەیەکی بەهێزی بەلقیسی شاژنی سەبای دیوە، خۆی بە دامێنی ئاسەفی پانی تاکو تکای لای سولەیمان بۆ بکات، نەوەکو تووشی شتێک بێت، لە هەمان کاتدا هەروەک لە شەرحەکەی مامۆستا مودەڕیسدا هاتووە، ڕەنگە مەبەستی سلێمان پاشای بابان و ئەحمەد پاشای بابان بێت. لێرەدا ئەو گەمە مانایییە دەبینین، کە شیعرەکە بەهۆی زمانەکەیەوە "گەمە زمانییەکان" تێیدا بەدی دەکرێت.

شاعیر لە کۆتاییی شیعرەکەیدا پێمان دەڵێت، کاتێ باس لە قسەڕەوانی و شیعری چاکی خۆی دەکات، لە سایەی سلێمان پاشای باباندا بووە، بۆیە پێڕەوی ئەو ئایەتە دەکا "و اما بنعمة ربك فحدث" هەروەک لای مامۆستا مودەڕیس ئاماژەی بۆ کراوە، لەمەوە دەستەڵات و بەڵگەی فیکری باڵا لای نالی بەدیار دەکەوێت. بەهۆی گەمە زمانییەکانەوە خوێنەر لەناو دنیای واقیعدا بۆ ناو دنیای خەیاڵ دەبات. لە دێرەکانی پێشتر ئەو لادانە مانایییانەمان بۆ بەدیار دەکەوێت. نالی خۆیشی لە

دێڕێکی تردا جەخت لەسەر مانا دەکاتەوە، کە گرینگی و بایەخی لای ئەو زۆرە:

نالی عـەجـەب بە قـووەتی حـیکمـەت ئەدا دەکـا

مـەعنایی زۆر و گـەورە بە لەفـزی کـەم و بچـووک

ئەو وشـانەی شـاعیـر بەکـاریان دەبات، بەهۆی هونەرەکـانی ڕەوانبـێژی، بەتایبـەتی هونەری خـوازەوە، کـە لە شـیـعرەکـانی نالی بە پلەی یەکـەم بـەکاربـردراوە، دەتوانین چەند مـانـایان تێـدا بدۆزینەوە، بەو هۆیەوە گەمـە مانایییەکان بە ئاسانی ئەنجام دەدرێن. کەواتە ئەوەی بەلای نـالییەوە گرینگە، ئەو مانایەیە کـە شیعرەکە دەخۆیدا هەڵدەگرێت، بۆیە وشەکان کەم بەکار دەبات، لێ هـەر وشەیەک چەند مانایەک دەخۆیدا هەڵدەگرێت، وەکو وشـەی "سلێمان" دوو مانا دەگەیەنێ، یەکەمیان (سلێمانی پێغەمبـەرە،) دووەمیـان (سلێمـان پاشای بابان)ە، ئاسـەفی پانی هـەم بە ئاسـەفی کوڕی بەرخـیا و ئەحـمـەد پاشـای بابان هـاتووە، بۆیە مـانا لای نالی بەرەنجـامی لادانە مـانایی و گەمـە مانایییەکانە.

سەرچاوەکان:


١- بەها ئیستاتیکییەکانی شیعر لای پیرەمێرد، شێخ نووری و گۆران، ئاسۆ عومەر مستەفا، دەزگای موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٩، ل ٥٨

٢- لە کولتوورەوە بۆ ئەدەبیات، عەبدولخالق یەعقووبی، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، ل ١٤٤.

٣- دڵشاد عـەبدوڵڵا، چاوپێکەوتن، گ ڕامـان، ژ:١٠٣، ل٤٠، لە: ڕەوتی نوێکردنەوەی شـیـعری کـوردی لە باشووری کوردستان١٩٨٠- ١٩٩١، د. حوسێن غازی کاکەمین، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠١٠، ل ٢٣.

٤- ئاسمانی بێ سنووری سرووداندنی شیعر، ئەکرەمی میهرداد، گ: هەنار، ژ:٦١، فێبرایەری ٢٠١١، ل ٩

٥- زمان، بوون، شیعر، عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا، دەزگای موکریان، ٢٠١٠، ل ٢٥.

٦- دەسەڵاتی زمان لە کۆماری کورتە شیعردا، عەبدولخالق یەعقووبی، فەرهەنگی هەولێر، ژ: ٦٥ کانوونی دووەم ٢٠١١، ل ٢١.

٧- زمان ئاسۆیەکە لە نێوان ئاسمان و زەوی، هەندرێن، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠١٠، ل ٢٠.

٨- زمان، بوون، شیعر، عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا، ل ٤٦.

٩- پۆستەرە شیعری کوردی و هایکۆی ژاپۆنی، بوشرا کەسنەزانی، ناوی چاپ و چاپخانەی لەسەر نییە، ٢٠٠٧، ل ٤٤.

١٠- ئاسمانی بێ سنووری سرووداندنی شیعر، ئەکرەمی میهرداد، ل ٢٨.

١١- زمان، بوون، شیعر، عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا، ل ٧١.

١٢- ڕەوتی نوێکردنەوەی شیعری کوردی، د. حسوێن غازی کاکەمین، ل ٢٥.

لێکۆڵینەوە

# تیۆریی حەقیقەتی شاعیرانە

و. ت. ستیس

وەرگێڕانی: رزگار جەباری

ئەم تیۆرییە، جۆری تیۆریی «صرف الوجود» بە تەواوی لەو باوەڕەدایە کە بوونی یەکەمین، نە زاتییە و نە زەینی، یان بە گوزارشتێکی تر ئەو بڕیارانەی بۆی دەگەڕێتەوە، نە راستگۆیە و نە درۆزن. بەڵام پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە روویەکی تری «حەقیقەت» هەیە و برێتییە لەو حەقیقەتەی لەناو، شیعر و تێڕوانینی شاعیرانە – و هەموو فۆڕمە هونەرییەکان – دا داڕێژراوە و خراوەتە ڕوو. ئاین و عیرفان خودان ئەم جۆرە حەقیقەتەن. حەقیقەت بە واتا ئاساییەکەی وشە، دەتوانین بە حەقیقەتی زانستی یان عەقڵانی ناودێری بکەین و هەروەها ئەم جۆرە حەقیقەتەش بە «حەقیقەتی شاعیرانە».



پێوەری ئەم حەقیقەتە چییە و جیاکارییەکەی لەگەڵ حەقیقەتی عەقڵانیدا چییە؟

هەندێ جار دەڵێن شیعر: هەروەها هەموو فۆڕمەکانی هونەر، دیتن یان شهودێک لە ناسینی شتەکاندا

نیشـان دەدات. ئاخۆ مـەبەست لـە «حـەقیقـەتی شـاعیـرانە»، ئـەمـەیە؟ لەبەرئەوەی بوونـی شـهـود و دیتنێکی لەو جـۆرە گـەیشـتـووەتە رادەیّ بڵاوبوونەوەیەکی فـراوان و ئاڵۆزی، سـەرنجـی توێژەر بەو واقیعـەتە کێش دەکرێت کە برێک لە سروشتـەکان، لەوانەش سروشتی شـاعیران، وەک بڵێی توانای راستـەوخـۆی دەرکی راسـتـیـیـەکانی هەبێت، بەبێ دووربینی و بـیرکـردنەوەیەکی بەڵگەخـوازی و وردەکاری. ئەم توانایە کە ئاسـایی بە «شـهـود» ناودێر دەکرێت، نەک تەنیـا لە سروشـی شـاعیـراندا بگرە لە زانایان، بیرکـاریزانان، فەیلەسووفان و کەم و زۆر لە زۆربەی مرۆڤەکاندا، گومان لە بوونی ناکرێت. رەنگە بەو جـۆرە بوونی شـێـوازێکی حەقیقـەتخـوازی (واتە شێوازی شـهـودی) کە جیـا لە شـێـوازی (مـەعـهـودی)ی زانایـان و ئەوانی تر (شـێـوازی بەڵگەخـوازییـانەی هـەنگاو بەهـەنگاو) دادەڕێژرێ. بەڵام بە هیچ شێوەیەک بوونی جۆرێکی جیاوازی حەقیقەت کە جیاکاری هەبێت لەگەڵ جۆری زانستی و عەقڵانی، ناخاتە بەردەست. لەم حاڵەتەدا ئاساییە.

ئەگـەر ئەم گـومـانـە بە گوڕوتینەوە وەربگرین و بـڵـێین جـۆرێکـی تایبـەتیی حـەقیـقـەت، بە ناوی حـەقیـقـەتی شـاعیـرانە هەیە، بـەلایەنی کـەمـەوە دەبێ لە شـیـعـردا سـۆراخـی بکەین و پێویسـتـە بە تاوتوێکردنـی ئەو حـەقیـقـەتە لە شـیـعـردا، بە دوای دۆزینەوەی پێوەرەکانی بین و بـڕوانین کـە چۆن لەگەڵ حەقیـقەتی عەقڵانیدا جیـاکاری و جیاوازی هـەیە، بەڵام پێویستـە لە هەڵبژاردنی نموونەکاندا، بە مەبەسـتی دۆزینەوەی حەقیـقـەتی شاعیـرانە، ورد بین، لەوانەش نابێ تەنیا شـیعری عیرفانی یان ئاینی لە بەرچاو بگرین.

بۆ نموونە دەتوانین ئەم دێرانەی شیللی:

«ئەو تاقانەیە پایەدارە و زۆرانێکیش دەگۆڕێن و نامێننەوە

رووناکی مەلەکوت بەردەوام لە درەوشانەوەدایە و سێبەرە زەوینییەکان هەڵدێن

ژیان چەشنی گومبەدێکی بریقەدار و رەنگاوڕەنگ

ئاوێنەداری تیشکەکانی ئەبەدییەتە.»

بە بەیانێکی شاعیرانەی هەڵگری ناوەرۆکێکی عیرفانی بزانین.

هـەروەها چەند دێرێکی ۆردز ۆرس دەکرێ باس لە بوونی

«بزاوتێک، گیانێک

کە بیر دەکاتەوە و بیرکردنەوە دەورووژێنێ و

هەموو شتێ لە نێو خەرمانەی خۆیدا دادەپۆشێ»

بکات، لەبـەرئەوەی ئەگـەر بڵـێین حـەقیـقـەتی بیـر و هزرە ئاینی و عـیرفـانییـەکان، حـەقیـقـەتی شاعیرانەیە و حەقیقەتی شاعیرانەش حەقیقەتێکی وایە کە لەناو شیعرە ئاینی و عیرفانییەکاندا بەیان دەکـرێت، ئەوا راشکـاوانە کـەوتووینەتە ناو بـازنەی پووچەڵـیـیـەوە. ئەگـەر شـتـێک بە ناوی

حەقیقەتی شاعیرانە هەبێ، بەلایەنی کەمەوە دەبێت لەناو شیعردا، واتە لەناو هەموو جۆرە شیعرێکدا– یان بەلایەنی کەمەوە لەناو هەموو شیعرێکی باش و رەسەن و بەرزدا – دەرکەوتبێ. بەم لێکدانەوەیە، دەبێ لەناو شیعری گێتییانەدا – مەبەستم شیعری نائاینییە لە هەر بابەتێکدا، واتە یادی لاوێتی، جوانیی سروشت، پەند و ئەویندارییشدا – وێنە بداتەوە. بۆیە باشترە گەشبینانە نموونەیەکی چەند شیعرێک لە شاعیرە گەورەکانمان تاوتوێ بکەین و بڕوانین حەقیقەتی شاعیرانەیان لە کوێدایە.

وایتهێد نیوەدێڕێک لە «بە یادی ئەو»ی تنیسۆن دەگوازێتەوە:

گوتی بڕوانە ئەستێرەکان، سەرگەردان هەڵدێن

دەڵێت: «– تنیسۆن – لە پرسی میکانیزم دەترسێ. ئەم دێڕە هەموو فەلسەفەیەکی داپۆشراوی پارچە شیعرەکە ئاشکرا دەکات. هەموو گەردیلەیەک سەرگەردان و هەڵاتووە، جەستەی مرۆڤ کۆمەڵێکە لە خانەکان، بۆیە جەستەی مرۆڤیش سەرگەردان و هەڵاتووە. بەم پێیە بەرپرسیارێتییەکی سەربەخۆ ئاگەداری کردارەکانی جەستە نییە». بە گوزارشتێکی تر، ئەم نیوەدێرە تیۆریی میکانیکی سروشت دەڵێتەوە. ئەم تیۆرییە کە وایتهێد بە فاکتەری ترسانی تنیسۆنی دەزانێت، تێبینی و راستکردنەوەیەکی بۆ دەسازێنێ تاکو لەگەڵ فەلسەفەی «ئیرادی و ئۆرگانی»یەکەی خۆیدا هاوکوف بێت. بەڵام تیۆریی میکانیستی سروشت کەتنیسۆن لەم نیوە دێرەدا تێی دەڕوانێت، حەقیقەت یان ناحەقیقەت یان نیمچەحەقیقەتێکی – زانستییە، نەک حەقیقەتێکی شاعیرانە. جۆری تایبەتی «حەقیقەتی شاعیرانە» کە بە گوێرەی ئەم باسە، دەبووایە لەم شیعرەدا، هاتبایە و لە سەرووی حەقیقەتی عەقڵانییەوە بووایە – کە لە راستیدا دەبوونە دوو حەقیقەتی تەواو جیاواز لە نیوە دێڕێکدا – لە کوێدایە یان کامەیە؟ بە راشکاوانە ئاشکرایە کە ئەو شتەی وێنەی شیعری بۆ پرسی وشکی فەلسەفەی میکانیزم ئیزافە دەکات، جۆرێکی تری حەقیقەت نییە، بگرە قووڵایی هەستی مرۆڤایەتی و جوانیی زمان و بەیان و لێکچوواندنی شاعیرانەیە.

هەڵبەتە ئەو شیعرەی کە پرسی سەرپشکی مرۆڤ دادەڕێژێت، بابەتێکی جیاوازە. زۆربەی شیعرەکان گەواهیدان و بەڵگەکارییەکی فەلسەفیی تایبەتییان نییە و زۆرتر خەریکی پرسە سادەکانی رۆژانە دەبێ. بەڵام لەگەڵ ئەم هەمووەشدا، ئەگەر باش بن، دەبێت نیشانەیەک لە حەقیقەتی شاعیرانە – ئەگەر شتێکی وا لە ئارادا هەبێت – لە هەناویدا هەبێت. دەبێت لە لایەنگرانی ئەم تیۆرییە، بپرسین کە بە ویژدانەوە پێمان بڵێن لەو شیعرانەی مارلۆ (١٥٦٤– ١٥٩٣) دەیخاتە سەر زاری فاستۆس – ئەو دەمانەی تارماییی هێلنی ترۆیی دەبینێت – ئەو حەقیقەتە شاعیرانەیە لە کوێدایە و چلۆن شتێکە؟

ئەمە هەمان روخسارە کە زۆر شەڕی هەڵگیرساندووە و

بورج و شوورا بەرزەکانی ئیلیۆمی گڕ تێ بەرداوە؟

یان لەم دێرانەی کۆلریجدا (١٧٧٢- ١٨٣٤):

«مانگی خەرامان لە ئاسۆدا بەرزبوویەوە و...

لە هیچ جێگایەکدا ئارامی نەگرت

هەڵەداوان هەڵهات

لەگەڵ یەک دوو ئەستێرە کە لە روکابەکەیدا بوون»

یان لەم دێڕەی کیتسدا (١٧٩٥- ١٨٢١):

«رۆیشتن و ساڵانێکی زۆری بەسەرچوو

ئەویندارا‌ن خۆیان بە زریان سپارد»

یان لەم پارچەیەی رۆستیدا (١٨٢٨- ١٨٨٢):

باڵاپۆشەکەی کە توانای نەخش و نیگاری نەبوو و

هیچ گوڵێکی تازە پشکوتوو نەیدەتوانی بیرازێنێتەوە

مەگەر گوڵی سپی، دیاری نێردراوی مریەمی پاکیزە

بە باڵایدا چالاک بێت

خەرمانی زوڵفەکانی کە بە شانیدا خستبوونی

لە گەنمەشامییەکی زێرین دەچوو

یان ئەم دێرەی براونینگ (١٨١٢- ١٨٨٩):

«ئەوەی هەرگیز پشتی لە رووداوەکان نەکرد و

بە سینگێکی قەڵغانکردووەوە رۆیشتەوە

دەیزانی کە کۆتاییی شەوی رەش، سپییە»

یان ئەم دێرانەی سوینبێرن (١٨٣٧- ١٩٥٩):

«تەنانەت ماندووترین رووباریش

رۆژێک دەگەڕێتەوە بۆ باوەشی دەریا»

هەریەک لەم دێر و پارچە شیعرانە جۆری واقیعییەت یان حەقیقەتێکی زۆر سادە بەیان دەکەن، کە ئەگەر جلی شانازی شیعریان لەبەر داکەنین، ئەوەی دەمێنێتەوە، وشک و بێ گیان و ئاساییە. بۆ نموونە ناوەرۆکی شیعرەکەی سوینبێرن ئەوەیە کە تەنانەت ماندووترین و داهێزراوترین پیرانی پەککەوتەش دەتوانن - یان دەبێت - بمرن. ناوەرۆکی شیعرەکەی کیتس سەرتاپا ئەوەیە کە دوو ئەویندار بەرەو ناخی دڵی زریان هەڵاتن و بزر بوون، ناوەرۆکی شیعرەکەی کۆلریج ئەوەیە کە مانگ

و ئەستێرەکان، ئارام و بێ وچان لە ئاسماندا بەرز بوونەوە، ناوەڕۆکی شیعرەکەی ڕۆستی ئەوەیە کە پاکیزەیەک جلێکی لەم جۆرە و لەو چەشنەیٚ لەبەر بوو. ئەم واقیعییەتە رووت و ئاسایانە، داگری «خەبەر» یان حەقیقەتێکی زانستین. ئەو شتەی شیعر بۆی ئیزافە کردوون، خرۆش و خۆش ئاوازی و خۆشنەوایی و وێنەیە. جۆرێکی نوێی حەقیقەت لە ئارادا نییە. زۆربەی شیعرەکان (بەتایبەتی لە کۆندا لە شیعری نوێدا کەمتر) لە سادەترین و بەدیهیترین حەقیقەتە مرۆییەکان هاتوونەتە بوون و کەڵکەلە و دۆخێکی سادەیان لەگەڵدایە یان لە دڵدا دەیورووژێنن. هەروەها ئاسایی لە ناچاری و خەمی مردن، جوانی دیمەنە سروشتییەکان، هێزی ئەوین و خۆشەویستی، ئەوینی باوکان و دایکان و منداڵان، پێشهاتە شێوەنبارەکانی ژیان و هەندێ جار گاڵتە و سوعبەتەکان و شادییە کورتخایەنەکان، دەدوێن. بەپێچەوانەوە ئەگەر دیدێک بە شیعری ئاڵۆز و فرە تێکچڕژاوی ئەمرۆ بخشێنین، ئەوا ئەو شتەی کە دەیدۆزینەوە هەوڵ و گەڕانی مەعقوڵ و هزرە وردەکانە، نەک حەقیقەتی «شاعیرانە». من بە توندی لەگەڵ هەموو کەسێک ناکۆکم کە لە شیعرە مەزنەکەی (جۆن دان)دا جگە لە وێنا عەقڵانییە پەتییەکان، شتێکی تر بدۆزێتەوە، کە هەڵبەتە ئەم شیعرە هاوشانە بە زمانێکی خاوێن و لێکچوواندنە نوێ و دەست لێ نەدراوەکان و هەستگەلێکی باڵا و دروست.

بەڵام دەکرێ بڕێک لە بیرمەندان، گوزارشتێکی تایبەتیان لە تیۆریی حەقیقەتی شاعیرانە خستبێتە روو، کە بتوانێت ئێمە لەم گرفتارییە دەرباز بکات و بمانخاتە سەر ڕێگەی راست، لە راستیدا گوزارشتێکی لەو جۆرەش هەیە. من تەنیا ئاماژە و بەسندە بە دوو گێڕانەوە یان گوزارشت لەم تیۆرییە دەکەم کە لە خەیاڵمدایە. گوزارشتی یەکەم هی پرۆفیسۆر فیلیپ وێلرایتە، کە لە کتێبە زۆر سەرنجڕاکێش و دڵگیرەکەیدا بە ناوی «چاوگەی سووتێنەر» دای ڕشتووە. بە باوەڕی ئەو بەکارهێنانی زمان، دوو شێوازی جیاوازی هەیە. یەک لەو دووانە دەتوانین «بە زمانی بەیانگەر یان زمانی ناخ ناودێری بکەین، یەکێک لە ئامانجەکانی من.... شرۆڤەکردنی ماهییەت و تواناکانیەتی و نیشاندانی جیاوازییەکانی لەگەڵ زمانی ئاخاوتەیی، کە هەمان زمانی زانستە». هەروەها دەڵێت: «زمانی ناخ، زمانی ئاین و شیعر و ئەفسانەیە». قسەی کتێبەکەی جۆن ئەوەیە «کە وتەزا ئاینی، شیعری و ئەفسانەکان کاتێ لە بەرزترین رادەیاندا بن، جۆرێکی ئەودیوەکی و پێوەستەیی زاتییان هەیە، هەرچەندە هەم جەوهەری و هەم شێوازی ئاماژە و گەڕانەوەیان بۆ ئەو پێوەستەیییە، لە جۆری زمانی زانستدا نییە».

نازانم ئێوەش ئەوە پەسند دەکەن کە لێرەدا، نێوان چەمکی دوو زمان، یان دوو شێوازی بەکارهێنانی زمان کە هەردوو یەک حەقیقەت بەیان دەکەن و چەمکی دوو جۆری حەقیقەتی جیاواز، تێکەڵ کراوە؟ هەروەها بەبۆچوونی من راست نییە کە وێلرایت وتەزا ئاینی و شیعرییەکانی بە خودان ئەودیوەکی و پێوەستەیی زاتی دەزانێت. لەبەرئەوەی ئەم قسە دەلالەت لە بوونی یەک زاتی دەرەکی و پێوەندی نێوان ئەو و هزرێ ئاینی یان شیعری یان ئەفسانەیی دەکات، و پێوەندییەکی



ئارنۆڵد توینبی

لەو جۆرە، تایبەتە بە حەقیقەتی خەبەری یان زانستی. بەڵام ئەگەر بەرەنجام نووسەر (وێلرایت) بیتوانیبایە تایبەتمەندییەکانی حەقیقەتی شیعری یان ئاینی بەشێوەیەکی مەعقول و گونجاو بەدەستەوە بدایە، دەمانتوانی چاو لەم رەخنەیە بپۆشین. وێلرایت بۆ وەڵامدانەوەی رەخنەیەکی لەو جۆرە، بەشێکی کۆتاییی کتێبەکەی لەژێر ناونیشانی «بەیان و حەقیقەت» تەرخان دەکات، کە ئەنجامەکەی ئەمەیە: توخمی ئیخباری هەر رستەیەک، هەمان حەقیقەتەکەیەتی، بە واتای زانستی وشە، بەڵام وەکو هەر رستەیەکی خەبەری، کە داگری توخمی خەبەرە، سەرووتر لە رادەی خەبەری پەتی دەڕوات و بە کۆمەڵە توخمێکی سۆزداری و وروووژێنەریی دەگەوزێ، بۆیە لە گەڵیاندا دەکوڵێت و دەبێتە یەک. رەنگە ئەم قسەیە دروست بێ، بەڵام لە ئاراستەی ئەوەی کە توخمەکانی سۆزداری و وروووژێنەری و نائیخباری کە بۆ خەبەر زیاد دەکرێت، چۆن دەتوانێ جۆرێکی حەقیقەتی نا ئیخباری یان پێوەستەیی و ئەودیوەکی جەوهەری دروست بکات؟ بەگشتی بێ هێزە. بە بۆچوونی من وێلرایت تیۆرییەکی گونجاوی تەنانەت روون و مەعقولی لەمەڕ جۆرێکی حەقیقەت نییە کە جیاواز بێت لەگەڵ حەقیقەتی زانستیدا. کاتێ ئیقرار دەکات کە ئەو شتەی شێوەی شیعری بۆ حەقیقەتی ئیخباری شیعر ئیزافە دەکات «توخمەکانی سۆزداری و وروووژێنەرییە»، لە بری ئەوەی تیۆریی حەقیقەتی شاعیرانە بسەلمێنێ، رەتی دەکاتەوە. لە راستیدا لەگەڵ هەمان بۆچوونی مندا کۆکە کە ئەو شتەی شێوەی شیعر (بۆ حەقیقەتی خەبەری) ئیزافە دەکات، کەڵکەڵە و هەست، لێکچوواندن و نواندنی جوانی و قەشەنگی بەیان و ئەم شتانەیە، هەرگیز جۆرێکی نوێی حەقیقەت

نییە.

پرۆفیسۆر ئارنۆڵد توینبییش لە کتێبەکەی خۆیدا بە ناوی «پێناسەی مێژوونووسێک بۆ ئاین» گوزارشت یان گێڕانەوەیەک لە حەقیقەتی شاعیرانە بەدەستەوە دەدات. بەبۆچوونی ئەو «لە نێوان دوو دیمەن یان دوو ڕووی – حەقیقەت – جیاوازی هەیە کە هێزە زەینییە نایەکگرتووەکانی مرۆڤ ناتوانێ ئەو دووە بکاتە یەک. ڕوحی مرۆڤ خودان دوو بەشە: ئاستێک، ویستێکی ئاگا و ئاستێک ئەوپەڕی قووڵاییەکی سۆزداری نیمچەئاگا. هەریەک لەم دوو بەشە بە شێوازی تایبەتیی خۆیان، بە شووشە و بەناو شووشەیەکی تێر دەڕوانێت کە لە نێوان حەقیقەت و چاوی ناخەکی مرۆڤدا دانراوە و ڕێگرە و لە دۆخی دیار و شاراوەدا ڕای گرتووە: و بۆیە هەر دەرکێکی ناتەواو، دەستکەوتەکانی خۆی بە «حەقیقەت» ناودێر دەکات. بەڵام چۆنیەتییەکانی دوو ڕووی جیاوازی یەک حەقیقەتی یەکتایی شاراوەیی ئەوەندە لەگەڵ یەکدا جیاوازییان هەیە کە دوو بەشی ڕوحی مرۆیی هەیانە کە دۆزەرەوەێ «ڕووناکییە شکاوەکانە». ئەو حەقیقەتەی ڕوحی نیمچەئاگا (ویژدانی نیمچە هۆشیار) دەیدۆزێتەوە، بەیانە سروشتییەکەی لە شیعردا دەدۆزێتەوە، ئەو حەقیقەتەش عەقڵ دەیدۆزێتەوە، بەیانە سروشتییەکەی لە زانستدا پەیدای دەکات.

بە سەختی دەتوانرێت خاڵی سەرەکی ئەم تیۆرییە لە نێوان خوازەگەلێکی فراواندا کە پەرژینی داوە، دەربکێشرێ، بەڵام بنەوای ئەم وتەیە شتێکە هاوتای جیاوازی نێوان «بوون و نما» کە لە فەلسەفەی کانت و ئەو فەلسەفانەی کاری تێ کردوون، داڕێژراوە و خراوەتە ڕوو. ئەگەر وتەکەی توینبی سادە و سەرڕاست بکەینەوە، ئەنجامەکەی ئەمەیە کە حەقیقەت یەکە، بەڵام کاتێ ببێتە ئیدراکی دوو بەش یان دوو «ئەندام»ی جیاواز واتە عەقڵ و ویژدانی نیمچەئاگا، ئەوا دوو نمای جیاواز بە زەینی مرۆڤ دەگەیەنێ. لە بەشێکی تری هەمان کتێبدا دەڵێت کە حەقیقەت «ئامادەیی ڕوحانی»یە کە هەر هەمان «ڕەها»یە. دەتوانین بەم جۆرە هەڵێنجان بکەین، لەبەرئەوەی ئەم دوو ڕووەی حەقیقەت، نمایەک زیارەت نییە کە دەستکەلای بەش یان «ئەندامی»ی دەرک پێکردنەکەیەتی، کەواتە حەقیقەت «لە خۆیدا» دەبێت شیاوی نەناسین بێت. لەم حاڵەتەدا دەتوانین بڵێین حەقیقەت کە گریمانەی ئەم تیۆرییە بوو گەڕاوەتەوە و لایەنی ڕوخسارەکی وەرگرتووە کە لە ڕێگەی ویژدانی نیمچە ئاگاوە دەرکی پێ دەکرێت.

بەهەرحاڵ بەلایەنی کەمەوە ئەو مافەمان بۆ پارێزراوە کە بمانەوێ نمای حەقیقەت، بەو جۆرەی ویژدانی نیمچەئاگا وەری دەگرێت واتە حەقیقەتی شاعیرانە، بەشێوەیەکی مەعقولانە بۆمان ئاشکرا و سەلمێنراو بێت. یان ئەگەر ئاراستەی مەعقوڵی نەبێت، بەلایەنی کەمەوە بەشێوەیەک بخرێتە ڕوو، ئەگەر لە داهاتوودا بەرەو ڕووی بووینەوە، بیناسین، مەبەست لە مەعقوڵکردن، دانی ڕادە و هێڵە، چاوەڕوانیی گشتی و ڕێگربوونی پێناسەیەکی لەو جۆرە هەمان چاوەڕوانیی تیۆریی کامڵە لەبارەی حەقیقەت کە زۆریش مەعقوڵ نییە، بەڵام نابێ دەست لە داخوازی هەڵگرین. دەبێت بۆچوونمان هەبێت لەسەر ئەو شیکار و تیۆرییانەی کە تاکو ئێستا لەمەڕ ماهیەتی حەقیقەت بە

واتای زانستی وشـه، لەلایـەن فـەیلەسـووفـان و ئەهلی لۆجیکەوە خـراونەتە روو، بەڵام توێنبی لە بنەڕەتـەوە هەوڵێکی بۆ بەدەسـتـەوەدانـی تیـۆرییـەکی مـەعـقـوڵ نیـشـان نەداوە، ئەو وڵامـەی کـە دەتوانرێت لەم روانـگەوە بدرێتـەوە، ئەوەیە کـە ناتوانرێ لەمـەڕ جۆرێکی نامـەعقوڵ لە حـەقـیـقـەت، تیـۆرییـەکی مـەعقوڵ بخـرێتـە روو، بەڵام حـەقیـقەتی تێکچڕژاو لـە شیـعردا دەبێت بە ئاماژەکردنی بابەت و گەواهی تایبـەت نیشـان بدرێت. زۆر بە سـادەیی، دەبێت بتـوانین شیـعرێک بخـوێنینەوە و حـەقیـقـەتەکـەی ببـینین. ئەمـە هەمـان ئەو کـارەیە کـە لە سـەرەتاوە باسـمـان کـرد. واتە چەند دێڕ و پارچەیەکمـان لە تنیسـۆن، مـارلۆ، کـۆلریج، کیتس، رۆسـتی، براونینگ و سـوینبێرنەوە بـە ئومێد و تاسـەی دۆزینـەوە، لەمەڕ «رەها» گـواستـەوە. رەنـگە چەشـە و هەسـتیارێتی من لە بەرامبـەر شیـعردا کەمتر نەبێت لە کەسانی تر، ئەوەندە هەیە دڵکوێر و وشکەفەهم نیم. لەگەڵ ئەوەشدا، حەقیقەتی وا لە شیـعردا نابینم. تەنیـا مشـتێ حەقیـقەتی سـادەی واقیـعیی تێدا دەبینم، کـە وێڵرایت بە توخـمی خـــەبەری نـاودێری دەکــات. هـەروەها ســۆزداریـیــەکی باڵا و وێـنە و لێکچـــوواندنێکی دڵگیــر و مۆسیقایەکی جوانی پەیڤ و هاوشێوەی ئەمانە، تەنیا ئەوەندە و بەس.

ئەگەر گوزارشتەکەی توێنبی لە تیۆریی حەقیقەتی شاعیرانە راست بێت، بەلایەنی کەمەوە دەبێ لە نێــوان دوو نمای یەک حــەقـیـقــەتدا، هـاوتەریبی بەرقـەرار بێت. بە جـۆرێک لـە بەرامـبــەر هەر بڕیارێکی زانسـتیـدا لەمـەڕ حـەقـیـقـەت، بەهەمـان هێـزەوە بڕیارێکی شـاعیـرانەی هاوشـێوە لەمـەڕ حـەقیقەت هەبێ و بەپێچەوانەشەوە. ئەمـەش لەگەڵ ئەو تیـۆرییـەی کە زەینی مـرۆڤ دەبێ بەردەوام بتوانێ هەر دوو روو یان رەهەندی حـەقیقەت وەربگرێت، ناکۆکی هـەیە، ئەگەر هـاتوو لەمەڕ یەک لەو دوو «ئەندام»ە کـە وەرگری حـەقـیـقـەتن. «خـاڵی کوێ» هەبێ. بەڵام ئەو ئەگەرە هەیە کـە لە هەندێ باردا، پێوەندی حەقیقەتی شاعیرانە لەگەڵ حەقیقەتی عەقڵانیدا پەیدا بکەن و هەریەکەیان بەوی تر «تەرجومە» و هاوتا بکەین.

بێ گومـان پرۆفیـسـۆر توێنبی دەسـتی دەدایە «تەرجـومـە»گەلێکی لەو جـۆرە. دەنووسێ ویژدانی نیـمـچەئاگا، گێڕانەوەی وشک و خـاوێ – عەقڵ–ی لە کردەوە خـوار و سـوکەکانی سـەرکردەکانی گەلانی وەحشی، وەرگـرتووە و دەستکارییەکی تێدا کردووە و لە شـێوەی شیـعری قـارەمانیـدا دای ڕشتووەتەوە... «دیسانەوە بە گوزارشتی ئەو» دەست پێوەگرتن و تاسـەی مەسیحییەکان بۆ پەیامی مەسیح و باوەڕپێکردنیـان، نموونەیەکی ترە لە جێگۆڕکێ و «تەرجوومە»ی حـەقیقەتی نیمـچەئاگا بۆ زمانی حەقیقەتی عەقڵانی. سـەیر ئەوەیە حەقیقەتێک بۆ دەبێت لە شوێنێکدا «خوار» و لە شوێنێکدا «قارەمانی» بێت، بەڵام جگە لەوە ئاشکرا نییە کە حەماسە هۆمیرییـەکان چۆن – بە بەراورد لەگەڵ ئەو حـەقیـقـەتەی کە لە «گێڕانەوەی وشک و خـاوی کردەوەی خـواردا» – هـاتووە جـۆرێکی جیـاوازی حـەقیـقـەت یان روویەکی جیـاوازی هەمـان حـەقیـقـەت بەدەسـتـەوە دەدات. بە سـادەیی ئاشکرایە، بەهەمان شێوە کە شیعرەکەی کیتس هەمان حەقیقەتی هەبوو کە بە تەعبیری «گێڕانەوەی وشک و خاو»ی لەخۆ دەگرێت. بەبێ هیچ بریقوباقێک دەتوانین بڵێین دوو دڵدار لەناو زریاندا بزر بوون (یان

لەدەست چوون)، و ئەو شتەیٚ شاعیر بۆی ئیزافە کرد، جۆرێکی تری حەقیقەت نییە، بگرە کێش و ئاواز و وێنە و لێکچوواندن و کەڵکەڵە و حاڵە، بەم جۆرە هەم هەڵبەستەکانی هۆمیرۆس و حەماسە هۆمیرییەکان هەمان سەودا لەگەڵ تەعبیری کردەوەی خوار و سوکی سەرکردەکانی گەلانی وەحشی دەکات، و بەو رووداوە واقیعییانە نەک حەقیقەتێکی نوێ بگرە توخمگەلی سۆزداری و خەیاڵی نوێ زیاد دەکات.

ئەمە بەشێکی ئەزموونەکانی رۆژانەی هەموومانە کە شایەدعەیانەکانی یەک رووداو، بە گوێرەی خوڵق و خوو و تایبەتمەندییە کەسێتییەکانی خۆمان، گێرانەوەی جۆراوجۆری لێ بەدەستەوە دەدەین. یەک لایەنە پێکەنیناوییەکەی وەردەگرێت و ئەوی تر بە بەزمەسات دەخاتە روو. یەکێکی تر رەنگە زیاتر تراجیدیای تێدا ببینێت و شێوەننامەیەکی لێ بنووسێتەوە. هەمان رووداوی سادە رەنگە لە هەمان کاتدا، مایەی جوانی، ناشیرینی، بەرزی یان پیسی لە خۆیدا هەڵگرتبێ. یەکێک ئەم مایەیە دەبنێت و یەکێکی تر ئەو مایە. هەریەک لە شایەتحاڵەکان و گێڕەرەوەکان، هەموو یان بەشێکی حەقیقەت دەڵێنەوە و ئێمە ناچار و پابەند نین کە تیۆرییەکی میتافیزیکی لێهاتوانەمان هەبێت بۆ دوو حەقیقەت کە لەگەڵ ئەم بابەتە تێک بکاتەوە. ئاخۆ دوو گێڕانەوەی جیاوازی شەڕی ترۆی کە پرۆفیسۆر توێنبی ئاماژەی پێ دەکات، لەمە زیاتر شتێکی تری شاردووەتەوە.

بە بانگەشەی ئەم بابەتە، هیتلەریش وەک بلێی پاڵەوانگەری و شکۆ و مەزنێتی لە شەڕدا دیتووە، هەروەها هەموو ئاشتیخوازێکی توندیش کە بەهۆی بەرگری لە ئاشتییەوە گیان بە زنجیر و زیندان دەسپێرێ جگە لە وەحشیگەری و نەفرەت لە هەمان شەڕدا هیچی تر نابینێت. ئەمە تەواو بەرامبەرە بەهەمان دوو هەڵێنجان لە شەڕی ترۆی کە توێنبی ئاماژەی پێ دەکات. کەس وا بیر ناکاتەوە کە پێویست بێت بۆ کاردانەوەی هیتلەر و مرۆڤی ئاشتیخواز، دوو جۆری حەقیقەت دابتاشێن.

ئەنجامی قسەکەم ئەوەیە کە تیۆریی حەقیقەتی شاعیرانە، چی بە گوزارشتی وێلرایت و چی بە گوزارشتی توێنبی، یان هەر کەسێکی تر، مایەی رەتدانەوەیە.

سەرچاوە/ عرفان و فلسفة

یادەوەری

# محێدین زەنگنە
# پیرۆزمەندێکی تری ئەدەبی مرۆڤایەتی

غەفوور ساڵح عەبدوڵڵا

بە بۆنەی یەکەم ساڵوەگەڕی کۆچی دواییەوە

لە شارەکەمدا.. هەر کە ئێوارە دادێ زیندووەکان
لەسەر کۆمەڵێک لاشە پاڵ دەکەون
دڵی هاڕاو سروودی شیوەن دەگرێ
بۆ مرۆڤێک
ئەو ئێوارەیە کوشتیان و
چاوەکان گڕکانیان لێوە دەردەپەڕین
لە پێناوی لەدایکبوویەک، کە ئەم بەیانییە. باوەشی کرد
بە هەوادا
ئەم ئێوارەیەش دەیکوژن

محێدین زەنگنە



(من دوای هەموو شتێک و بەر لە هەموو شتێک. جەنگاوەرێکی شەریفم. یان بەلایەنی کەمەوە خۆم لە ئاوێنەدا وەها دەبینم. سەرەڕای ئەو هەموو زوڵم و ستەم و چەوساندنەوە و.. و.. و. کە دووچاریان بووم. بڕێک کەم تا زۆر میرخاسی و رەوشت و عەتف و سۆز و بەزەیی و شەفەقەتم تێدایە. بڕێک بەسە بۆ ئەوەی کە ڕێگەم لێ بگرن، تا لە مرۆڤایەتی خۆم دانەبڕێم و لەژێر پێمدا سەری نەبڕم و پەنا نەبەمە بەر چەپەڵترین چەک. کە ئەویش (سەبرە)..) ..

محێدین زەنگنە.. رۆمانی (هەڵەیەک هەیە.. لە شوێنێکدا).

هەر داهێنەرێک دەمرێت هەست دەکەم ژیان نیوەی تامی خۆی لەدەست دەدات. بێگومان محێدین لەو رەعیلە داهێنەرەی مرۆڤایەتی بوو. وەکو: مەکسیم گۆرکی و میخاییل شۆڵۆخۆف و نازم حیکمەت و نەجیب مەحفوز و غائب توعمە، فەرمان و بلّند حەیدەری و عەبدولڕەحمان مونیف و جەبرا ئیبراهیم جەبرا و سەلیم بەرەکات و یەشار کەمال و سادق هیدایەت و سەمەدی بەهرەنگی و بزورگی عەلەوی و زۆری تریش..

محێدین بەردەوام هەستی دەکرد لە شوێنیکدا هەڵەیەک هەیە لە هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤایەتیدا. بۆیە ئەدەبەکەی لەو ئەدەبە مەزنە بوو کە بەدوای ئەو هەڵە کوشندەیەدا دەگەڕا. وەکو سەرجەم داهێنەرەکانی تری نەوەکەی خۆی. محێدین سەر بە هیچ نەوەیەک نەبوو. سەر بە هەموو نەوەکانیش بوو. لە بواری شانۆنووسیندا مۆدێرن بوو. لە رۆمان و چیرۆکدا زۆرجار دەچووە جیهانی فەنتازیاوە. ئەو لەو قوتابخانەیە بەدوور بوو، کە نووسەرانی ریالیزمی سۆشیالیزم پێڕەویان دەکرد. ئەگەرچی هەڵگری بیروباوەڕی مارکسیزم بوو. بگرە ئەو ئەدەبی بۆ سیاسەت نەدەنووسی و چارەسەری حازربەدەستی پێ نەبوو وەکو ئەوانە. ئەو نووسەرێکی ریالیستی نوێخواز بوو. ئەگەرچی زۆرجار لە بواری شانۆدا لە شێوازی (برێخت) نێزیک دەبووەوە. شاعیر و رۆماننووسی ناسراوی عەرەبی عێراقی، فازڵ عەزاوی دەڵێ: (محێدین زەنگنە زۆر لە روحی بابەتەکانی دوور ناکەوێتەوە. مرۆڤ لە مەینەتییەکانیدا رووبەڕووی هێزی پاشگەزبوونەوەی مێژوویی دەبێتەوە و بە هەستێکی تراجیدی نووسەر لە پرۆسەکەدا دەمانخاتە ناوجەرگەی کێشەکەوە.. زەنگنە. لە تراجیدیای پاڵەوانەکەیدا بەرامبەر بەهێزی بەدکاریی بە دۆڕاوی نازانێت. بەقەدەر ئەوەی کە دەیبینێ خۆڕاگرییە بۆ روحی مرۆڤایەتی و دووپاتکردنەوەیە بۆ رووبەڕووبوونەوە. ئەگەرچی ئەوەیش دەبێتە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ قوربانی بە خۆی بدات.

ئەو واتایەکی نوێ دەداتە پاڵەوانیەتی. ئەگەر پاڵەوانە کۆنەکە رووبەڕووی دوژمنەکانی دەبێتەوە و بەسەریاندا زاڵ دەبێت. بەڵام پاڵەوانەکەی زەنگنە رووبەڕووی دوژمنەکانی دەبێتەوە، بەڵام لە بەرامبەریاندا دەدۆڕێت. ئەمەیش سەرکەوتنی ئەوە کە بە هۆشمەندییەوە هەڵی دەبژێرێت. ئەوان دەیانەوێت تەنازول بکات لە کێشەکەی کە بە (سەنائی) خۆشەویستی هێمای بۆ کردووە. ئەگەرچی ئەو دەتوانێ لەسەر کاغەزە سپییەکەیان بۆیان واژوو بکات و خۆی لە کۆتاییەکی تراجیدی رزگار

بکات، کە لە چارەنووسی ئەو پێک هاتووە. بەڵام ئەو روحی خۆی دەدۆڕێنێ و پەندێکی دێرینمان بیر دەخاتەوە: (چ سوودێکی هەیە ئەگەر مرۆڤ هەموو دنیای قازانج کرد و خۆی دۆڕاند) ئەمە لە لایەک. لەلایەکی ترەوە هەڵوێستەکانی هەمەنگوای لە (پیرەمێرد و دەریا) (مرۆڤ تێک دەشکێت بەڵام خۆی بەدەستەوە نادات). واتای کۆتایی لەم هاوارە مرۆڤایەتییەدایە کە دەیەوێ ئیعتبار بگەڕێنێتەوە بۆ ئازادی. دژ بە ترس و چەوساندنەوە و لاوازی و بە ئازایەتییەوە دەبێ مرۆڤ چارەنووسی تراجیدی خۆی قبوولّ بکات. کاتێ کە ئەوە پێویست دەبێت .. زۆرتر لەوەیش ئەو ترپەی دڵە شێواوە هەیە بۆ دڵی مرۆڤایەتی. جوانییەکەی لەم بەرگریکردنە گەرمەوە دێت بۆ ئازادیی مرۆڤ و بەرگری دەکات و دەشمرێت کاتێ شەوی بەردەممان تاریک و نووتەک دەبێت.

بەشێکە لە نووسینێکی دوور و درێژ لە رۆژنامەی (تەریق ئەلشەعب) ژمارە ٨٨٩ ، ١٩٧٦

محێدین زەنگنە لە گەڕەکی (شاترلو)ی شاری کەرکووک لە بنەماڵەیەکی ناسراوی زەنگنە ساڵی ١٩٤٠ لەدایک بووە. ئەوەی چیرۆکی (منداڵییەکی هەڵوەشێنراو)ی بخوێنێتەوە، تێ دەگات کە منداڵێکی خێرنەدیو بووە. بێگومان زۆر لایەنی منداڵیی محێدینی تێدا بەدی دەکەین. دەبینین (نزار)ی منداڵ چۆن هەژاری منداڵیی لێ دەسێنێتەوە و لە شارەکەی خۆی و نیشتمانی خەونەکانی دووری دەخاتەوە. ساڵی ١٩٦٢ کۆلیجی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا بەشی زمانی عەرەبی تەواو دەکات. لە ساڵی ١٩٦٤ لە خانەقین بە مامۆستا دادەمەزرێت. ساڵی ١٩٧٠ زۆربەی چیرۆکەکانی بڵاو دەکاتەوە بە ناوی (مەرگی شەش گۆشەیی). محێدین ئەگەرچی کەرکووک وەکو (ئۆکلاهۆما)ی ولیەم فۆکنەر بەردەوام لە بەرهەمەکانی حزووری هەبووە. وەکو لە کۆمەڵەچیرۆکی (ئەو نووسینانەی خوازیارن ببن بە چیرۆک) کەرکووک حزوورێکی چڕی هەیە. گەرچیش بۆ دەیان ساڵە لێی دوور کەوتووەتەوە، واتا لە ساڵی ١٩٦٢ەوە: (ئەی کەرکووک شارەکەم.. کانیاوی بەخشندەی ژیانم... کە لەوەوە قەڵەمەکەم ئاوی خۆی وەردەگرێت و بەری خۆی دەدات و. خەونی خۆی دەبەخشێ..).. راستە بەزمانی عەرەبی دەینووسی. بەڵام بەبابەت و روحێکی کوردانەوە. کاکە محێدین تاکە نووسەری کورد بوو کە کوردی بەجیهانی عەرەبی ناساند و زانییان کە کوردیش نووسەری داهێنەری وەکو ئەوی هەیە. زۆربەی شانۆنامەکانی دەرهێنەرەکانی عەرەب بە پەرۆشەوە بەپیریەوە چوون و دەریان هێناوە و لە وڵاتانی خۆیاندا پێشکێشیان کردوون و. چەندان خەڵاتی عەرەبیی وەرگرتووە. رۆماننووسی عێراقی (زوهێر جەزائیری) کە هات بۆ پرسەکەی لە سلێمانی وتی: هەموو نووسەرانی عێراق بۆ پارە شتیان بۆ سەدام نووسی. تەنیا محێدین کۆڵی نەدا و هیچی بۆ بەعسییەکان نەنووسی.

محێدین زەنگنە لە ساڵی ١٩٧٦دا رۆمانی (ئاسۆس)ی بڵاو کردەوە، کە باس لە خێزانێکی کورد دەکات بۆ باشووری عێراق راگوێزراوە، کوڕێکیان هەیە ناوی (ئاسۆ)یە و کەوێکی هەیە ناوی ناوە (ئاسۆس) بە ناوی چیای ئاسۆسەوە. کە ئەو کەوە دەبەن بۆ باشووری عێراق لەوێ مردار دەبێتەوە. واتا لە شوێن و خاکی خۆی دەرکراوە. واتا کورد دوور لە خاکی خۆی بوونی نامێنێ.

دواجار شانۆگەریی (کاوە دڵدار) کە گوزارشتە لە کاوەیەکی هاوچەرخانە.. محێدین ئەندامی گرووپێکی داهێنەر بوو لە کەرکووک، کە یەکە بەیەکەیان شوێن پەنجەیان هەتا هەتایە دیارە لەسەر ئەدەبی هاوچەرخی عێراقی، پێیان دەوتن (جەماعەتی کەرکووک)، کە ئەم داهێنەرانە بوون: محێدین زەنگنە، زوهدی داوودی، یوسف حەیدەری. جەلیل قەیسی. فازڵ عەزاوی. سەرگۆن پۆڵس، موئەید راوی. ئەنوەر غەسانی، جان دەمۆ، قەحتان هورمزی. قەشە یوسف سەعید..

محێدین زەنگنە لەگەڵ ئەو چوار داهێنەرەی ئەدەبی مرۆڤایەتیدا. داهێنانی کوردیان بە دنیا ناساند: خۆی و یەشار کەمال و سەلیم بەرەکات و یەڵماز گونای بەزمانی دایک نا. بگرە بە زمانی تورکی و عەرەبی. وەکو ئەوەی کە کوردیش بەشێکە لە داهێنانی مرۆڤایەتی. برادەری و دۆستایەتی من و محێدین دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ساڵی ١٩٨٠. کە ئەو کاتە من فەرمانبەر بووم لە بەغدا و زۆربەی پێنجشەمە و هەینییەکان لە باقووبەوە دەهات بۆ لای من و موکری و سەلاح شوان. یەک دوو شەو و رۆژی لەگەڵماندا بەسەر دەبرد و دواجار دەگەڕایەوە بۆ باقووبە کە ماڵی لەوێ بوو و هەر لەوێش مامۆستا بوو. ئیدی موکری چوو بۆ شاخ و منیش لە ١٩٨٤ گوێزرامەوە بۆ هەولێر ئیدی ئەو بەیەکگەیشتنانەی بەغدامان کەڵێنی تێ کەوت. لە بۆنەکانیشدا کە دەهات بۆ هەولێر زۆربەی کاتی لەگەڵ من و کاکە مەم بۆتانی بەسەر دەبرد. جاربەجاریش دەهات بۆ سلێمانی بۆ لای رەئووف بێگەرد. هەتا شێرکۆ بێکەسیش نەچووبوو بۆ شاخ دەهات بۆ لای ئەویش، بەڵام کاک حوسێن عارف سەردەمێک ماڵی لە بەغدا بوو دواجار گوێزرایەوە بۆ هەولێر کەم ئەوی دەبینی مەگەر لە هەولێر. هەموو برادەرەکانی ئەمانە بوون لەگەڵ کاک مستەفا ساڵح کەریمدا. کە هات بۆ سلێمانیش دۆستایەتی خۆش بوو لەگەڵ شاعیر و دادوەر قوبادی جەلی زادە، ئەمە سەرەڕای کاک رەشید خۆشناو، کە ساڵانێکی زۆر بوو لە برادەرە نێزیکەکانی بوو. لە دوا ساتەکانی ژیانیدا بەدیار سەریەوە بوو، ئەگەرچی کاک رەشید کەسێکی پیشەیی باڵایە. بەڵام لە ئەهلی قەڵەم نییە و کەسێکی رووناکبیرە. محێدین زوو دەبووە برادەری مرۆڤی چاک. سەرناسیش بوو لە برادەر هەڵبژاردندا. لە باقووبەیش رەخنەگری عێراقی (سەباح ئەنباری) و یەک دوو برادەری عەرەبی هەبوو. لە بەغدایش شاعیر و رۆماننووس و شێوەکار (یوسف سایغ) بەر لەوەی بەرائەت بدات لە حزبی شیوعی. زۆر شەو لە ماڵی ئەودا دەمایەوە، بەڵام دوای ئەوەی یوسف هەرەسی هێنا و بوو بە بەعسی ئیدی وازی لێ هێنا و تەنانەت مەرحەباشی نەدەکرد. هەروەها رەخنەگری عێراقی یاسین ئەلنەسیر و شانۆکاری کۆچکردوو عادیل گۆرگیس و لە کەرکووکیش لە برادەرە دێرینە هاوشارییەکانی داهێنەری کۆچکردوو جەلیل قەیسی.

کاکە محێدین کەسایەتیی خۆی و کەسایەتیی ئەدەبەکەی وەکو یەک وابوو، نەیدەتوانی دووفاق بێ وەکو زۆر لە نووسەر و ئەدیبانی ئێستا، کە ئەدەبەکەیان شتێکە و خۆیان شتێکی ترن! زۆرجار پێی دەوتم (غەفور) تۆ نووسەری زۆر لەم سیاسییانە گەورەتری و نابێ ئێمە دوایان بکەوین. دەڵێن باڵندە کۆچەرییەکان چەند دوور بڕۆن ئەنجام دەگەڕێنەوە بۆ هێلانە دێرینەکانیان، محێدین دوور

ڕۆیشت و بە بێ نەخشە و پلان گەڕایەوە بۆ نیشتمانەکەی و گردی سەیوانی کرد بە دوا مەنزڵگەی. بەم دواییەش ڕۆژانە کردبووی بە یەکێک لە تەقسەکانی ژیانی. لە ماڵی خۆیانەوە کە نێزیک سەندیکا و یانەی ئەندازیارانە. دەمەوعەسران دەهاتە دەرەو بەپیاسە دەچوو بۆ باخی گشتی و تا ئێوارەیەکی درەنگ لەوێ دەمایەوە. زۆرجار منیش پێی دەگەیشتم پێکەوە دادەنیشتین و قسەمان دەکرد، ئیدی دواجاری جیا دەبووینەوە، ناوم نابوو باخەوانە بێ مووچەکەی باخی گشتی. محێدین زۆر حەزی لە گوڵ و گوڵزار و سروشت بوو. حەزی دەکرد هەموو کات دۆستی گیانلەبەرە بێوەیەکانی ژیان بێت، جوانترین شانۆگەری نووسیوە بە ناوی (گوڵەکان بۆ کێن). ئەگەر حەزی خواردنەوەی بووایە دەیوت با بڕۆیین دەچین بۆ یانەی فەرمانبەران. زۆر شەو لەگەڵ قوبادی جەلی زادە و موکری و من و عەباس محەمەد و حەمە رەوف کەرکوکی دادەنیشت.. باوکی (ئازاد) لەو مرۆڤە دەگمەنانە بوو. وەکو (هنری میلەر) دەڵێ دەردیسەریی زۆری دیبوو. بەڵام گازندەی نەدەکرد. لە کەسیش نەدەپاڕایەوە هێندە نەفسبەرز بوو. چونکە ئەو بۆ ئەدەب خوڵقابوو. دەبوو وەکو ئەدەبی راستەقینە بێت. محێدین شتێک هەبوو نەیدەزانی و پەییشی پێ نەدەبرد. ئەویش درۆ بوو. ماوەی (٣٠) ساڵ بوو برادەری نێزیک بووین. هەرگیز قسەیەکم لێ نەبیستبوو کە بۆنی ناڕاستی لێ بێت، ئەگەرچی ئێستا لەناو نووسەرەکانماندا درۆکردن بووەتە ئەتەکێتی ڕۆژانە بەداخەوە! محێدین لەم ساڵانەی دواییدا تووشی نەخۆشی شەکرە ببووبوو. تا وای لێ کرد چاوەکانی پەک خستبوو. لەم دواییە نەیدەتوانی نەبنووسێ و نەبخوێنێتەوە. یان تەماشای تەلەفزیۆنیش بکات. لە دواساتەکانی بە تەواویی بێنایی لەدەست دا و تووشی زەبحەی دڵ بوو و دواجار بەسەکتەی مێشک لە نەخۆشخانە ماڵئاوایی کرد.

ڕۆژی دووەمی پرسەکەی (زوهێر جەزائیری) هات بۆ سلێمانی و وتی مامەڵەی سەفەرەکەیمان تەواو کرد بۆ رووسیا بۆ چارەسەری چاوی. بەڵام ڕۆژێک بەر لەوە بە نەخۆشیی دڵ گیانی بەخشی. کە هەگیز ترسی ئەو نەخۆشییەی نەبوو.

شانۆنامەکانی کە دەیان تیپی عەرەبی و کوردی پێشکێشیان کردوون. لەسەر شانۆکانی وڵاتانی عەرەبی و ئەوروپا و عێراق و کوردستان و چەندان خەڵاتی عەرەبی و عێراقی و جیهانیی وەرگرتووە:

١- ئاهەنگ لە نیساندا.. ١٩٥٩

٢- قومقومۆک.. ١٩٦٩.

٣- ئاماژە.. ١٩٦٥.

٤- نهێنی.. ١٩٦٨.

٥- کوللە..١٩٧٠.

٦- پرسیار.. ١٩٧٥. خەڵاتی باشترین دەقی وەرگرتووە.

٧- مۆڵەت.. ١٩٧٧.

٨- لە پێنجیەکی پێنجەمی سەدەی بیست ئەمە روو دەدەات .. ١٩٧٩.

٩- کۆترە باریکە.. ١٩٨٠.

١٠- ئێوارەتان باش ڕەشپێستە سپییەکان.. ١٩٨٨.

١١- قووتوی بەردین.. ١٩٨٢.

١٢- گوڵەکان بۆ کێن.. ١٩٨٣.

١٣- هاواری بێدەنگیی کەڕولاڵ.. ١٩٨٧.

١٤- چیرۆکی دوو برادەر.. ١٩٨٦.

١٥- پاسەوان.. ١٩٨٧.

١٦- درک.. ١٩٨٨.

١٧- ئەی بەرد قسە بکە.. ١٩٨٩.

١٨- کاوە دڵدار.. ١٩٨٩.

١٩- سزا.. ١٩٩٠.

٢٠- پشیلەکان.. ١٩٩٢.

٢١- مەرگی هونەرمەند... ١٩٩٤.

٢٢- پۆشاکی مەرگ.. ١٩٩٩.

٢٣- یەکێک دێت.. ٢٠٠٠.

٢٤- خوانی لاکێشەیی.. ٢٠٠٠.

٢٥- خەونی پاشا.. ١٩٩٩.

٢٦- گەورە کچ.. ٢٠٠١.

٢٧- لەگەڵ بەرەبەیاندا هات.. لەگەڵ بەرەبەیاندا ڕۆیشت ٢٠٠٠.

٢٨- زنجیر.. ٢٠٠١.

٢٩- پاپۆڕ.. ٢٠٠١.

٣٠- ئەنگوستیلە.. ٢٠٠٢.

٣١- دەقی شانۆیی.. ٢٠٠٤.

٣٢- سزا بە پێکەنین.. ٢٠٠٧.

٣٣- نزیک عرش.. لەسەر تەرم.

٣٤- لەیەکچوو.. ١٩٨٧.

٣٥- ژن ئەو، ژن..

رۆمانەکانی:

١- ئەوان. یان خۆشەویستی بە نیشانە دەمێنێتەوە.. ١٩٧٥.

٢- ئاسۆس ١٩٧٧.

٣- گەڕان بە دوای شارێکی ترەوە.. ١٩٨٠.

٤- پرووشەکانی خەونێک بە دوای خەونەوە دەگەڕێت.. ١٩٩٧

٥- هەوڵدانی ڕاوکردنی خەون ١٩٩٩.

٦- هەڵەیەک هەیە.. لە شوێنێکدا ٢٠٠٩.

چیرۆکەکانی:

١- ئەو نووسینانەی دەیانەوێ ببنە چیرۆک ١٩٨٤.

٢- چیا و پێدەشت ٢٠٠٢

سەرەڕای چەندان دەقی شانۆیی و رۆمان و چیرۆک، کە بڵاوی نەکردوونەوەتەوە.. چاوەڕێی ئاوڕدانەوەن کە دوای مەرگی بڵاو بکرێنەوە..

***

(هەموو درۆکانی جیهان ناتوانن راستی بشارنەوە)

محێدین زەنگنە

لەناو قەومی بەسیتا قەدری سەنعەتکار

وەکو عەکسی قەمەر وایە لەناو حەوزێکی لێخندا.

(گۆران)

ئەوەی ئاشکرایە کە محێدین زەنگنە لە دەوروبەرە عەرەبی و گۆڕەپانی ئەدەبی عەرەبیدا لەگەڵ سەلیم بەرەکات و زوهدی داوودی دا، وەکو سێ نووسەری کورد ناسراون نەک عەرەب کە بەعەرەبی دەنووسن. کەچی یەشار کەمال کە بەرەگەز کوردە وەکو نووسەرێکی تورک ناسراوە، هەربۆیەش عەرەبەکان دەڵێن یەشار کەمال ئەفسانەی گەلی تورک. بەڵام بێ ئەوەی کەس نازناوی وەهای بە محێدین زەنگنە و سەلیم بەرەکات و زوهدی داوودی دابێت کە نووسەری گەورەی عەرەبن.

هەندێک خۆیان نە نووسەرن و بگرە نەکیرەشن و وەکو هەڵوێستیش بێهەڵویست بوون، دەڵێن محێدین زەنگنە چی کردووە بۆ کورد؟! جارێکیان یەکێک لەو نەکیرانە لە چاپخانەی شەعب وتی

مـحـێدین زەنگنە چـی کردووە بۆ کورد!. کـەچی خـۆی نە هیـچـی کردووە بۆ کورد و بگرە دەسـتی لەگـەڵ بەعسـیـیـەکـان تێکەڵ کردبوو بـۆ پلە و پایە، رۆژێکیش بە دڵسۆزی هـەناسـەیەکی سـاردی هەڵنەکـێـشـابوو بۆ کـورد! بەڵام مـحـێـدین زەنگنە هـەر لە تافی لاویدا چووەتە کـۆڕی خـەباتی نیشتمانییەوە و بەتایبەتی لە ریزەکانی حزبی شیوعی عێراقدا، ئەگەرچی محێدین خەمی سیاسیی نەبوو، چوونە ڕیزی ئەو حـزبەیشـەوە تەنیـا بۆ ئەوە بـوو بیـسـەلمێنێ کـە لەبەرەی مـیللەتە و خەمخۆرێتی، بۆیە دەبینین ئەدەبە داهێنەرانەکەی هەموو کات بۆ بەرەی گەل بووە، دەربڕین بووە لە خواستەکانی مرۆڤی ئەم وڵاتە سەرەڕای ئەوەی کە رووناکبیرێکی ئەنتەرناسیۆناڵیش بوو.

مـحێدین زەنگنە لە سـاڵی ١٩٥٧ لە کـەرکـووک لەسـەر کـتێبی کوردی و مـارکسـیـەت دەسـتگیر دەکرێت، کە ئەوسا تەمـەنی حەڤدە ساڵ بووە، ساڵی ١٩٦٣یش بووە پێشمـەرگە لە ڕیزەکانی حزبی شـیـوعـیـدا لە بنکەی خـۆرنەوەزان. مـحـێـدین نازناوی خـێـڵـی (زەنـگـنە)ی بۆیـە هـەڵگرت وەکـو نیشـانەیەکی کوردایەتی و کـوردبوونی خـۆی، بەهۆی ئەوەیشـەوە لە کـەرکـووک لەگـەڵ تورکـمـان و عـەرەبەکـاندا تووشی کـێـشـە بووبوو، ئەگـەرچی نـازناوەکـەی لە پاڵ ئەدەبەکـەیدا وەکـو کـوردێک بەدنیایان ناسـاند و ئەویش کوردی بە دنیا ناساند. بەڵام هەڵویستی گەورەی محێدین زەنگنە ئەوە بوو تا مـرد سـەری بۆ دوژمنەکـانی گـەلەکەی شـۆڕ نەکـردبوو، بەڵام ئەو نـەکـیـرانەی وەکـو ئەوەی چایخـانەی شـەعب باسم کـرد، بۆ پـلەیەکی زانکۆیی بـووە بەعـسی. زەنگنەیش تەنیـا نـانی مامۆسـتاییەکەی و قەڵەمەکەی خۆی دەخوارد، هەموو کات دەربەدەر و دوورخراوە لە زێدی خۆی. ئەوانەی لە نێزیکەوە مـحێدین زەنگنەیان دەناسی پیـێـان سـەیر بوو کە زۆر نووسـەر شـتیـان بۆ بەعس نووسی، نەیانتوانی تەنیا کار لەو بکەن، ئەگەرچی چەندان ئیغرائاتیـان خسـتە بەردەمی، بەڵام کـۆڵی نەدا و وەکـو شـەڕوانێکی شـەریف مـایەوە، وەکـو لـە رۆمـانی (هەڵەیەک هەیە.. لە جێگایەکدا) دەڵێ: (دوای هەموو شتێ و پێش هەمـوو شتێ، جەنگاوەرێکی شەریفم.. یانی بەلایەنی کەمەوە بەو شێوەیە خۆم لە ئاوێنەی خۆمدا خۆم دەبینم ..). لە سـەرەتای ساڵانی هەشتاکاندا لە بەغدا رۆمـاننووسی گەورەی کۆچکردووی مەغریبی (محـەمـەد زەفزاف)م بینی، وتی ئێوەی کورد نووسـەرێکی گەورەی وەکو مـحێدین زەنگنەتان هەیە لە مـەغریب زۆر بەنـاوبانگە، لە تونس داوایان لێ کرد لە وەزارەتی رۆشنبیریی ئەو وڵاتە ببێتـە راوێژکاری شانۆ، کە بەهیچ نووسـەرێکی عەرەبی عـێـراقـیـیـان نەدابوو، بەڵام لەبەرئـەوەی ئەو کاتە هێشـتـا منداڵەکانی گـەورە نەبوون و نەیتـوانی بەجێیان بهێڵێ، بۆیە ئەو داوایەی رەت کردەوە، چوار منداڵەکەیش ناوی کوردی لێ ناون.

مـحـێدین زەنگنە گـەلێک لە بەرهـەمـەکـانی، چ چیرۆک یـان رۆمـان یان شـانۆیی بۆ کێشـەکـانی گەلەکەی نووسـیـوە، لەوانە رۆمانی (ئاسـۆس)، کۆمـەڵە چیرۆکی (ئەو نووسینانەی کە خواستیانە ببن بە چیرۆک)، یان شانۆگەری (کاوە دڵدار) کە جەمـال غەمـبار کردوویە بـە کوردی و شـانۆگەری (هاواری بێـدەنگیـیـەکی تـاسـاو) کـە (مـەجـیـد اللامی) لە رۆژنامـەی (التـاخی) ژمـارە ٤١٦٥ ی ٢٠٠٤/٢/٢٩ نووسـینێکی لەسـەر نـووسـیـوە کـە چۆن باسی ئازارەکـانی کـورد دەکـات لەو

شانۆگەرییەدا. یان زۆربەی چیرۆکەکانی (ئەو نووسینانەی خواستیانە ببن بە چیرۆک) باسی کەرکووک دەکات وەکو دەوروبەرێکی کوردی، یان لە رۆمانی (ئەوەی کوڕە کوردستانییەکە بە جیهانی وت) کە لە ساڵی ١٩٧٠ لە کۆواری (الاقلام) لەبەر مەسەلەی ئەمنی بەناوی (مردن بە شەشگۆشەیی)دا بڵاو بووەوە. لە پێشەکییەکەیدا ئەمەی نووسیوە: (ئەوەتا دووبارە سەربەستیم لەسەر شانم هەڵگرتووە، دەیگەڕێنمەوە لەگەڵ خودە پەرت و بڵاو و پارچە پارچەکەمدا.. بۆ کەرکووک، بۆ شارەکەم، کە منیان لێ داماڵی و لێیان داماڵاندم بەر لە سەردەمێک و هەموو وردەکارییەکانیان دزی)، یان لە پێشەکیی چیرۆکی (چیا و مار)دا بابزانین محێدین زەنگنە چەند بۆ گەلەکەی دەسووتا: (لە نێوان کاغەزەکانمدا لە کاتی رێکخستنیاندا ئەم چیرۆکەم دۆزییەوە، دیارە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی کە کوردستان رووبەڕووی دڕندەترین هێرشی فاشیانەی کوللەیی هارانە دەبووەوە، بۆ ئەوەی بەشداریی گەلەکەم بکەم لە بەرگریکردن و رووبەڕووبوونەوە، هەر هیچ نەبێ بەبارێکی تردا، کە ئەویش نووسینە، ئەمەیش لاوازترین بڕوایە، ئەم چیرۆکە هەڵچوونی پێوە دیارە، لەبەرئەوەی چ نووسەرێک، یان هەر نووسەرێک چۆن هەڵناچێت کە بزانێ گەلەکەی دووچاری لەناوبردن دەبێت، بێگومان بواری بڵاوکردنەوەی نەبوو، بۆیە وازم لێ هێنا تا رێگەیەک بدۆزمەوە بۆ ئەوەی دەربازی بکەم بۆ ناوچە رزگارکراوەکانی کوردستان، تا لەوێ و لەژێر ناوی خواستراودا بڵاوی بکەمەوە، کە وەکو هەموو جارێک ئەوەم دەکرد. یان لە پێشەکیی چیرۆشانۆگەریی (پەڕاوەکانم)دا –اوراقی– کە بۆ هەڵەبجەی نووسیوە، نووسیویەتی: (بۆ هەڵەبجە، بۆ گۆڕنیکای سەردەم، بۆ جەستەم کە بۆمبا و ژەهرەکان پارچە پارچەیان کرد)، پانتۆمایمێکە و باسی هەڵدانەوەی گۆڕێکی بە کۆمەڵ دەکات لەلای چیای ماوەت، کاتێ ئەو گۆڕە بە کۆمەڵە لەلایەن (مام وەیس)ی شوانەوە دەدۆزرێتەوە.. ئەگەرچی زۆربەی شانۆگەرییەکانی کراون بەکوردی لە شانۆکانی کوردستان پێشکێش کراوان وەکو (مۆڵەت)، (گوڵەکان بۆ کێن)، (کاوە دڵدار)، (نهێنی)، (پرسیار)، ( ئێوارەتان باش ئەی رەشپێستە سپییەکان)، (هاواری بێدەنگیی لاڵ)، ئەگەرچی لە دووتۆی بەرهەمەکانی تریدا ئازارەکانی کوردیان تێدایە.. بۆیە محێدین زەنگنە نووسەرێکی بلیمەتی کورد بوو، کەسیش ناتوانێ موزایەدە بکات لەسەر ئەوەی کە زەنگنە تا سەر ئێسقان بۆ گەلەکەی دەسووتا، ئەندامی فەخریی یەکەتیی نووسەرانی کوردیش بوو و لە هەموو کۆبوونەوەکانی حەفتاکانیدا بەشدار دەبوو. ئێستایش گردی نەمران لە سلێمانی (سەیوان) شانازی دەکات، کە کوڕە دڵسۆزەکەی (محێدین زەنگنە) گەڕایەوە باوەشی، لەبەرئەوەی گردی شێخ محێدین و هەموو گردەکانی تری کەرکووکیش وەکو سەیوان دوا مەنزڵگەی کوڕە بە ئەمەک و دلێرەکانی کوردن. وا بزانم ئێستایش کاکە (موحی) لەوێ مەقامەکەی ساڵح دیلانی بیر دەکەوێتەوە و بەزمانی ئەوەوە بە(مامە کڕنۆ) دەڵێ: (مامە کڕنۆ، راکشاوی سەیوانەکەم، سەر ڕەحەت دڵ بێ گرێ گوێ بگرە بۆ داستانەکەی محێدین زەنگنە)..

گفتوگۆ

# ئایا چیرۆک کایەیەکی سەربەخۆیە لە بەردەم دنیادا؟

سازدانی: سۆران عەزیز



میقداد شاسواری:

**ئەدەب زیاتر درۆیەکانی مێژووی ڕاست کردووەتەوە نەک بەرهەمهێنەری مێژوویەکی درۆزنانە**



فەڕووخ نیعمەت پوور:

**تەنانەت دەقی خراپیش خۆی لە خۆیدا پرسیار دێنێتە ئاراوە**

ئاخۆ چیرۆک کایەیەکی سەربەخۆیە لە بەردەم دنیادا، یاخۆ هەڵگری کۆمەڵێ پەیامە لە دەرەوەی چیرۆک خۆی؟ ئەو بنەوایانە چین وا دەکەن چێژ لە چیرۆک ببینین؟ ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو، چیرۆکی کوردی یان ئەدەبی کوردی وەک هەبوویەک هەبووە و هەیە، بەدیدی بیبلۆگرافیانە و بەردەوام هەوڵی سەلماندنی خۆی داوە، بەڵام ئەوەی جێی پرسیارە ئەوەیە کە لەگەڵ ئەوەی بەردەوام ئەوەندەی هەوڵی سەلماندنی داوە، ئەوەندە هەوڵی ئەوەی نەداوە پرسیاری جیدی بێنێتە ئاراوە. بۆ نموونە نەیتوانیوە پرسیار لە خەسڵەت و گرفتەکانی ئەوکاتی مرۆڤی کورد بێنێتە ئاراوە. ئاخۆ نەبوونی پرسیار لە ئەدەبیاتی کوردیدا هۆکارەکەی چییە؟ - پێتوایە لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا، چەمکی داهێنان، مێژوویەکی درۆزنانەی بۆ بەرهەم هێناوین، ئەوەندە کەسی نووسەر بایەخی بەوە داوە وەک ئەدیبێک یان وەک داهێنەرێک بناسرێت، ئەوەندە گرینگی بەداهێنانی دەقی جیدی نەداوە؟ ئێمە زۆر کەسمان هەیە لە زانکۆکاندا نامەیەکی ئەدەبی دەنووسن، تەنیا بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەیەک، دوای ئەوەی کە دەبێتە مامۆستا، توانای لێکۆڵینەوەیان زۆر کەمە، وەڵامی ئەم پرسیارانە، هەردوو وەرگێڕ و چیرۆکنووس (میقداد شاساواری و فەروغی نیعمەتپوور) ئاوها وەڵامیان داوەتەوە؟

**میقداد شاسواری:**

ئەگەر دان بەو ڕاستییەدا بنێین کە خودی مێژوو، تژییە لە کۆمەڵێک گێڕانەوەی درۆ، ئەوا ئەدەب بەگشتی و ئەدەبی کوردی بەتایبەتی تاوانبار ناکەین بە بەرهەمهێنانی مێژوویەکی درۆزنانە.

ئەگەر بمەوێ خۆم لابدەم لە وەڵامدانەوەیەکی تەقلیدی و چیرۆکت بۆ پێناسە نەکەم وەک ژانرێکی ئەدەبی، کە پێم وابێ، مەبەستی پرسیاری تۆش ئەوە نییە. دەبێ بڵێم (چیرۆک) دنیایەکی تژی لە خەیاڵ و ئەفسانە و فانتازیایە و کۆمەڵێک کەسی جوان و ناشیرین و باش و خراپ تێیدا تەراتێن دەکەن و چیرۆکنووسیش کە خۆی بە خولقێنەری ئەو دنیایە دەزانێ لەو دوورە دەوەستێ و سەیری دنیایەکەی خۆی دەکات. جاری وا هەیە لێی ڕازییە و جاری واش هەیە بە ڕاوەستاندنی دەستێک لە هەوادا دنیاکە دەسڕێتەوە تا سەرلەنوێ بەشێوازێکی تر بنیاتی بنێتەوە. لە گەمەکانی قۆناخی

منداڵیدا زۆرجاران ئەوەمان وەبیر دێتەوە بەتایبەتی ئێمە کە لە گوند و لادێکان بووین زۆر جاران چوارچێوەیەکی خواروخێچمان دەکێشا و دەمانکرد بە سنووری قەڵەمڕۆی خۆمان و لەناویدا سەیارەیەکی لە قوڕ دروستکراو و هەندێ کەر و مانگا و بزن و داروبارمان لەناوی دادەنا و هیچ یەکیش لەو دنیا بچووکانەی دروستمان دەکردن لەیەک نەدەچوون. لەبەرئەوەی زەینی هەر یەکێک لە ئێمە توانای بیر و خەیاڵمان لە یەکتری جیاواز بوو. بەڵام خەیاڵ پانتاییەکی زۆری دنیا بچووکەکانمانی پڕ دەکردەوە. دواتر کە گەورەتر بووین و تاکوتەرامان کەوتینە ناو چیرۆک نووسین تازە لەوە گەیشتین کە چیرۆکیش.

هەر لە بیرۆکەکەی و فەزاسازی و کەسێتییەکانی و رووداوەکان و تەوزیفکردنی هەموو ئەوانە لە خزمەت بنیاتنانی چیرۆکێکدا . هەمان چوارچێوەی قەڵەمڕۆی سەردەمی منداڵیمانە. لەبەرئەوەی ئەوساش کە تووڕە دەبووین یان دەمانبینی دنیا بچووکەکەی ئەوی تر لە هیی من جوانتر و گەورەتر و ڕازاوەتر و پڕترە شێتانە دەکەوتینە وێزەی دنیا دروستکراوەکەی خۆمان و تەفروتونامان دەکرد. دواتریش کە چیرۆکێکمان دەنووسی لە یەکەم خوێندنەوەیدا کۆڵێ پێی کەیفساز دەبووین بەڵام دواتر کە وردتر دەمانخوێندەوە تووڕەیی دای دەگرتین و دەماندڕاند و فڕێمان دەدا تا سەرلەنوێ بە شێوازێکی تر دایبڕێژینەوە. جیا لەوەش چیرۆک.

ئەگەرچی کەسێک نووسیویەتی و بێگومان ئەو کەسەش. ناتوانێ و ناشبێ لە جیاتی هەموو خوێنەرانی یان وەک ئەوان بیر بکاتەوە. بۆیە خۆی چی لە زەینی دابێ و جیهانبینی تا کوێ بڕی کردبێ و هێزی فانتازیا چەند یارمەتیدەری بووە. ئاوهای نووسیوە. بەڵام خوێنەر چیرۆک بە دوو مەبەست دەخوێنێتەوە. یەکەم وەکو حەز و خولیای چیرۆکخوێنی و. دووەم بۆ ئەوەی شتێکی لێ هەڵێنجێ. جا چیرۆکی وا هەیە حەزی چیرۆک خوێندنەوە لای خوێنەر هەر بە جارێ دەکوژێنێتەوە و هیچ پەیامێکیشی تێدا بەدی ناکات. چیرۆکیش هەیە نەک هەر بەدرێژاییی چەند ساڵێک بگرە هەموو تەمەنی لەناو میمۆری و یادیدا دەمێنێتەوە.

من دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول کەوتمە ناو فەزایەکی غەریبی زۆر قورس. هەستم کرد ئەوەندە تەنیام حیکایەتی (ئادەم) لە مندا دووبارە بووەتەوە و کەسم لە دەوروبەر نییە. تەنیا شتێک بە هانامەوە هات چیرۆک خوێندنەوە بوو. وەک ئاشە ئاوییەکانی سەردەمی بەرێم لێ هات چۆن بە گونییە گەنمیان ڕۆ دەکردە ناو حەوزەکەی سەری و لە خوارەوە دەیکرد بە ئارد. منیش چیرۆک چیرۆکم دەکردە ناو حەوزی زەینم و دڵم ئۆقرەی دەگرت. چیرۆک لەوەتەی هەیە تا ئەمڕۆش. بەهەموو شێواز و جۆرەکانییەوە. بەشەوقەوە دەخوێندرێتەوە. دەکرێ منیش پرسیار لە تۆ بکەم (ئەو بنەوایانە چین وا دەکەن چێژ لە خواردن ببینین)؟ ئاوها وەڵامدانەوەی پرسیارەکەت ئاسانتر دەبێت. لەبەرئەوەی بێگومانم لەوەی تۆ دەڵێی هەر کەسێک چێژ لە جۆرێکی خواردن وەردەگرێ. هەر لەبەر ئەوەشە.

هەندێ چیرۆک هەن دەکەونە سەر خوانی روح و سەلیقەی هەرە زۆری خوێنەران و هەندێکیش هەن کەسانێکی زۆر کەم دەیخوێننەوە. من حەزم لە هەندێ چیرۆکە بۆ نموونە. کە وەڵامدەرەوەی خواستی روحی من بێ. تۆ بەدوای جۆرێکی تر لە چیرۆکدا دەگەڕێی. لەبەرئەوەی خواستی من و تۆ. سەلیقەی من و تۆ. بیرکردنەوەی من و تۆ. دنیای من و تۆ. جیهانبینی من و تۆ. لێکتری جیاوازن. بۆیە یەکێک بە دوای چیرۆکێکدا دەگەڕێ پەلکێشی ناو دنیایەکی تاریک و رەش و ئەنگوستەچاوی بکات و لەوێدا خۆی نقوم بکات. لەبەرئەوەی پێکهاتەی دەروونی ئەو. وا دروست بووە. گلەییی لە عەرد و ئاسمان هەیە و دابڕاوە لە هەرچیی گەشبینی و جوانییە.

چیرۆکنووسی وا هەیە ئەم جۆرە دنیایە زۆر وەستایانە و شارەزایانە دادەڕێژێ و خوێنەر تا سنووری خۆکوشتن دەبات. رووی داوە خودی چیرۆکنووسی لەم بابەتە لەژێر کاریگەریی چیرۆکەکانی. خۆی کوشتووە. لە هەمان کاتیشدا خوێنەری زۆری هەیە و چێژی لێ وەردەگرن. هەن بە دوای فەزای رۆمانسیدا دەگەڕێن لە چیرۆک. هەن خۆیان بزرن و دەگەڕێن بە دوای چیرۆکێکدا تا خۆیانی تێدا بدۆزنەوە. هەن حەز بە جۆرێک لە حەماسەت دەکەن لە چیرۆکدا. کەسانێکیش هەن عەوداڵی چیرۆکی پۆلیسین. ئەوانەم وەکو نموونە هێنایەوە تا بڵێم (چێژ وەرگرتن) لای من جیاوازە وەک لای تۆ. بەڵام دیارە هەندێک بنەواش هەن لە چیرۆکدا. وا دەکەن چێژی زیاترین خوێنەر بە جیاوازی سەلیقە لەسەر خاڵێکی هاوبەشدا کۆ بکەنەوە. خودی سوژە. یان بابەت. یان بیرۆکەی چیرۆک زۆر گرنگە کە بزانی دەیەوێ باس لە شتێک بکات من و تۆ وەکو یەک پێمان خۆشە.

ئەوە خوێنەر ڕادەکێشێ ئەوسا پرستیژ یان کەسایەتی میحوەریی چیرۆکەکە. چەند لە من و تۆ نێزیکە. ڕاستە ئەو کەسایەتییە داڕێژراوی خەیاڵی نووسەرە. بەڵام گرینگە هەڵسوکەوتی لە مرۆڤێک بچێت کە ئاسایی ڕەفتار دەکات. مەبەستمە بڵێم شپرەزەییەکی دەستکردی پێوە دیار نەبێ لە جووڵەپێکردنی. ئەوە وا دەکات جۆرێک لە فەوزا و بێ سەروبەری لە سەرجەمی بنیاتی چیرۆکەکە دروست بێ و سەر لە خوێنەریش بشێوێنێ. ئەوە ڕاستە چیرۆک ڕیپۆرتاژە هەواڵ نییە و لە چەند ڕستەیەکدا ناتوانێ سەر و بنی ڕووداوەکان وێک بێنێتەوە و تەواوی بکات.

لێرەدا هێزی خەیاڵێکی تا ڕادەیەک نێزیک لە واقیع و یارمەتیدەری نووسەر دەبێ لە پەلوپۆدان بە ڕووداوەکان و جووڵەپێکردنی کەسایەتییەکان بەهانای چیرۆکنووسەوە بێت. چیرۆکی درێژ یان رۆمان. لای هەندێ نووسەر. کە توانای خەیاڵ و فەزاسازی لایان زۆر بەهێزە. ئەوەندە درێژ دەبێتەوە دەگاتە ڕادەی وەڕزبوون.

من ڕۆمانی وام بەملدا هاتووە ئەوەندە درێژ بووەتەوە نە دڵم هاتووە وازی لێ بهێنم نەتوانای چی تر خوێندنەوەیم لاماوە. گرینگە بزانی ئەو چیرۆکە باس لە چی دەکات. ئەو شتەی کە باسی لێوە دەکات چەند پێوەندیی بەتۆوە هەیە. چەند ڕاستگۆیە لە وێناکردنی ڕووداوەکان. چ ئیزافەیەک

دەخاتە سەر حەزت بۆ خوێندنەوە. چ کاریگەرییەکت بەسەردا جێ دێڵێ. ئاخۆ حیکایەتێک بوو بۆ نووسەر بۆ خۆی هۆنیبیەوە تا شتێکی نووسیبێ یان نا. وێڕای جوانی لە زمان و داڕشتن و هێزی ڕاکێشان بۆ بەردەوامبوون و ئاشناکردنت بە دنیایەکی نوێتر. پەیامێکیشی لەناو خۆیدا هەڵگرتبوو. دواتریش. کات و زەمەن یان سەردەمی خوێندنەوەت زۆر جاران حوکم لەسەر ئاستی چێژ وەرگرتنت دەدات. من لە ئاوارەیی بەدوای چیرۆکی وا دەگەڕام. کەسایەتییەکەی وەک من ئاوارە بێ. لە سەردەمی شۆڕشی شاخ عەودالّی چیرۆکی وابووین حەماسەتمان پێ بدا. گەنجێکی عاشق بەدوای ڕۆمانسییەتێکی خەستدا دەگەڕێ لەناو چیرۆکدا. کەوا بێ ئەو چیرۆکەی لە ساڵانی ئاوارەییمدا چێژم لێ وەردەگرت بێگومان ئێستا هەر بەلایدا ناچم. ئەو چیرۆکەی باسی لە حەماسەتی شۆڕشگێری و سەردەمی ململانێی چینایەتی دەکرد ڕۆژگارێک چێژی پێ دەدام ئێستا لەناو قەفەزەی کتێبەکانمدا تۆزی لەسەر دەنیشێ.

ئێستا بەدوای میتۆدێکی تر لە چیرۆکدا دەگەڕێم. کەسایەتی من جۆرێک دروست بووە و روحم بەدوای جۆرێک لە چیرۆکدا دەگەڕێ جیاوازە لەوەی تۆ. بەڵام هەردووکمان چیرۆک دەخوێنینەوە. بۆ منیش و بۆ تۆش چیرۆک نووسراوە. من ناچمە سەر ئەوەی چیرۆکی خراپ، کە بنەواکانی ڕاستەقینەی چیرۆکیان تێدا نییە سەلیقەی خوێنەر دەشێوێنێ. تەنیا باس لەو چیرۆکانە دەکەین کە بنەواکانی چیرۆکیان تێدایە. هەمووان چیرۆک دەخوێننەوە. بەڵام هەمووان چیرۆک نانووسن. دەمەوێ بڵێم ئەوەی چیرۆک دەنووسێ شارەزایانە مامەڵە لەگەڵ تەکنیکی چیرۆکنووسیدا دەکات. خاوەنی خەیاڵێکی بەرفراوانترە و ئامادەییەکی زەینی پتری تێدایە.

وردبوونەوەی چیرۆکنووس لە کەسەکان و ڕووداوەکانی دەوروبەری زۆر جیاوازە لەگەڵ خەڵکانی ئاسایی. من هەموو بەیانییەک کە لە ماڵ دەردەچم پیرەمێردێکی نارنجی ڕەنگ دەبینم سەری بەرداوەتەوە خەریکی پاککردنەوە و ڕامالّینی خۆڵ و خاشاکی ناو جۆگە و قەراخ جادەیە. ئەوە بەلای من دیمەنێکی ئاساییە و بە خەمساردی لە تەکیا تێ دەپەڕم. بەڵام ئەوی چیرۆکنووس وەک من ناکا. تونێلێک دروست دەکات و دەچێتە ناو ناخی ئەو پیرەمێردە ڕەنگ پڕتەقاڵییە. ناوەوەی شی دەکاتەوە. دەیکات بە کەسایەتییەک چی تر من بە خەمساردی لە تەکیا تێ نەپەڕم. لێرەدا ئەو دێ فێڵم لێ دەکا. بە یارمەتی وەرگرتن لە هێزی خەیاڵ و بەهرەی داڕشتن و ئاسۆی فراوانی بینینی لە فەزاسازیدا. ئەو پیرەمێردە دەکاتەوە بە هەویرێک و سەرلەنوێ دەیشێلێتەوە تا کەسێکم پێ بناسێنێ کە ئیدی کەسێکی ئاسایی نییە. دەیکات بە بەشێک لە من. ئەمە تەکنیکە. فێڵ بەو واتایە نا. وەک ئەوەی لە دروستکردنی فیلمێکدا هەستی پێ دەکەین. ئەمە لە چیرۆکدا نییە. لەبەرئەوەی خوێندنەوەی چیرۆکێک وەک بینینی فیلمێک نییە.

ڕاستە هەردووکیان سوود لە تەکنیک وەردەگرن. بەڵام شێوەی گەیاندنیان جیاوازە. تۆ لە کاتی بینینی فیلمێک کەمتر هەست بە فەزا فێڵاوییەکە دەکەیت، بەڵام فێڵ لە نووسینی چیرۆک زۆر کەم ڕەنگترە. زیرەکییەکی زۆریشی دەوێ وا لە خوێنەر نەکەی هەست بەوە بکات بە دروستکردنی

فەزایەکی فێڵاوی گەمەت بە ئەقڵی کردووە. زوو لەوە دەگات. هەروەک پێشتریش گوتم خوێنەر دەبێ وەکو روحێک لە جەستەی خۆی دابڕێت و بچێتە ناو ڕووداوەکانی چیرۆکەکەوە. دەبێ کەسایەتییەکان ناویان هەبێ. پێناسەیان هەبێ. وەرگیراوبن لە واقیعێکی نێزیک لە واقیعی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی. بۆیە لە چیرۆکدا کەمتر ڕووبەڕووی شتێک دەبینەوە کە ناوی فەزای فێڵاوی بێ. بەڵام فەزای ناو چیرۆک دەبێ جیاوازیشی لەگەڵ فەزای واقیعداهەبێ. ئەگینا تۆ ڕاپۆرتێکت گواستووەتەوە و هیچ هونەرێکت تێدا جێ نەکردووەتەوە. ئەو پیرەمێردەی باسم کرد هەمان پیرەمێردە کە من دەیبینم و تۆی چیرۆکنووس دەیبینی. بەڵام من ڕواڵەتەکەی دەبینم و تۆ ناخی ئەوم نیشان دەدەیت. خەیاڵێکی وەرگیراو لە واقیع. ئەمە تەکنیکە نەک فێڵ.

ئێمە کە باس لە چەمکی ئایدۆلۆجیا دەکەین حزبێکی سیاسی یان چینایەتی لە بەرچاومان وێنا دەبێ. ڕەنگە وانەبێ. هەمووومان لەناو خۆماندا هەڵگری جۆرێک لە ئایدیاین. ناسین یان پێڕەویکردن لەو ئایدیایە بەو واتایە نییە کە مرۆڤێکی ئایدۆلۆجیستین کە دوا جار دەمانکات بە کەسێکی دیکتاتۆر و خۆسەپێن. هیچ مرۆڤێک بەتاڵ نییە لە جۆرێک لە ئایدۆلۆجیا. چیرۆکنووسیش هەر وایە. لەبیرمان نەچێ چیرۆکنووس پێکهاتەیەکە لە ژینگەی دەوروبەری. بەڵام دیدگا و تێڕوانینی جیاوازترە. ئەو دەبینێ و هەست پێ دەکا. من هەر تەنیا دەیبینم. ئایدۆلۆجیاش بەپێی برگە زەمەنییەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت. چیرۆکنووس لە هەسارەیەکی تر نەکەوتووەتە سەر زەوی تا خاوەن هیچ دیدگایەک نەبێ. تۆ کە لە خوێندنەوەی چیرۆکێک دەبیتەوە جارێکی تر دەگەڕێیتەوە سەیری ناوی چیرۆکنووسەکە دەکەیتەوە. لەبەرئەوەی لە کۆتاییی چیرۆکەکە یان چیرۆکنووسەکەت خۆش ویستووە یان ڕقت لێی بووەوە. ئەگەر خۆشت ویستبێت لەبەرئەوە بووە ئەو نەیویستووە دەقاودەق ئایدۆلۆجیای خۆیت بەسەردا بسەپێنێ. ئەگەریش نا، ئەوە پێچەوانە کاری کردووە. بۆیە من پێم وایە ئەو دووانە هاوتەریبن. مرۆڤی بەتاڵ لە ئایدۆلۆجیا ناتوانێ چوارچێوەیەک بۆ بیرکردنەوەکانی بکێشێ. تەنانەت ئەوەی چیرۆکێکی رۆمانسیش دەنووسێت دوا جار دەیەوێ گوزارشت لە جۆرێک ئایدۆلۆجیا بکات. دەگەڕێمەوە سەر ئەوەی ئێمە چ جۆرە بەرداشتێکمان لە چەمکی ئایدۆلۆجیا هەیە

ئەگەر دان بەو ڕاستییەدا بنێین کە خودی مێژوو. تژییە لە کۆمەڵێک گێڕانەوەی درۆ. ئەوا ئەدەب بەگشتی و ئەدەبی کوردی بەتایبەتی تاوانبار ناکەین بەبەرهەمهێنانی مێژوویەکی درۆزنانە. من ڕایەکی پێچەوانەم هەیە. ئەدەب ڕاستگۆترین مێژووی قوناخی خۆیەتی. تۆ وەرە چی کتێبی مێژوو هەیە و چی بەرهەمی ئەدەبی هەیە لە ژوورێکدا کۆی بکەوە و دەرگە لەسەر خۆت دابخە و هەموویان بخوێنەوە. ئەوجا دانیشە و کڵاوی خۆت بکە بە قازی. بزانە ڕاستگۆیی لەناو کامیاندا زیاتر بەدی دەکەیت. هەرچەندە من بەردەوام لەم جۆرە دیمانە و قسەکردنانە خۆم لە ناوهێنان لاداوە و بەشێوەیەکی گشتی ڕای خۆم دەردەبرم، بەڵام وەک نموونە دەڵێم ئەوەی بەختیار عەلی لە (شاری مۆسیقارە سپییەکان) بەو زمانە ڕەوان و جوانە بۆت دەگێڕێتەوە کام دەقی مێژوویی

رووداوەکانی هەمان سەردەمت بەو جوانی و ڕاستگۆییە بۆ دەگێڕێتەوە. ئەدەب زیاتر درۆیەکانی مێژووی ڕاست کردووەتەوە نەک بەرهەمهێنەری مێژوویەکی درۆزنانە بێت، ئەدیبێک ئەگەر خاوەنی دەقی جیدی نەبێت ئەی چۆن دەکرێ بە داهێنەری بزانی. یان چۆن وەک داهێنەرێک دەناسرێتەوە، دەریایەک بەرهەمی ئەدەبی هەیە. بەڵام ئاخۆ هەموو خاوەن ئەو بەرهەمە ئەدەبییانە لەناو زەینی خوێنەرانیاندا ماونەتەوە؟ بێگومان نەخێر. ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ زۆر لایەنی تر. داهێنانی ئەدەبی و دەقی جیدی تەنیا بە نووسەرەکەی ناکرێت. دەبێ خوێنەریش تێیدا بەشدار بێ.

خوێنەری جیدی و شارەزا و بەئاگا هێندەی خودی نووسەرەکە پشکدارە لە دروستکردنی بەرهەمی جیدی و داهێنانی. دەقی جیدی لە کۆمەڵگەیەکی ناهوشیار و خوێنەری خەمسارد جێی خۆی ناکاتەوە. دەمرێ. بۆیە کاتێک نووسەر وەک داهێنەر دەناسرێ کە خوێنەرەکەی جیدی بێ. مەبەستێتی وەک داهێنەر بناسرێ. ئەوە مافی خۆیەتی. بەڵام کێ ئەو نازناوەی پێ دەدا. ئەوەی لە زانکۆدا نامەیەکی ئەدەبی دەنووسێ.

نووسەری دەقی ئەدەبی نییە. بەڵام دەکرێ بڵێین هۆگری ئەدەبە. ئەگینا نامەکەی لە بوارێکی تردا دەنووسی. هەرچەندە من زۆر لە مەبەستی ئێوە ناگەم لە نووسینی نامەی ئەدەبی. ئەگەر مەبەستتان تێزێکی ئەدەبییە ئەوا ئەو کەسە تەنیا سەری خستووەتە ناو بەرهەمی نووسەرانی تر و تێزێکی ئامادە کردووە بۆ ڕاییکردنی کارەکەی. بۆ ئەمەش سوودی لە چەندەها دەقی نووسەرانی تر وەرگرتووە. بۆیە مەرج نییە ئەو کەسە لێکۆڵەرێکی بەتوانای لێ دەربچێ. بواری خوێندن و لێکۆڵینەوە لە وڵاتی ئێمە هێشتا لاوازە. لەبەرئەوەی ئەوەی بەو کارە هەڵدەستێ لە من و تۆ باشتر دەزانێ هەر ئەوەندەی کە شەهادەکەی وەرگرت پێویست ناکات لێکۆڵەرێکی باش بێت. کەسیش ئەوەی لێ چاوەڕوان ناکات. دوا جار ئەویش مرۆڤێکە و خاوەن توانایەکی سنووردارە. ئێمەش وا پەروەردە نەکراوین و لە ژینگەیەکی واشدا ناژین پێویستمان بەوە هەبێ لە بوارەکەی خۆماندا ببینە خاوەن شارەزاییەکی باش.

هەموومان دەخوێنین بۆ ئەوەی خوێندنمان لە کۆڵ ببێتەوە. چوونە ناو دنیای ئەدەب عەشقێکی زاتیی دەوێ. هێزی ناخ دەبێ پاڵنەری بێ نەک دەربازبوون لە قۆناخی تاقیکردنەوەیەکی ڕۆتینی. کەوا بێ ئێمە بەرلەوەی پەنجەی بێ توانایی بخەینە سەرتاکێک دەبێ سیستەمی پەروەردەکار تۆمەتبار بکەین. لێرە شەهادە گرینگترە لە عەشق بۆ کارەکەت. لەبەرئەوەی یەکەمیان بژێوی ژیانت دابین دەکات و دووەمیان نابێتە لەتێک نان بۆ سەر خوانی ڕۆژانەت.

وتەیەک هەیە دەڵێ (خوا چاوەڕوانی ئەنجامدانی کاری گەورەمان لێ ناکات، بەڵام ئەو دەیەوێ کارە بچووکەکانمان بە عەشقێکی گەورە ئەنجام بدەین). ئەمە قسەیەکی جوانە. ئێمە دەست لە کاری گەورە دەدەین بەڵام کە عەشق پاڵنەر نەبێت سەرکەوتوو نابین. ئەوەیش کە تۆ باسی دەکەیت عەشق نییە بۆ ئەدەب. تەنیا ئامادەکردنی نامەیەکی ئەدەبییە بۆ دەربازبوون لە بەربەستی

تاقیکردنەوەیەک. دواتر نامەکە ئەرشیف دەکرێ و ئەویش چیی تر پێویستی بە ئەدەب نابێ. بۆیە نابێتە لێکۆڵەرێکی باش لەو بوارەدا. کورد میللەتێکە خاوەن سایکۆلۆجیەتێکی شەرمن و ڕادەستبووی قەدەر و پارێزگارە. لە ڕابردوو وابووە و ئێستایش هەر وایە. نەوەی ئێستا گومان دەخەنە سەر ڕابردوو. لە کاتێکدا وا خەریکە ئەم نەوەیش دەبێتە ڕابردوو بێ ئەوەی گوڵێکی لە یاخەی ئەدەب دابێ. ئەگەر ئێستا تاک و تەرایەک هەن دەنووسن و باشیش دەنووسن خۆ لە ڕابردووشدا ئەو تاکوتەرایە هەبوون. بێجگە لەوەش ڕابردووی کورد، رابردوویەکی حەماسە خوڵقێن و ورووژاندنی عەشق و سۆزی نیشتمانپەروەری بووە و دەبووایە ئەدەبیاتێکی خەباتگێر و جۆشدەری هەبێ. چی ئەو ئەدەبیانەی لە شاخ بوونە و چی ئەوانەی لە شار بوونە. جا سەری ئەم پەتە بگرە و شۆڕبەوە تا رابردووە دوورتر و دوورترەکانیش. لەو کاتیدا دەبووایە پرسیاری چی بێنێتە ئاراوە و پرسیار لە چی و لە کێ بکات و لە کوێ بەدوای وەڵامی پرسیارەکانیدا بگەڕێ. ئەوە جیا لەوەی وەکو گوتم سایکۆلۆجیەتی کۆمەڵگەی کورد سایکۆلۆجیەتێکی شەرمنە و بە توندی پێڕەوی لە ئەخلاق دەکات بە چەمکە گشتییەکەی. تۆ سەیری سیاسەتکردنمان بکە. شەرم لە دوژمنەکانیشمان دەکەین. ڕێز لە بکوژەکانیشمان دەگرین.

حورمەتمان هەیە بۆ داگیرکەرانمان. بۆیە بەردەوام فێڵمان لێ دەکرێ و کڵاو دەچێتە سەرمان. دەی خۆ ئەدەبیش هەتا چەند ساڵێک بەر لە ئێستا پاشکۆی سیاسەت بوو. ناڵێم پاشکۆی حزب. دەڵێم پاشکۆی سیاسەت بووە. هاوشانی سیاسەتیش بەشێک بووە لە خەبات و بەرگری. لە بیرمان نەچێ نووسەری ئەدەبیش مرۆڤێکە لەناو ژینگەی سیاسیدا ژیاوە و گەورە بووە و پەروەردە بووە و پێ گەیشتووە. هەر میللەتێک دەست بە کڵاوی خۆی بگرێ با نەیبا. پرسیار بەدی ناهێنێ. ئێمە لە پرسیارکردن دەترسین. لەبەرئەوەی دووچاری گومانمان دەکات و لێومان لە وەڵامدانەوەیاندا تەتەڵە دەکات. خەسڵەت و گرفتەکانی کوردیش هەردەم درێژکراوەی قۆناخەکانی پێش خۆیەتی. هێشتا بەڕای من ڕوخساری ئەدەبی کورد دەرنەکەوتووە.

ئەوەی هەیە چی لە ڕووی تەکنیک و بنیات. چی لە ڕووی فۆرم و هۆنینەوە و داڕشتن و تەنانەت لە ڕووی کەسێتی دانانیش لەژێر کاریگەریی ئەدەبیاتی دەوروبەر و دوورتریشە. سیمایەکی تایبەت بە خۆی نییە. قۆناخەکان و بارودۆخی سەردەمەکە خۆی. حوکم لەسەر شێواز و میتۆد و فۆرمی چیرۆک دەدا. ناشبێ وا بیر بکەینەوە کە چیرۆک دەقێکی نووسراوە و لە درزی هەسارەیەکەوە کەوتووەتە خوارێ. چیرۆک زادە و داڕێژراوی بیرکردنەوە و خەیاڵەکانی مرۆڤێکە. ئەو مرۆڤەش پێوەستە بە کۆمەڵێک بیروباوەڕ و هاوکات تاکێکە لە کۆمەڵگەیەک و پەروەردەبووی ژینگەیەکی کۆمەڵایەتییە. بەڵام لە ڕووی بیرکردنەوە و تێڕوانینەوە جیاوازی لەگەڵ زۆرێک لە هاوشێوەکانی خۆی هەیە.

بۆیە کە چیرۆکێک دەخوێنینەوە ئەستەمە بە خێرایی بتوانین حوکمی لەسەر بدەین. لەبەرئەوەی پێویستی بە هاڕینێکی زیاتر هەیە لەناو مێشکماندا. دەکرێ تۆ پەیامی چیرۆکێک، کە لەناو

دەقـێکدا شـاراوە بووە، دوای تێـپـەڕبوونی چەندان سـاڵ و سـەردەم و لە بارودۆخ و کـەوتنە ناو هەڵوێسـتـێکی نائاسـایی دەرک پێ بکەیت. هەمـوو چیرۆکێکی جیدی. هەڵگری جۆرێکە لە پەیام. ئەگینا چۆن وەکـو دەقێکی ئەدەبی قبـوڵ دەکرێ. تەنیـا ئەوەیە خـوێنەر تا چەند ئامـادەییی زەینی تێدایە و ئاسـتی هۆشـیاری چـەندە. تا چەند توانای وەرگرتنی ئەو پەیامـەی هەیە لەناو چیرۆکدا. چیرۆکخـوێنی هوشـیـار کـە لە خـوێندنەوەی چیرۆکێک دەبێـتـەوە مـێشکی هێشـتـا وەکو دەسـتـاڕ دەسـوڕێ و دوا جـار یان بەپێی بەرداشـتـی خـۆی یان بەپێی ئەو پێـوەندییـە نـهێنیـیـەی لـە تۆیی چیرۆکەکەدا لەگەڵ مەبەسـتی نووسـەرەکە دروسـتی کـردووە پەیامێک لەناو مێشکیدا گەڵاڵە دەبێت. ئەوەش دەوەستێتەوە سەر زیرەکیی چیرۆکنووس و هۆشیاریی چیرۆکخوێن.

بێگومـان کـاری چیرۆک ئەوە نییـە وێنەی واقیع بگرێ وەکو خـۆی، بەڵام ئەگەر دابڕاویش بێ لە واقیع دەچێتە ناو چیرۆکە خەیاڵییەکان. واقیع لە ڕوانگەی چیرۆکنووسەوە واقیعێکی جیاوازترە لەو واقیعـەی مرۆڤێکی ئاسـایی لەگـەڵیدا دەژێ. چیرۆکنـووس کاری ئـەوەیە هاوسـەنگییـەک لەناو بنیاتی چیرۆکەکەیدا رابگرێ. فۆتۆگرافیسـتێک ئاوها وێنەکە دەداتەوە دەست کە لەناو کامێراکەی دەرچووە. کەوابێ ئەو هیچ هوونەرێکی نەکردووە. فۆتۆگرافیسـتێکی تر. بەهەمان کامیرا وێنەکەت دەگرێ تووشی سەرسوڕمانت دەکات.

چیرۆکنووس واقیعێکت دەداتێ تووشی هێدمەت دەکات. رات دەچڵەکێنێ. دەتهەژێنێ. تەزوو بە روحت دادێنێ. پێشـتـر چەندان قـوتابخـانەی چیرۆکنووسی هەبوو. ئێسـتـا ئـەوە نەمـاوە. هەر چیرۆکنووسێک بیر لە جۆرێک داهێنان دەکاتەوە. کەس لە کـەس ناچێ. ئەمە تەندروسـتـترە. من لە گۆشەنیگایەکەوە سەیری واقیع دەکەم تۆ لە زاوییەیەکی تر. من جۆرێک لە ڕووداوێک دەڕوانم تۆ بە جۆرێکی تر. بەڵام دەبێ ئەو ڕاستییە بڵێین چیرۆکی کوردی لە دوای راپەرین جوانتر مـامـەڵەی لەگەڵ واقیعدا کردووە بەنیازی گۆڕانی و، جوانتر هەڵلاجی کردووە. پێم وایە هیچ چیرۆکێکی باش بەتاڵ نییە لە داهێنان لە ئاستی مانا و هاوکاتیش تەکنیک. لەبەرئەوەی کە باس لە خەسڵـەتەکانی چیـرۆک دەکـەیت کۆمـەڵێک شـتت دەکـەوێتە نـاو زەین. چیـرۆکـێک ئەگـەر تەنیـا بایەخی بەلایەنی تەکنیکی دابێ و بەتاڵ بێ لـە مـانا وەک مـرۆڤـێکی پۆشـتـە وایە هیچ ئامـانجێکی نەبێ. چیـرۆکی کوردیش بەدەر نییە لەو خـەسڵـەت و هـاوکێشەیە. مـانا روحی چیـرۆکە و تـەکنیک ڕازاندنەوەیەتی. کـار و ئەرک و پەیامی چیـرۆکـیش ئامـۆژگـاریکردنی خـوێنەر نیـیـە بە زمـانێکی وشـک. دەبێ بیـرۆکەیەک لە زەینی چیرۆکنووس چەکەرەی کـردبێ بە واتـای مـانا ئەوجا بیخـاتە نـاو تەکنیکەوە. من سی ساڵ دەبێ بە جیدی چیرۆک دەخوێنمەوە.

لە هـەمـووان زیاتر چیرۆکی فـارسی و کـوردی. بەدەگمـەن توشی حـاڵەتی وا بوومە چیرۆکـێکم خـوێندبێـتـەوە داهێنانێکی تێـدا نەبووبێ لـە ئاسـتی مـانا. خـوێنەر ئەگـەر نەگـەیشـتـە مـانا لەناو چیرۆکدا ئیشکال لە باکگراوندی فیکریی خۆیەتی. دیارە هـەمـوو شتێکیش ڕێژەیییە. ئەوەی ئێمە باسی دەکەین شێوە گشتییەکەیەتی.

ئەمە تا ڕادەیەک ڕاستە. ئەگەرچی دەبێ بگەڕێمەوە سەر قسەکانی پێشترم کە گوتم چیرۆکی کوردی لە ڕابردوو لە بارودۆخ و ژینگەیەکی جیاواز نووسراوە و ئەو بارودۆخە کاریگەریی یەکجار زۆری بەسەر زەین و خەیاڵ و تێڕوانینی چیرۆکنووسەوە هەبووە. ئەمەش بە مانای پاساو هێنانەوە نییە لە ئاست کەمتەرخەمی چیرۆک یان ئەدەب لە ڕابردوودا کە نەیتوانیوە بەشداربێت لە فراوانکردنی ئاسۆ و ئەندێشە و فکری مرۆڤی ئەوکات. پێم وایە ئێمە ئەگەر چیرۆکی کوردی بەر لە ڕاپەڕین ئەرشیف بکەین هیچ ڕوو نادات. بەڵام با ئەو ڕاستییەش بڵێین ئەی ئێستا چیرۆکی کوردی لە کوێی ئەدەبدایە؟ ئاخۆ چیرۆکنووسانی کورد توانیویانە وەکو ئەوانی پێش خۆیان ئەو قۆناخە بەشێوەیەک بنووسنەوە نەوەی داهاتوو. چیرۆکی ئەم قۆناخەش نەخاتە ئەرشیفەوە؟ حەز دەکەم بەم پرسیارەش کۆتایی بە قسەکانم بهێنم ئێمە لە هەموو کوردستانی گەورە و بەتایبەتیش لە باشووری ئازاد. ساڵانە چەند چیرۆک دەخەینە ناو خەزێنەی ئەدەبی کوردی؟ ئاخۆ چیرۆکی دوای ڕاپەڕین توانیویەتی نەهامەتی و کارەساتەکانی ئەو قۆناخە، هەر لە شەڕی براکوژی و تیرۆر و ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان تۆمار بکات؟ ئاخۆ ئەوەی هەیە چەند توانیویەتی بەشداربێت لە فراوانکردنی ئاسۆ و ئەندێشە و فکری مرۆڤی ئەم سەردەمە.؟

**فەڕوخ نێعمەتپوور:**

بۆچی پێمان وایە کە چیرۆک دەبێ تەنیا پرسیار بێنێتە ئاراوە

بۆ چێژوەرگرتن لە چیرۆک، ڕەنگە ئەوەندە فۆرم گرینگ نەبێ، کە جۆرێک لە هاوروحیی ناوەڕۆکی چیرۆک لەگەڵ سەردەم گرینگە. یان دەتوانین بڵێین چیرۆک دەبێ هەندێ بابەت و پرسیار بورووژێنێ کە پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە ژیانەوە هەیە. هەڵبەت ئەم بابەت و پرسیارانە دوو جۆرن، جۆرێکیان ئیگزیستیانسیالیستین (وجودین) و جۆرێکی تریان غەیرە ئەمەن کە دەکرێ وەک بابەت و پرسیاری کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری باسیان لێ بکەین. بەڕای من ئەو چیرۆکانەی کە هەردووکی ئەم بابەتانە پێکەوە باس دەکەن، سەرنجی خوێنەر زیاتر بە لای خۆیاندا ڕادەکێشن. سەبارەت بە ڕوحی دەورانیش دەبێ بڵێم کە ئەم واژەیە هیگلیانە و ڕۆمانتیکییانە دێتە گوێ و هەر بۆیە ڕەنگە زۆر لەگەڵ دەورانی ئێمە نەگونجێ. بەڵام من پێم وایە وەک هەر وشەیەکی تر دەکرێ ئەمەش سەرلەنوێ کەڵکی لێ وەربگیرێتەوە. ئەگەر بمەوێ کە لەلای خۆمەوە تەعبیر لەم ڕۆحە بکەم، دەبێ بڵێم کە ئەم ڕۆحە هەمان ئەو پرسیارە وجودی و غەیرە وجودییانەن کە بەشێوەیەکی تایبەت لە هەر سەردەمێکدا خۆیان دەنوێننەوە. چیرۆک ئەگەر بتوانێ ئەمە کەشف بکا و بینوێنێتەوە، ئەوا سەرکەوتووە. ئەم جۆرە چیرۆکانە تەنانەت لە ڕێگەی پێوەندی بەرقەرارکردن لەگەڵ ڕوحی سەردەم، خۆشیان بە مێژووەوە گرێ دەدەن. هەر بۆیە دەکرێ ببنە ئەو بەرهەمانەی کە زۆر شمولی کات نەکەن.

بەڕای من وا نییە کە چیرۆکی کوردی نەیتوانیبێ خەسڵەت و گرفتەکانی ئەو کاتی تاکی کوردی

بێنێته ئاراوه. قسه لەسەر ئەوەیە کە تا چ ئاستێک توانیویەتی ئەم کارەی کردبێ. تەنانەت دەقی خراپیش خۆی لە خۆیدا پرسیار دێنێتە ئاراوە. پرسیارەکەیش ئەوەیە کە بۆ وێنە خوێنەر لە خۆی دەپرسێ (بۆچی چیرۆکێکی ئاوا؟) یان (بۆچی ئەم چیرۆکە ئەوەندە نزم دەفرێ؟)

بەڵام با پرسیارێک لە خۆمان بکەین. بۆچی پێمان وایە کە چیرۆک دەبێ تەنیا پرسیار بێنێتە ئاراوە؟ دەزانی، چیرۆک شیکردنەوە یاخۆ گێڕانەوەی فەنتازییانەی رووداوە دەروونی و دەرەکییەکانە. ئەوەی کە ئەم کردەوەیە لەگەڵ خۆی پرسیار بێنێ، بەڕای من دەکەوێتە پلەی دووەمەوە. چێکردنی پرسیار دەکرێ ئەرکی سەرەکیی دەق نەبێ.

سەبارەت بەوەی کە بۆچی ئەم جۆرە چیرۆکە نەیتوانیوە خەسڵەت و گرفتەکان بە جیدی بخاتە بەر باس، دەبێ بڵێم کە بەڕای من هۆکارەکەی بەشێکی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە نووسەرەکان قووڵاییی پێویستیان لەسەر مرۆڤ و کۆمەڵگە نەبووە. دروستبوونی وەها قووڵاییەک پێویستی بە زانیاری لەسەر تیۆرەکان و قەرارگرتن لەناو بازنەی کۆمەڵێک رووناکبیردا هەیە کە سەرقاڵی فکرن.

وەڵامدانەوەی وەها پرسیارێک زەحمەتە، لەبەرئەوەی خوێندنەوەی دەروونیی ئینسانەکان ناتوانێ ئێمە بە لێکدانەوەیەکی ئۆبژکتیڤی بگەیەنێ. کەواتە باشترە لە وەها کاتێکدا مامەڵە لەگەڵ خودی دەقدا بکرێ نەک لەگەڵ نییەتە شاراوەکان. دەق، بوونێکی ئۆبژکتیڤییە کە لە بەردەمی تۆدایە و بەرگی زمانی بۆ لەبەر کراوە و ماناکان لە خۆیەوە بەرەو دەرەوە دەردەهاوێ. کەواتە با لەم دەروونناسییانە گەڕێین کە هیچی جگە لە ئاڵۆزی و گرژیی نامەعقولانەی ناو نەوەکانی لێ ناکەوێتەوە.

رەنگە حەزکردن بەوەی کە مرۆڤ بیەوێ دەرکەوێ و بناسرێ، مەیلێکی دەروونیی هەموومان بێت. جا با لێ گەڕێین ئەمەش یەکێک لە بزوێنەرەکان بێت، بەڵام با تاکە بزوێنەر نەبێ. لە راستیدا نووسەری، بەرهەمی لێکئاڵانی کۆمەڵێک هۆکارە کە هەر کامیان گرینگیی تایبەت بە خۆیانیان هەیە.

نووسینی نامە (جا لە هەر چەشنێکی بێت) لە زانکۆکاندا، رەوتێکی خوڵقێنەرانە نییە. خوێندکار لە وەها نووسینێکدا لەسەر شانییەتی ئەو شتانەی کە خوێندوویەتی، بیاننوێنێتەوە. ئەو دەبێ بیسەلمێنێ کە لە وانەکانی گەیشتووە. جگە لەوە نووسینی نامە لەژێر چاوەدێریی مامۆستادا بەڕێوە دەچێ. کەواتە نووسینی نامە ئۆتۆریتەی زانکۆی بەسەرەوەیە. لە حاڵێکدا لێکۆڵینەوە شتێکی ترە. لە لێکۆڵینەوەدا نووسەر ئیدی ئازادترە و هەر بۆیە تەواوی ئەو تیۆرانەی کە خوێندوویەتی، زۆربەی کات بەشێوەی شاراوە لە پشت دەقەکەیەوە راوەستاون. لەم حاڵەتەدا نووسەر لە قۆناغێکی تردایە، قۆناغێک کە لەگەڵ دەورانی زانکۆدا ناکرێ بەراوردی بکەین. هەموو کەس رەنگە بتوانێ ببێ بە خوێندکار و نامە بنووسێ، بەڵام هەموو کەس نابێ بە لێکۆڵەر.

بە رای من هەردووکیانە. من لەمەوپێش لە وتووێژێکی تردا ئەمەم گوتووە کە با پلۆرالیسمی مانا لە لێکۆڵینەوەدا رەچاو بکەین و لایەنەکان تاکڕەهەندی نەکەینەوە. چیرۆک بەبێ پێوەندیگرتن لەگەڵ ئەم پەیامانە ناتوانێ سەرکەوتوو بێت. بەڵام کاری چیرۆک ئەوەیە کە ئەم پەیامانە وەها لە خۆیدا دەرروونی دەکاتەوە کە تۆ نەتوانێ لێی جیا بکەیتەوە. من کە رۆمانی شەڕ و ئاشتیی تۆلستۆی دەخوێنمەوە، جوان هەست بەو پەیامانە دەکەم کە تۆ ناویان لێ دەنێی پەیامەکانی دەرەوەی چیرۆکەکە. بەبێ ئەم پەیامانە رۆمانەکەی تۆلستۆی زۆر بێ تام دەبێ و پێوەندیی بەرقەرارکردن لەگەڵیدا زۆر ئەستەم دەبێ.

ئەم قسەیە دەکرێ گوتەیەک بێت وەک هەر گوتەیەکی تر. دەکرێ راست بێت و دەکرێ ناڕاست. بەڵام پرسیار ئەوەیە وەها قسەیەک تا چەندە لەسەر لێکۆڵینەوەیەکی ئۆبجکتیڤیانە راوەستاوە؟ ئاخۆ کەسێک ئامارێکی لەم بارەیەوە هەیە؟ با پرسیارێک لە خۆمان بکەین (ئاخۆ دەتوانین بڵێین کە ئەدەبی ئێمە لەم سەردەمەدا بەشداری کردووە لە فراوانکردنی ئاسۆی ئەندێشە و بیردا؟) ئەگەر کردوویەتی تا چەند؟ ئاخر دەبێ بەڵگە و دیکۆمێنت لە بەردەستدا بێت. ئەوەی من لە کۆمەڵگەکانی خۆماندا دەیبینم، کۆمەڵێک رەوتی دژبەیەکە کە لە کۆتاییدا ئەستەمە لە سەریان بڕیاری ئەوە بدرێ کە بەگشتی ئاسۆی ئەندێشە و بیری مرۆڤی ئێمە فراوانتر بووە. بەتایبەت ئەوەمان لە بیر نەچێ کە ئەم مەفهوومانە رێژەیین و لە دوا ئاستدا خۆی لە پێشکەوتنی کولتوور و رۆشنبیریی کۆمەڵگەدا دەنوێنێتەوە. بە ڕای من باشترین پێوەر بۆ ئەوەی بزانین کە کۆمەڵگەیەک ئاسۆی بیری فراوان بووە، خۆی لە جۆری سیستەمی سیاسی لە وڵاتدا دەبینێتەوە. ئەگەر لە سیستەمی وڵاتدا کۆمەڵگەی مەدەنی هەبێ و جۆرێک لە گەمەی دوولایەنە لە نێوان کۆمەڵگە و دەسەڵاتدا هەبێ، ئەوا دەتوانین بڵێین کە پێوەرێکی جیدی بۆ فراوانتربوونی ئاسۆی ئەندێشەی کۆمەڵگەمان لە بەردەستدایە. لە غەیری ئەمەدا زەحمەتە وەها حوکمێک بدرێ. پێوەرەکانی تر دەکرێ کۆمەڵێک کاری ئاماری بێت (بۆ وێنە لە بابەت رێژەی خوێندەوارانی ئەدەب و چیرۆک)، بەڵام من لە سەفەرێکدا کە بۆ کوردستانم هەبوو، تێ گەیشتم کە کتێبی ئەدەبی کەمترین ئاستی لایەنگری هەیە لە بازاڕدا. جا داخۆ ناتوانین بڵێین کە ئەدیبانی ئێستاش هەر ئەو شتەیان بەسەردا هاتووە کە بەسەر ئەدیبانی پێشوودا هاتبوو؟ (وەک جەنابت لە پرسیارەکەتدا باسی دەکەی.)

وتوويژ

ئان بیتی نووسەری ئەمەریکایی:

# ئەو کاتەی ڕازی دەبم لەبارەی پرسە جیدییەکان بنووسم بەجیدی بیر لە لایەنە گاڵتەجاڕانەکانی چیرۆکەکە دەکەمەوە

مستەفا زاهیدی



ئان بیتی ساڵی ١٩٤٧ لە واشنتۆن دی سی لەدایک بووە. لە چوی چیسی مریلەند گەورە بووە، تاقە منداڵی بنەماڵەکەی بوو.

ساڵی ١٩٧٢ یەکەم چیرۆکی خۆی بڵاو کردەوە. ساڵی دواتر یەکێک لە چیرۆکەکانی خەڵاتی وەرزنامەی ئەتلانتیکی بردەوە. ساڵی ١٩٧٦ یەکەم کۆمەڵەچیرۆکی کە بریتییە لە ١٩ چیرۆک بە ناوی (ئاڵۆزییەکان) بڵاو بووەوە. هەر لەم ساڵەدا یەکەم رۆمانی بە ناو (مانا ساردەکانی زستان) بڵاو بووەوە کە دواتر فیلمێک بەپێی ئەم رۆمانە دروست کرا. ساڵی ١٩٧٨ دووەمین کۆمەڵەچیرۆکی خۆی بە ناو (نهێنییەکان و سەیروسەمەرەکان) بڵاو کردەوە. چوار ساڵ دواتر واتە ١٩٨٢ سێیەمین کۆمەڵەچیرۆکی خۆی بە ناو (ماڵی سۆزان) بڵاو کردەوە. لە بەرهەمەکانی تری ئەم خاتوونە نووسەرە دەکرێ ئاماژە بدەین بە (ئەو شتەی کە هی من بوو) و (باخی یاری.)

* تۆ نووسەرێکی بە توانای. ئەمە کتێبێکی گەورەیە. لە شوێنێک خوێندوومەتەوە تۆ بەشێکی زۆر لە چیرۆکەکانت لە دوا نیوەڕواندا نووسیوە. ئەمە راستە؟

– دەکرێ بڵێین لە ١٥ ساڵی ڕابردوودا ئەم شتە رووی نەداوە، بەڵام هیچ کات لە ئەفسانە و قسەوقسەڵۆکی خەڵکی هەڵنایەم.

* چەند بەلاتەوە دژواربوو بڕیار بدەی چیرۆکەکانت لە کۆمەڵەچیرۆکێکدا بڵاو بێتەوە یان بەشێوەی جیا بێت؟

– راستت دەوێ ئەم هەڵبژاردنەوەیە بەلامەوە دژوار نەبوو. هەندێ جار کە تەماشای پێرستی چیرۆکەکانم دەکرد لام وابوو: «زۆر باشە دەبێ ببێت.» هەندێ لە بڕیاردانەکان بەلامەوە شتێکی ئۆتۆماتیکی و کوتوپڕ بوو، بەڵام من شانازی ناکەم بە هەموو چیرۆکەکانمەوە. لە هەمان کاتدا هەستێکی خراپم نییە ئەگەر باس لە شەش چیرۆکم بکەی. ئەگەر بتەوێ کتێبێکت هەبێت کە شەش چیرۆکی باشی منی تێدا بێت کە بە دڵمە، لام وانییە بۆ هەڵبژاردنی ئەو کتێبە تووشی کێشە ببم.

* ئاخۆ چیرۆکەکانی خۆت بە بنیاتنەر و ئامۆژگاریکەر دەزانیت؟

– هیچ کات بیر لە وەها شتێک ناکەمەوە. من هێشتا لەبارەی خەڵکەکانی پەراوێز دەنووسم کە ژیانیان پێکەوە گرێ دراوە. هەست دەکەم ئەم چیرۆکانە بۆ دەربڕینی سەرگەردانی و بێ هیواییەکان دەنووسرێت و دەمەوێ لەو ڕێگەوە خوێنەر بگۆڕم و هیوادارم خوێنەری چیرۆک لە مەبەستەکەم بگات. بەڵام نە، لام وا نییە من دوایین کەسم راگەیاندن دەردەکەم و شتی ئەخلاقی دەنووسم.

* بەدرێژاییی حەوتووی رابردوو سەرقاڵی خوێندنەوەی چیرۆکەکانت بووم و ئەم چیرۆکانە - بەتایبەت چیرۆکی باخی یاری- هەستێکی ئاڵۆز لە دڵەڕاوکە و نیگەرانبوون لە مندا دروست دەکات. ئاخۆ زۆرجار هەست بە وەها پەرچەکردراێک دەکەی لەلایەن خوێنەرەکانتەوە؟

- باخی یاری چیرۆکێکی ترسێنەرە. ئەگەر دوای چیرۆکەکە هەستت بە نیگەرانی و دڵەڕاوکە نەکردبا، لام وایە کارەکەی خۆمم بە دروستی ئەنجام نەداوە. ئەوی راستی بێت، زۆربەی خوێنەرانم لەبارەی تاڵی و رەنجی چیرۆکەکە قسە دەکەن. ئەوان پێیان باشە ئەو کاتەی باس لە زۆربەی چیرۆکەکانی کۆمەڵە چیرۆکەکەم دەکەن وشەیەکی بەهێزتر لە (نیگەرانی) بەکار ببەن.

ئەو کاتەی رازی دەبم لەبارەی پرسە جیدییەکان بنووسم - هەر چەن ئەم بابەتانە لە سەدا سەد بابەتی باش نین بۆ ئەو مرۆڤانەی خۆشمان دەوێن- وەک نووسەرێک بە جیدی بیر لە لایەنە گاڵتەجاڕانەکانی چیرۆکەکە دەکەمەوە. ئەمە ئەو شتەیە دەبێ بەهۆی ئەوەی درێژە بدەم بە نووسینی چیرۆکێک.

* ئاخۆ هەوڵت ئەوەیە چیرۆکەکانت رێگەچارەیەک بدەن بەدەستەوە؟

- بەڵی، بەڵام لام وایە ئەمە تەنیا هەنگاوی یەکەمە. لام وایە ئەزموون و تاقیکردنەوەیەکی دووەمیش بوونی هەیە. ئەوەی ئاخۆ چیرۆک مانا و کۆتاییەکی جوانیناسانەی راستەقینەی هەیە. کە وایە رەنگە لە هەندێ ئاستدا شتێکی تەواو تاکەکەسی بێت، بەڵام بۆ من و بەلای منەوە ئەم پرسە هەموو کات مەتەڵ ئاسا و ئاڵۆز بووە. بەڵام لام وا نییە دەربڕینەکەی بەو مانایە بێت کە دەبێ هەمان ئەو شتە بێت کە بەردەنگ و خوێنەر دەیخوێنێتەوە.

* لام وایە پێوەندییەکی لۆجیکی هەیە لە نێوان چیرۆکەکانتدا. سەیر ئەوەیە لە رەخنەیەکدا کە ماوەیەک لەمەو پێش لە نیویۆرک تایمز و بۆستۆن گلۆبدا بڵاو بووبووەوە، رەخنەگران لەلایەکەوە ئەم پێوەندییەیان بەشتێکی باش زانیبوو و لە هەمان کاتیشدا رەخنەیان لێ گرتووە. گومانم هەیە لەوەی ئەم رەخنانەت خوێندبێتەوە؟

- بەدڵنیاییەوە نەمخوێندووەتەوە. لەو بارەوە هیچم بۆ باس مەکە، بەڕاستمە. ئاندرێ دۆبۆسی هاوڕێم لەسەر پەیامگری تەلەفۆنەکەم ئەم هەواڵەی پێ دام (پێ دەکەنێت) بەڕاستمە نازانم باسی چی دەکات.

* ببوورە کە لەو بارەوە قسەم کرد.

– کێشە نییە. توورەییەکەم بۆ ئەو رەخنە سووکایەتی ئامێزە دەگەڕێتەوە کە میچیکۆ کاکۆتانی لەبارەی دوایین رۆمانەکەم لە (تایمز)دا بڵاوی کردووەتەوە. جگە لەوەی نووسینەکە لە باری دەروونییەوە کاریگەریی خراپی لە سەرم هەبوو، رەخنەیەک بوو کە بەتەواوی کتێبەکەی بردە ژێر پرسیارەوە. هەڵبەت بەلامەوە گرینگ نییە. ئیتر نووسینی لەو جۆرە ناخوێنمەوە.

هەڵبەت خۆت دەزانیت ئەمە بەشێکە لە یارییەکە. ئینسان دەبێت گێلۆکە بێت کە نەتوانێت بەرامبەر بە هەندێ شت و هەندێ نووسین تاقەت بێنێت. رەنگە زۆر سووکایەتی ئامێز و نالۆجیکییانە بێت کە پێت بڵێم ئیتر رەخنە خراپەکان ناخوێنمەوە. دوای رەخنەکەی (کاکۆتانی) زانیم ئەم نووسینانە بەلامەوە گرینگ نییە.

* لە چیرۆکەکانتدا، وردەکارییە بچووکەکان پانتاییەکی گەورە دەگرنەوە، خزمەتکارێک لە کاتی قسەکردن و گفتوگۆدا، کوپێک قاوە دەهێنێت و تا ئەو کاتەی رستەی «رێزت هەیە» هەموو وێناکان و گفتوگۆکان بە وردی لە چیرۆکەکەدا دێت؟ بۆچی وایە؟ ئەمە فێڵێکی سینەماییە؟

– خوێنەری چیرۆک بە شوێن پێوەندییەکی لۆجیکدا دەگەڕێت. ئەگەر خزمەتکارێک بێت و رستەیەک نەڵێت ئەمە جیاوازە لە ژیانی راستەقینە. زۆر بیر لە هاتن و رۆشتنی خزمەتکار دەکەمەوە. لام وایە ئەم وردەکارییانە ماندووکەرن، بەلام بۆ ئەوەی چیرۆکەکە رەوتی رئالی خۆی ببڕێت پێویستە.

نە ماندووکەر نییە و بەشێوەیەک دەبێتە هۆی بەریەک کەوتن. بەلام نووسەرێکی تر رەنگە بەم شێوەیە بنووسێت: ئەو کاتەی خزمەتکارەکە خواردنەکە دێنێتە خوار ئەوان مۆڕە لە یەکتر دەکەن.

* پێشتر وتووتە چیرۆکە کورتەکان، مێدیۆمی خوازراوی تۆن. نووسەرانی گەنج بە زۆری گلەیی لەوە دەکەن ناتوانن چیرۆکە کورتەکانیان چاپ و بڵاو بکەنەوە. بەلام ئەوان درێژە بە رێگەکەی تۆ دەدەن. بۆچی نووسینی کورتە چیرۆکت بەلاوە پەسەندترە؟ نووسینی کورتە چیرۆک نووسەرێکی گەنج بە چ ئامانجێک دەگەیەنێت؟

– هۆیەکی تایبەتی نییە بەوەی کە کورتە چیرۆکم پێ باشترە، جگە لەوەی ئەو کاتەی چیرۆکەکە دەنووسم بەتەواوی تینوێتیم دەشکێنێت. بە دەگمەن روو دەدات هەر لە نووسینی یەکەمدا نووسینەکە بە باشی خۆی دەدات بەدەستەوە، بەلام ئەو کاتەش کە وا دەبێت هەست دەکەم شتێک هەیە کە پێشتر بوونی نەبوو: سەرەتا، ناوەڕاست و کۆتایی. من ئێستاش ناتوانم بەشێک لە چیرۆکە کلاسیکییەکان تا ئاخر بخوێنمەوە، لەو جۆرە چیرۆکانەی لە ئانتۆلۆجییە جیاوازەکاندا بوونی هەیە و بێزارکەرە.

ڕەنگە بەشێک لە ئێمە دەنووسین بەوەی ئەو ئەنتۆلۆجییە لە بیر بکەین. ئەگەر لاتان وایە دەزانن چیرۆکی کورت چییە، بەرهەمەکانی تام جۆنز، جەو ڤیلیامز، دێبورا ئیزنبێرگ، بۆری مۆر، ئالیس مۆنرۆ و ریچارد فۆرد بخوێننەوە. دواتر (دڵی ئاسمان)ی فرانک کۆنرۆ بخوێننەوە ئینجا جارێکی تر(مردوو)ی جەیمز جۆیس بخوێننەوە.

* لەبارەی ئەوەی بۆچی چیرۆک دەنووسیت قسەت کردووە، بەڵام رازی سەرکەوتنی کورتەچیرۆک لە چیدایە؟ کە چیرۆک دەخوێنیتەوە بە شوێن چ توخمێکی ئەدەبیدا دەگەڕێی؟ چیرۆک چی بە ئێوە دەدات کە ناتوانی دەستبەرداری بیت؟ ئاخۆ ئەم تایبەتمەندییانە لەبارەی رۆمانە جیاوازەکانت کە نووسیوتە جیاوازە؟

– ئەو شتەی چیرۆکێک دەکات بە چیرۆکێکی سەرکەوتوو بۆ خوێنەرەکەی، بڕیار نییە هەمان ئەو شتە بێت چیرۆکێک دەکات بە بەرهەمێکی سەرکەوتوو بۆ نووسەرەکەی. لام وایە چیرۆکێک کاتێک سەرکەوتووە کە ڕێز لە فۆرم، کێش و زمان بگرێت. هەروەها ئەگەر بتوانیت لە چیرۆکدا هەمان ئەو شتە بێنیتە دەرەوە کە لە حەڵقەیەکدا بە شوێنیدا دەگەڕێی. ئەو شتەی دەبێت بەهۆی ئەوەی من وەک خوێنەرێک نەتوانم دەستبەرداری چیرۆکەکان بم، ئەو شتەیە کە لە ژێرەوەدایە و شاراوەیە. لە ئاستی سەرەوە بەریەککەوتن زۆرە.

* بەشێکی زۆر لە چیرۆکەکانی تۆ بە رستەیەکی کورت دەست پێ دەکات. ( رستەی کورت بە کەمتر لە دە وشە). ئاخۆ ئەمە هەڵبژاردنێکی ئاگاهانەیە و بە ئەنقەست وا دەکەی؟ ئاخۆ ئەم رستە کورتانە وەک چۆن دەبن بەهۆی نووسینی کورتە چیرۆکەکانی (لەخۆبایی) و (بەفر)، هۆیەکیشن بۆ نووسینی چیرۆکە درێژەکانی وەک (خەڵکی هاوین) یان (ئەو شوێنەی کە نامۆزیتەوە)؟

– لام وایە رستەی یەکەم لە چیرۆکەکانی مندا بەم شێوەیە دەبێت لەبەرئەوەی بیر لە سادەترین شێوەی چیرۆکنووسین دەکەمەوە. دەتوانم جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە ئەم شێوە کارکردنە شێوە کارکردنێکی زۆر باش و سەرکەوتووانەیە. لەبەرئەوەی بۆ وێنە رستەی: (کارلیۆیل بەهۆی بارینی بارانەوە، دێر رۆیشت.) خۆی لە خۆیدا رستەیەکی ئیلهامدەرە. بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەم رستەیە من تووشی هەڵە ناکات و ئەگەر کوتوپڕ کەسێک بە ناو کارلیۆیل پەیدا بێت و دواکەوتبێت و ئەگەر بشزانم هەوا چۆنە رەنگە شتی وا روو بدات. من زۆربەی کات بە نووسینەکانمدا دەچمەوە.

کە وایە ڕەنگە ڕستەی یەکەم بگۆڕدرێت، بەڵام لام وا نییە، هەموو کات ئەم شتە ڕوو بدات. ڕستەی شتێک ناگۆڕدرێت ئەگەر خۆشم بمەوێت.

شیعر

# شەبەنگی شینی ژمارەکان

هاشم سەڕاج

٢-٢

٣٤٩

ئەوەی پۆشاکە شینەکەت
داماڵێ
سەراپای جەستەی بەفرینت
بەئاگری گیان
دەلێسێتەوە!

٣٥٠

بەلەکت لە ئامێز دەکەم
و
گازێ لە باسکی سپیت دەگرم
با بەم تێکئاڵانە شینە
جیهانی کرانەوەی وشە
ڕەوشی داخراوی زەوی
بشێوێنێ!



٣٥١

ئەی جوانی

تۆ

لە دیزاینی شینی ڕووناکی

شیعر

دای

من

لە تاریکیی جەستەیەکی

خامۆش

و

نادیار!



٣٥٢

شەوان

چوون

مشتێک مووررووی شین

دەڕژێیتە

نێو

جیهانی کرانەوەی زمان

چێشتەنگاو

ڕوو لە

بێدەنگییەکی سپی

دەکەی!

٣٥٣

وەرە

تا

کراسی شینی ڕۆحت

لەبەرە
خۆڵی شێداری عەدەم
بۆنکەین!

٣٥٤
حەز دەکەم
بەم دەمودەستە
باسکی سپیت
بکرۆژم
و
زەنگیانەی شینی
پێکەنینە زەرد
و
ئاڵۆزاوەکانت
لە
دەفرێکی ڕەشدا
کۆ بکەمەوە!



٣٥٥
تۆ
لەو کەژاوە کەسکەدا
چی دەکەی؟
دەترسم باڵات بخۆنەوە
و
کراسە ڕەشەکەت
ونجڕ ونجڕ
پەرشی سەرزەوینی شینی
چێژ
بکرێت!

٣٥٦

ئەوەی

لە فیردەوسی شینی

لەشت

ونبێ

خۆی لە

لە دۆزەخی زەردی گیانت

دەدۆزێتەوە!

٣٥٧

لەپەو ڕوو مەکەوە

دنیا

ئاوازە شینەکەی

لە دەست دەدا!



٣٥٨

گەر

ڕۆح

ئاوێزانت

بێ

جیهان لە شێوەی

سێوێکی شین

پێشکەش

بە چەقۆی سووری

زەمین دەکرێ!

٣٥٩

دوێ شەو هاتم

لەویا نەبووی

چی وا نەمابوو
دڵم شەقبەرێ
دەشزانم چرکەیەکی شین
بەڕێوەیە
و
تیایدا کەسمان
ئەوی دی
نابینێتەوە!

٣٦٠
وەرە
ئەی
دەرمانسازی
دەردی جوانی
منی بیمار
چاوم بڕیوەتە
بەهێی شینی
شمشادی
باڵات!



شیعر

# پیاوێک خۆی دەنووسێتەوە،
# پیاوێک خۆی دەسڕێتەوە

حەمە کاکەڕەش



بۆ برادەرێکی گێڕابۆوە
کە گوڵێک لە لێوەکانی ڕواوە و
باڵندەیەک لە ئێوارەیەکی
پڕ ئاشوب و ترسناکدا
ئەمی لەسەر باڵەکانی داناوە و فڕیوە بۆ ئاسمان
ئیدی لەو ڕۆژەوە خەونەکانی پڕبوون لە گوڵ و باڵندە،
کە سوێندی دەخوارد دەیوت: بە چاوی گوڵ بەسەری باڵندە،
لەو ڕۆژەوە کە خۆر ئاوا دەبوو دەیوت:
خۆر لە باڵندەیەک دەچێ فڕینی پێ نەمابێ،
لە گوڵێک دەچێ وەرین بینووسێتەوە،
لەو ڕۆژەوە هەزاران باڵندە لە چاوەکانیا لەنگەریان دەگرت،
بۆنی گوڵ لە هەناسەی دەهات
کە باران دەباری لەژێر بارانەکەدا دەوەستا و دەیوت:
سەیرکەن لە هەر دڵۆپێک باراندا، گوڵێک و باڵندەیەکە هەیە،
کە بەفر دەباری دەیوت: ئێوە نایبینن هەر کلووە بەفرێک
گوڵێک و باڵندەیەکە،

که با. هەڵیدەکرد وەک شێت دەگریا و دەیوت: با،
بۆنی گوڵی لێ دێت (با) هەناسەی باڵندەیەکی برینداره و...
ئێوه بۆنی برین و گوڵ ناکەن،
لەو رۆژەوه خەون و خەیاڵەکانی پێکەنین و...
گریانەکانی هەر گوڵ و باڵنده بوون،
هەر چیرۆکێکی دەگێڕایەوه بەگوڵ و باڵنده دەستی پێ دەکرد و
کۆتاییش هەر گوڵ و باڵنده،
له ئاسمانی چیرۆکەکانیدا سەمایان دەکرد،
لەلای ئەو هەموو شتەکان
مانایەک جوانییەک هێمایەک بوون بۆ گوڵ و باڵده،
هەر چەنده شێوەکار نەبوو
بەڵام به هەموو ڕەنگەکان
هەر وێنەی گوڵ و باڵندەی دەکێشا
کاتێک برادەرەکانی باسی مردنیان دەکرد،
ئەم دەیوت: من نامرم ڕۆژێک دێت
دەبمه باڵنده و خۆم له شینایی ئاسماندا ون دەکەم،
گەر باڵەکانیشم هەڵوەرێن
دەبمه گوڵێک و خۆم دەدەم له بەرگی دەفتەری مندالێک،
یان له ئینجانەیەکدا گوێ له فرمێسکەکانی کچێکی تەنیا دەگرم و
یادەوەرییەکانی ئەو ڕۆژگارانه دەنووسمەوه،
که هیچوپووچی له عەشق جوانتر دەدرەوشایەوه و...
عەشق باڵندەیەکی بێ ئاسمان و خواوەند و ڕۆژگار بوو،
که برادەرەکانی باسی مردنی گوڵێک یان باڵندەیەکیان دەکرد،
هەیهات لەو کات و ساته له بارانێکی شپرزه و سەرگەردان دەچوو،
بۆ خاکێک بگەڕێت بەسەریدا بباریێ،
له ڕەشەبایەک دەچوو پەنایەک نەبێت گڤه و هوژەی بگرێته خۆ.
که هەواڵی مەرگی گوڵێک باڵندەیەکی دەبیست
بۆ دۆزینەوەی تەرمەکانیان
باخچه و دەریا و دارستان و شاخ و دۆڵ و...



دەشت و دەر نەدەما نەگەڕێت،
بەبرادەرەکانی دەوت: وەرن بگەڕێین توێی دەفتەری منداڵەکان بگەڕێین
لە توێی هەر دەفتەرێکا گوڵێک و باڵندەیەک مردوون،
ژێر پێی عاشقەکان بگەڕێن
لە هەنگاوی هەر عاشقێکدا تەرمی هەزاران گوڵ و باڵندە دەبینن،
ناو ئینجانەی ماڵە خامۆشەکان بگەڕێن،
ئینجانەکان پڕن لە تەرمی گوڵ و باڵندە،
ئەو دەستانە بگەڕێن کە تەنیان،
ئەو دەستانەی کە ئاو دەکەنە ئینجانەکانەوە،
ئینجانەی دڵی خۆیان لە چاوەڕوانی دڵۆپێک ئاودا
درزی بردووە،
وەرن بگەڕێین ئێمە نابێت بوەستین
دەبێت ئاوێنەی ژووری نووستنی جەلادەکان بگەڕێین،
ژێردەمی چەقۆکان بگەڕێین،
هەناسەی تاریکی تفەنگەکان،
ڕووناکی هەلاهەلای قەفەسەکان بگەڕێین،
چیمەنی تەڕ و خامۆشی خوێندنگاکان و...
سەدای بەرزی مزگەوت و...
بێدەنگیی ترسناکی گۆڕستانەکان بگەڕێن،
چوارچێوەی وێنەکان و قوڵپی گریان و...
قاقای پێکەنین و...
شپرزەییی ئێوارەیەک بگەڕێن
کە فریای کۆکردنەوەی تیشکەکانی خۆر ناکەوێت،
شەپۆلی ئاوەکان ڕاگرن
چاوی نوقاوی بەردەکان هەڵدەنەوە،
تۆزی نیشتووی سەر شەقامەکانی شاری یاد بگەڕێن،
- هێلانەی سەر درەختەکان بگەڕێن،
بە دیوارە بەرزەکاندا هەڵگژێن،
لە دەرگای ماڵەکانی خەیاڵ و جوانی بدەن.



یەکە یەکە ئەستێرەکان بتەکێنن
دەستی مانگ بگرن تا زەریاکانمان پێشان دەدا
هانا بۆ تاریکی بەرن بەر لە خۆر ئاوابوون
دەرگای سنووقەکانی بکاتەوە و...
هەرچی تەرمی گوڵ و باڵندەی نیگا ئاگراوییەکانە
بە تەنافی دواتیشکی خۆردا هەڵبخەن
تا ژیان ڕوانینە وەریوەکان کۆکاتەوە و
خۆر بە پەنجە باریکەکانی تۆزی تاریکی سەر پێڵوی تەرمەکان
سپیکاتەوە تا تەرمەکان وەک منداڵ بەدوای فڕینی کۆترێکدا
لە سپێتی پەڵەهەورێکا ونبن،
بگەڕێن تەرمەکان نامرن
تەرمەکان وەک پشکۆی ژێر خۆڵەمێشەکان
لەگەڵ هەڵکردنی (با)دا وەک ئەستێرەیەک
لە تاریکیدا دەدرەوشێنەوە
وەک باڵندەیەک لە زریان و گێژاودا دەفڕن
وەک سەگێک لە ژێر داڕوخانی خانوویەکدا
دەزوقێنێ و دەرباز دەبێ، ئاوا دەرباز دەبن
تەرمەکان تەرمی من و تۆن
تەرمی ئەو ژنانەن
شەوانە بەلێوی سووری پشکۆکان خۆیان بەتاڵ دەکردەوە
تەرمەکان نیگا وەریوەکانی ئێمەن ئەوان نامرن
کەوتوونەتە ژێر وشکبوونەوەی
- ڕۆژەکانی تەمەنەوە
ئاوا بۆ برادەرێکی گێڕابۆوە
کە گوڵێک لە لێوەکانی ڕواوە و
باڵندەیەک لە ئێوارەیەکی
پڕ ئاشوب و ترسناکدا
ئەمی لەسەر باڵەکانی داناوە و فڕیوە بۆ ئاسمان
ئیدی لەو ڕۆژەوە خەونەکانی پڕبوون لە گوڵ و باڵندە،
کە سوێندی دەخوارد دەیوت: بە چاوی گوڵ بەسەری باڵندە



شیعر

# له كوێندەرم؟

جەلال بەرزنجی



چواردە ساڵە،
لێرەم،
لێرەش نیم.
چواردە ساڵە،
لە گەڕەکێکم،
نازانم
ڕەنگ بێت هەر نەشزانم،
هاوسێکەمان ناوی چییە.



چواردە ساڵە،
لە گەڕەکێکم،
تا ئێستا،
لەگەڵ،
هاوسێکەی دەستەڕاستم،
قسەمان نەکردووە،
لەگەڵ،
ئەوەی دەستەچەپم،
ساڵی سێ جار،
دوو قسان دەکەین
ئەگەر هاوین بێت،
رۆژ لە دەرەوە بێت،
هەردووکمان پەلەمانە،
پێشگەڕانەوەی زستانی ئیدمنتۆن،
کە بەزۆری بیست پلە،
لەژێر سفرە،
زووتر بڵێین
"رۆژێکی خۆشە"
قسەی دووەمیشمان،
لە زستانە،
لە بەردەرگا،
بەدەم بەفرماڵینەوە،
یەکێکمان دەڵێین
"دیسان بەفر"

دواقسەی ساڵیش،
پێش هاتنەوەی پایزە
کاتێک هەردووکمان،
بەیانی ڕۆژانی شەمە
لە پیادەڕۆی گەرەکەکەمان
ئەو بۆ ئەوەی زۆرتر لەو تەنیاییەی بژیت،
منیش بۆ ئەوەی،
تەمەنم بەشی چوونەوەماڵەوە بکات.
ڕۆژی نیو سەعات بەپێیان دەڕۆین.
هەردووکمان دەڵێین
"هێڵۆو"
چواردە ساڵە،
لێرەم،
و
لێرەش نیم
بەوەی باشم
لە هەرکوێ بم،
ژیانیش لەوێندەرە.



شیعر

# ڕەنگاڵە

رۆژ هەڵەبجەیی

١

هێڵێکی دووکەڵ دەمباتەوە بۆ،
بەهەشتێک لە ئاگر و
بە نێرگزییەتی پیاوێکدا موڕاجەعە دەکەم
غیرەتی دەپێچێ لە سوچی سیگارێک و
دووکەڵێک دروست دەکا لە بەژنی ژن...!!



٢

پەنجەرە یانی بینین
لەناو هەناوی هەموو هاوینێکدا
جووتێک جزمەی زستان
لەناو لەپی هەر ستیانێکدا،
دووپرتەقاڵی مناڵ...
لەناو گەنجی چەمێکیشا
پایزێک بە خەبەر دێ،
گۆچان چرۆ دەکا لەدەسیا...

٣

نان لە ڕەچەڵەکدا،

دەچێتەوە سەر گوڵەگەنم

ئەوە حیکمەتی خەیاڵەکانی کێڵگەیە

تەناف دەچێتەوە سەر سێبەری سێدارە

لەوێدا گەروی ئازادی هێڵنج ئەدا

ئەوە مەعریفەی وڵاتی وەحشەتە...!!

٤

کە جگەرە لاسایی شەو دەکاتەوە

لە کۆڵانەکانی ئاسماندا،

تاریکی دەچێنێ... کە تاریکی باڵ دەگرێ و

لاسایی فڕین دەکاتەوە

تەنها هاوڕێیەکی هەیە

ئەویش شەمشەمەکوێرە...!!




٥

کە مانگ لە حەوشەکانی ئاسماندا، نان دەخوا

کەناری ئەندێشەیان لە قەفەس دەکەنەوە و

دەبنە ئەسیری شەو..

چۆلەکە دەست هەڵدەگرن،

لە ڕێنووسی هێلانە و

نیگەرانی پاک دەکەنەوە بەشەو..

مێرووله بە دەنکە گەنمێک دەڵێ: لێم ببورە

قەناعەتم بە فەتحی شەو..

پەڕەسێلکە دەڵێ: بەسیەتی کرێچێتی،

کوێستان و گەرمیان

مانگ دەلەوەڕێ

منیش دەبمە پاسەوانی شەو...!!

٦

کە شەو دەکەوێت و سەری دەشکێ
تاریکی پێڵاوەکانی دەدڕێ و
ئەستێرە پێکەنینیان کپ و
مانگیش گۆرەوییەکانی ون...!

٧

کە تیشکی خۆر دوگمەی گوڵێک دەکاتەوە،
بە ئینجانە دەڵێم بەسیە چەنەبازی، لەوێدا دوو دەریا
هەژانیان دەگاتە حزووری خوا...!!



٨

پەردە بیانووە بۆ پەنجەرە
پەیژە دۆڕنێکە بۆ نیشتەجێ،
ئاوێنە کتێبێکە ڕوومان،
تیایدا موتاڵا...!!

٩

کە شەڕ دێ کەمانچە بە فڕینێکی شەلەوە
دەگەڕێتەوە ناو دەستی درەخت
دەست و پلی درەختیش هەتا گوزەر دەکا،
بۆ حەرفە وەریوەکانی خەیاڵ و
هەتا بەئاگا دێتەوە،
دەبێتە قۆناخە تفەنگ...!!

١٠

کە چاوی مناڵان پڕ دەبێ لە ئاسمان
خۆیان ناونووس دەکەن بۆ فێرگەی فڕین
ئەو کات جەستەیان،
بە قاقایەک دەبەستن و

ڕۆحیان ئەستێرە لێدەخورێ و
مانگیش دەکەنە کۆلارە...!!

١١
ژیان سەراپا سەفەرە...
هەرچی گومان و ترس و دڵەڕاوکێیە،
هەڵدەچنم بە ملپێچی دەرگاکەمدا،
بە مردن دەڵێم چاوەڕێم بە تا دێمەوە
ژیان لە تۆدا نیشتەجێیە...!

١٢
عیشق لەزەتی تیشک،
ئاوەڵا دەکا لە دڵما
ئەمەیان یانی ئازادی...
وەلێ دەبێ چاوەڕوانبم، سێبەرەکەی
تاڵیم پێ بنۆشێ،
ئەمەیان یانی دیلی...!!



١٣
کە دەچمە خەڵوەت و
خەو دەپلیشێنمەوە
دەستەکانم چاوەڕوانە
قیژەی کاتژمێرەکەم،
بخاتە پێڵاوەکانی کۆڵان..!!

١٤
هەموو شتێک دژیەکە..
لە ناو شەپۆلی دەریا،
کۆڵانێک لە بێدەنگی...
لەناو کپیی بەردیشا

قیژەی ڕووبارێک،لە بێحەیایی...!!

١٥

لێرەوە لە دووڕیانی شەوێکا
جانتای سەرم سەراب ڕادەخا
جادە دەڕوا
پارک دەڕوا
باران دەڕوا
لەو سەرابە شینەدا
من پیاوێک ئەناسم ئاوی ئاوی
ڕیشی پایزی لێ دەبارێ،
قژی گریان هەڵدەکا...!!



١٦

ڕۆژانە من دەڕۆم تا موتڵەق تا سێبەر تا دوورییەکان
تا چوارگۆشەی چوارشەمەیەک،
لە ئاستانەی مەزارێک...
تا شەپۆلدانی هەینییەک،
لە بەر قاچی مزگەوتێک...
تا دەست لە دیواری قریوەی مێروولەیەک
بۆ لەتێک ژیان
تا باڵقبوونی باڵی چەترێک
بە واژۆی باران
کەچی من هەر ناگەمە حەقیقەتی مەنسورێک...!!

شیعر

# نەخشەکانی ڕێگەی گەڕیدەیەکی تەنیا

عەبدوڵڵا سلێمان (مەشخەڵ)

بۆ هەست بەبۆنی سەفەر ناکەی ئەی موسافیر
کە خاک بووبێتە غەریبێ و
بەشەرمەوە نیگاکانی بنێرێت بۆ ژوانی ماچ و
یاسەمینەکانی حەسرەت بخاتە نێو ئینجانەکانی باران
کە ڕێگا بەسەرمەوقولانج بێتە پێشوازی پەنجەرە و
بەردی ئەڵاس گەڵا دەرکا
بۆ هەورەکانی سەر دوورگەی تەنیاییت جێهێشت... موسافیر
کە تۆ سەرت بەسەر سینگی دەریا کرد و خەونت ڕواند
بەجۆلانەی باهۆزەوە دیلانێت بۆ گۆرانییەکانی غەم ساز کرد
لێم مەگرە ئەی موسافیری ونبووی هەناوی نەخشەکان
ئەی پاسارییەکەی ئاسمانی شیعر لێ قەدەغەکراوم
من پیرەگەنجێکی ئەغیارم دڵم نایەت لەنێو دووکەڵی وەهمەوە
بچمەوە کن زەردەخەنە وشکبووەکانی ڕەشەبا
دڵم نایەت ڕۆژنامە بێ وشەکان بەرم بۆ سەر مێزی نائومێدی
پیرە گەنجێکی ئەغیارم ئەی موسافیر
بۆن بەو نیگایانە بکە کە لێم ون بوون

دەستی ئەو تیشکانە بگرە کە بەدزی هەتاوەوە ئەچن لە باخچەی خەیالا
وێنە دەگرن لەگەڵ قەفەس و کولانە و کوخە بێکەسەکانی پاڵ دیوارێکی تەنیا و تەریک
دڵی ئەو کۆتر و دارمێوەم بۆ ڕازیکە وەختێ بۆڵە بەرسیلەیەک
ئەگۆڕنەوە بە گمە ڕەش و سپییەکانی قەراغ جادە چۆڵەکانی نزیک ناسینەوەی وەرزی نەعناع
دەستی دڵم بگرە ئەی موسافیری خاڵی لە بۆن
کەی ساباتی هەناسەکانی ئیلیۆت و ڕۆبەرت فرۆست(١)
دەبنە شوێنی سەر خەوشکانی دێوانەکانی غوربەت
چۆن شنەی غەریبی پەنجەی بەنێو قژی گەڕانەوەدا دێنێت
بەچ چاوپۆشینێکەوە ماچەکانی خۆشەویستی سزا دەدەی
بەچ شێوازێک دەنگ و قریوەکانی ڕوح
لە پردی سیراتی خەما دەپەڕێنیتەوە و
بەبۆراقی خۆشنوودییەوە دەیانبەیتە سەفەری گەڕیدەی سەر نەخشە بزربووەکان
سێبەرەکانی ئیمان چۆن ئەنێریتەوە بەرخوێندن
بە چ مافێک مانگ زویر دەکەی
بە چ سیحرێک ئەفسووس دەخەیتە ناو تەرازووی دادپەروەرییەوە و
بۆنی ڕێگا و سەفەر ئەکوژی
ئەغیاری بەرەو کوێ ئەبەی
ترمۆسی عەشق چۆن پڕ دەکەی لە قاوەی خەم
بەکوێدا توولەڕێگاکان ون ئەکەی و ڕۆژە خۆڵەمێشییەکان ئەسپێری بە وەنەوز
پەیکەرەکانی سەر ڕێگای چوونەوە بۆ لای تەنیایی  چۆن ئەدوێنی
پیاسەکان چۆن لەسرەوە دەردەهێنی و دەیانبەی بۆ کەنار دەریاکانی بێئومێدی و
پارکەکانی خاڵی لە گوڵ و دار و گیا
لەسەر ئەسکەمیلی عومر بەدیار چ ڕەشبینییەکەوە دانیشتووی ئەی موسافیر
ئەبێ چ نهێنییەک واژووی پەشیمانبوونەوەت پێ بکات و
ئەبێ گوڵی چ باخچەیەک بەسەرهاتەکانی خۆیت بۆ بگێڕێتەوە؟
لە چاوی چ پەنجەرەیەکەوە ئەڕوانیتە فڕینی ڕوح و
ڕەدووکەوتنی گۆرانییە تەنیاکانی غوربەتستان ... ئەی ئەغیار
گازاندەکان لەسەر تەنافی بێدەنگی هەڵدەخەی و
لە مابەینی بۆن و سەفەر ئەبیت بەباڵندەی وێڵبووی نێو هەناسەی شیعرێکی ون

ئەترسم بۆنت پێوەکەم
ترسم هەیە بێزوو بکەم بەسەفەر و بۆن و ڕێگا
لە دووریتا بگریم هەتا دەبم بەتەم
تا دەبم بەگڕی بەفری ڕەش و سووتاو
ئەترسم بۆنت پێوەکەم ئەی موسافیر
ترسم هەیە نەتبینمەوە وەکو ترسیماڵئاواییم لە منداڵیم
وەکو ترسی جێهێشتنی جێشوێنەکانی ئەشیلۆس(٢)
وەکو ترسی گۆڕغەریبی لەم وڵاتە تەنیا و ساردە
لە ئەغیاری خۆم و پیریی تۆ تێ ناگەم ئەی موسافیر
کە پەرچەمی بوون دەنێی بەدڵی سەفەر و
لە ڕێژنەی ئەو لەرزە بارانە ناگەم
کە لەناو تەمی گژوگیای ئەفسووندا
دێت یەخەی بێدەنگیم دەگرێ و
ڕەوە هەورێکم لە بۆن بۆ دەستەمۆ دەکات
چ بەدگومانییەکە هەنگاونان بەسەر ڕوحی سەفەر و
سەراسیمەبوون لە بەردەم ئافاتی خەم
وەختێ لە ئەشکەوتی سەفەر ببمە سۆفی ناسینەوەی
ڕێگاکانی کۆچی ناوادەی پیربوون و هەڵوەرینی شیعر و تەمەن
هەست بەبۆنی سەفەر بکە ئەی موسافیر
تۆ خۆت ئێستا بەشێکی لە بۆنی سەفەر
بەشێکی لە دڵشکان و پەشیمانی
قۆمەتێکی لە دوودڵی و بارستاییەکی لە گومان
ئاراستەیەکی لە گەشت و ڕەهەندێکی لە تێپەڕین
جۆگەلەیەک لە گلەیی و ئۆقیانووسێکی لە خەون.

تێبینی:

١- ئەلیۆت شاعیری ئەمەریکایی بەڕەچەڵەک بەریتانییە و ڕۆبەرت فرۆست شاعیری ئەمەریکاییە.

٢- ئەشیلۆس هێمایە بۆ کەشتیی ئەشیلۆسی ڕۆمانی ڕۆهەڵاتی دەریای ناوەڕاستی عەبدولڕەحمان مونیف.

شیعری وەرگێڕاو

# ٣ کورتە شیعر

مێهرنووش قوربان عەلی

لە فارسییەوە:
بابەک سەحرانەوەرد



**کە پیر ئەبن**

بیرەوەرییەکان
کە پیر ئەبن
زیز ئەبن
چ لە بیریان بێ
چ لە بیریان بەی

پشت ئەچەمێننەوە
و بە شوێن گۆچانێک
دوور ئەکەونەوە.

کەس وەبیر ناهێنن
و پێیان سەیرە
لەوەی کە ڕۆژێ
ئەڤیندار بوون.

**مەیان**

بەبێ تۆ
گەمەیەکی بە تاڵە ژیان
دڵی
شاگەشکەی ناکا
هەراوهوریای خۆشییەک
و نەهێنییە ئاشکراکراوەکان
نایتۆقێنێ.

بەبێ تۆ
هەموو نەخش و نەخشەکان
لەبیر دەچنەوە.



**چاوەڕوانی ڕووناکی**

ماندووم
لە هەتاوێ
کە هەموو کاتێ لە پشت هەور دەمێنێ
دوای سێبەرم ناکەوێ
و چارەنووسی هەموو ژیانەکەم
بە دودم دەبینێ
چاوانم
چاوەڕێی
هیچ شتێک بەر لە ڕووناکییان نییە.

* مێهرنووش قوربان عەلی لە ساڵی ١٣٤٧ ی هەتاوی لە تاران لە دایک بووە. بەکالۆریۆسی لە زمانی و ئەدەبیاتی فارسی لە (زاستگای تاران) بەدەست هێناوە.

سەرچاوە: «لە ناتەواوی خۆم»، کۆمەڵە شعر، پەخشانگای توکا، چاپی یەکەم، تاران: ١٣٧٧

چیرۆک

# ٢ وردیلە چیرۆک

حەمەفەریق حەسەن

### ئالوودەبوون

جا لەبەرئەوەی (موشتاق) تەمەنێکە فێرە هین لێدان بووە، وەختایێ بە جۆش و خرۆشی هەرزەکارێکەوە هەڵدەسێتەوە و بایدەدا و لێ دەدا، ماڵەکەیان وەک ئەشکەوت دەنگ دەداتەوە. موشتاق بە جۆرێک بەم خووە ئالوودە بووە، بەینێکە لە خەونیشدا بیانبینێ، بایدەدا و شاق لێ دەدا و خێزانێکیش لە شیرین خەو ڕادەپەڕێنێت. لە تەلەفزیۆنیشدا بیانبینێت، جا ئەوان بەدەم زەردەخەنەوە بەڵێنی ڕەنگاوڕەنگ بە بینەران بدەن، یان بەڕووی مۆنەوە پەنجەی هەڕەشەیان لێ ڕابوەشێن، ئەم هەر تاق لێ دەدا. ڕووی داوە میوانمان هاتووە، منداڵی وردیان لەگەڵدا بووە، ئەمیش ناخلاف هەڵساوە، یەکتەق زرم زرم لێی داوە، منداڵی میوانی بە جۆرێک تۆقاندووە، لە تکی ڕەش و شینەوە چووە، بۆیان ژیر نەبووەتەوە.

موشتاق لیموزینی بینی واق لێ دەدا. کەژاوەی جامڕەشسواری بینی شاق لێ دەدا. موشتاق گەیشتە ئاستی ئەسکەلە و بەرزەتەلاری بان گردەکان، تراق لێ دەدا. هەر جوامێرێکی بینی لە مۆنیکاوە پیادە بێت، یان وتار بدا، تاق لێ دەدا. کاتێک بەپێش (مۆڵ)ەکاندا ڕەت دەبێت، بە لێدان، سەرنجی ڕێبوار و پێبوار بۆ لای خۆی کێش دەکا.

ناوبەناوێک هەڵدەکاتە سەربان و بۆ کۆترەکانیش لێ دەدا .. لەوەتی بەکارەساتی ئۆتۆمۆبێل لێی قەوماوەو بە ناچاری دەستێکیان بڕیوەتەوە، هەیتا هەیتا بە دەستە ساغەکەی بە لاڕانی خۆیدا دەکێشێت و شلّپ شلّپ بەم جۆرە چەپڵە لێ دەدا، ئەگەرچی زۆر کەس هەن، ئەمەی ئێستای بە چەپڵە بۆ حسێب ناکەن و زەینیان بەلای شتی تردا دەڕوا. چاوت هالێ، موشتاق چۆنە؟ نانا .. نە من، نە رەزاق، شتاقمان لە موشتاق ناچین.

٢٠١١/٦/٢٠

شتاقمان: هیچکاممان

## جانتایەکی ڕەشی بچکۆلە

وەخت و ناوەخت لە دەرگەی مالانی کۆمەڵگەنشین و ماڵە جووتیاری دەدا و میوانێکی ئێسکسووکی لای سەرەوەی مەجلیسیان بوو. زوو زوو خوڵکی کەشک و دۆینە و کەلانەیان دەکرد. ئەم شیعری بۆ دەگوتن، ئەوانیش گوێیان لێ دەگرت و ماچباران و چەپڵەبارانیان دەکرد. ئەم دڵئاسوودە، ئەوان خۆشنوود و شیعرەکانی ئەمیان ئەزبەر بوو.. ڕۆژێکی نائاسایی، بێ لێگێڕانەوەی پێشوەخت، دەستەیەک مرۆڤی خاوێن و باوێن هاتنە دیدەنیی شاعیر. وەلێ ئەم بە سەردانی لە ناکاوی ئەو میوانە نەناسانە، مووچڕکێک لە تەپڵی سەرییەوە چەخماخەی دا، لە کەڵەئەنگوستی پێیەوە ئاوابوو، جەستەی هاتە لەرزین و پاشان کەوتە سەر ئارەقەیەکی لینج و سارد. ئەوان زۆر قسەی شیرینیان بەگوێی ئەمدا دا و زۆریشیان پەسند دا. ئەمیش بەدوای یەکدا چای ڕەشی بۆ تێ دەکردن.. درەنگانێک، میوانەکان جانتایەکی ڕەشی چکۆلەیان لە دوای خۆیان جێ هێشت و ماڵئاواییان لێ کرد.

لەو رۆژەوە، ئەمی شاعیر پێی زانیوە، کە ئەوان لە بەرانبەر ئەو جانتا ڕەشە بچکۆلەیەدا، تەواوی ماچباران، کەشک، دۆینە، کەلانە و سۆزبەندیی ئەو هەموو جووتیارەیان لە تەک خۆیاندا بردووە، دەنگی کەوتووە و بە زمانی ئاماژە دەوروبەرەکەی حاڵی دەکات.

٢٠١١/٦/٢١

چیرۆک

# دەسکەوتی لافاوە ڕەشەکە

زێنەب یوسفی

سی و چەند ڕۆژ لە پێکهاتنی ئەم چاڵاوەبێ بنە تێ دەپەڕێت و لە هەمان مێژوویشدا بوو کە لافاوە ڕەشەکە هات و هەزاران شتی لەگەڵ خۆا برد. ڕێک پاش ئاکامی لافاوەکە بوو کە ئەم چاڵاوە بێ بنە، بەرانبەر بەعەمارەتی سەرگوڵ دەرکەوت و خەڵکی عەمارەتی پەرۆش کرد.

لافاو پاش بیست کاتژمێر ئاکامی هێنا و چاڵاومان لێی دەرکەوت. خەڵکی عەمارەت تەلەفۆنیان بۆ دایرەکانی پۆلیس و شارەوانی و کارەبا و ئاو کرد. پاش یەک کاتژمێر چەند بەرپرس و مەعموری ئەو شوێنانە خۆیانیان گەیاندە بەر دەرگەی عەمارەت و دەسییان کردە قسە و باس و هەڵسانگاندنی بارودۆخی چاڵاوەکە، پاش ماوەیەک قسە و باسی بێ بەرەنجام، هەموویان هاتنە سەر ئەم ڕایە کە باشترین ڕێکار ئەوەیە کە جارێ خەڵکی عەمارەت خۆیان لە چاڵاوەکە بپارێزن و لێی نێزیک نەبنەوە تا لە کاتێکی نێزیکدا پسپۆڕان بنێرنە سەر سەری چاڵاو. کەسێکیش لە تەنیشتی چاڵاوەکە، تابلۆیەکی سووری دانا کە لە سەری نووسرا بوو: (جێ مەترسییە).

چاڵاوێکی سەرسووڕهێنەر بوو. نەئاوی تێدا بوو، نەهیچ شتێکی تر. تەنیا بۆنێکی کۆن و زۆر نامۆی لێ دەهات. هەڵبەت وا نەبوو کە بۆنەکە بڵاو ببێتەوە، نا، بگرە تەنیا ئەگەر زۆر لە چاڵاوەکە نێزیک ببوایتەوە، هەستت بەو بۆنە کۆن و مێژووییە دەکرد. خەڵکی

عـەمـارەت بەڕاسـتـی خـۆیان لە چاڵاو پاراست. نـەک خـۆیـان بگرە تەنانـەت پشـیلـەیەکـیش نەکـەوتە چاڵاوەکـەوە. من خـۆم هـەرچـەنـدە هـەوڵـم دا لـە وێنـەی بـەرپرسـی دایرەکـانـەوە خـۆمـی لێ نێـزیک کـەمـەوە، نـەمـتـوانـی، ئاخـر من زۆر لـەو چاڵاوە دەترسـام و نـەمـدەوێرا لێـی نێـزیک ببمەوە.

من لە نـهـۆمـی سـێ، شـووقـەی هـەشـتـی عـەمـارەتـی سـەرگـوڵـدا دەژیم. هـەمـوو شـەوێـک لە دەلاقـەی مـاڵـمـەوە بۆ چاڵاوەکە دەڕوانم. ڕێک لە یەکـەمـین شـەوی ئاکـامـی لافاوەکە بـوو کە لە کـاتژمێـری چارەکێ بەبیست و چوار، چاوم بەسـێبەری ئـەو کەوت. هێـدی، هێـدی لە ناخـی تاریکـییـەکـە خـزایە دەرێ. بەدزییـەوە خـۆی لە بن دیوارەکـەوە، بـەرەو چاڵا و کـشـا. پاشـان بەتەواوی بینیم. بەرزین بوو، کوڕە چاوسـەوز و جوانەکەی شوقەی بەرانبـەرم. واتە شوقەی نۆ. بەرزین، کوڕە دە سـاڵانەکـەی شـەرمـین خـان، لەو کـاتەدا لـەوێ چی دەکرد؟. ئەو منداڵە دەبووا لەو کـاتە خەوتبایە. بەپەلە دەلاقـەم ئاوەڵا کـرد و بەنـەرمـی بانگم لێی کـرد: بـەرزین... بەرزین لەوێ چی دەکەیت؟.

بەڵام لەپڕ بەرزین نـەمـا، نوقم بوو. دەلاقەم بەسـتـەوە. دیسـان بـەرزینم لێ دەرکەوت، خـێرا دەلاقـەم کـردەوە، بەرزین نـەمـا. خـۆف دامـی گـرت و دەلاقـەم داخـسـتـەوە. حـەپەسـام، چ مـانایەکی بوو ئـەمـە؟ کـە جـوان سـەیرم کردەوە، بەرزیـنم لێ دەرکـەوتەوە. جوڵـەم لێ بڕا. هـیـچم نەکرد. وازم لە دەلاقـە هێنا و تەنیا بووبوومـە سـەیرکـەری بەرزینە تەمـاوییەکە. لەپڕ سـەری بەرزەوە کرد و دەستی بەرەو من ڕاوەشاند.

مۆبایلێکی بەدەسـتـەوە بوو، مۆبایلێک گـەورەتر لە مـوبایلی ئـاسـایی. دەنگی خـرەخـرِی مـۆبایلـەکـەیم دەبیـست. ئەو دەنگـە هـی چی بوو؟ پێـم وا بـوو قـسـەیەکی پێیـە و دەیەوێت شتێکم پێی بڵێت.

دیسـان دەلاقەم کردەوە، بەرزین نەما و جەستەی من لە تەوژمـی ترسدا هـەژا و دەلاقەکەم بەسـتـەوە و بۆ کاتژمێرم ڕوانی. کـاتژمـێـر ٢٤ بوو. بەرەو دەرگـەی شوقـە ڕۆیشـتم. ویسـتـم شـەرمین خان ئاگەدار کەمـەوە. لە ژوور چوومـە دەرێ. تا شـوقـەی ئـەوان چوار هـەنگاو بوو. ڕۆیشتم. هـەمـوو شـوێنێک تاریک بوو، گڵۆپی هۆڵەکەیان کوژاندبووە. دەتگوت دانیشـتوانی عەمارەتی سـەرگوڵ بەگشتی مردووننە. دەنگ نـەبوو، چەند سات بەرانبـەر بەدەرگەی شوقەی شـەرمـین خان ڕاوەستام، ئەو تاریکی و بێدەنگییـە خـستمیـە گێژاوی دوودڵییـەوە (لەوانـەیە بەهـەڵـەدا چووبێـتـم، لەوانەیە خـەیاڵم کـردبێت. خـۆفم کـردبێت. ها؟) پاشـگـەز بوومـەوە و بەپەلە گـەڕامـەوە شوقـەکـەی خـۆم و دەرگەکـەم لەمدیوەوە قـفڵ کرد. بەیانی خێرا هـەڵاسـامـە سـەرخـۆ و بێ ئەوەی دەسـت و دەمـوچاوم بشـۆم، دەرگـەی شـوقـەکـەم کردەوە، پێویسـتـی

نەدەکرد لە مـاڵی ئەوان بچمـە پێشـەوە، قفڵـە زیوینەکەم بەسـەر دەرگەی شـوقـەی مـاڵی شەرمین خانەوە بینی. لەماڵدا نەبوون.

چەند ڕۆژ لە دەرکەوتنی ئەو چاڵاوە بۆگەنە تێ دەپەڕێت تاکو ئێستـاش کەسی، ئەوان نەهـاتوونەتەوە بۆ مـاڵ، بەڵام مـن هـەمـوو شـەوێک بەرزین، لە هـەمـان کـاتی دیاریکراودا دەبینم و لەگەڵیدا دەکەومە بازنەی یارییەکی جادووییەوە.

ئەمشـەو، سی و چەندەمین شـەوە و ئیدی من وەڕەز بوومە. دەمـەوێت گرێی ئەم چیرۆکە بکەمەوە. چیرۆکی من و بەرزین و ئەم چاڵاوە بێ بنە.

کـاتژمـێر بیـست و سـێیـە. خـێرا مـانـتۆیەکەم دەپۆشم و سـەرپۆشـێک دەخـەمـە سـەر پرچەکـانم و دەیانشـارمـەوە و سـەرپایەکـانم لە پێ دەکەم و دەچمـە چێشـتـخـانە و چـەقۆ تیژەکە هەڵدەگرم و خێرا نووکی یەکێ لە قامکەکانم دەبڕم و خوێی زۆری تێدا دەپژێنم. سۆی وەختەبا لە دڵم و لەسەرخۆ بچم، بەڵام بزە دەنیشێتە سـەر لێوانمەوە، لەبەرئەوەی لە چەشنی ئەفسانە کۆنەکاندا لەگەڵ کردنەوەی ئەم گرێیە هەڵسوکەوتم کرد.

بەکـوتە پـەڕۆیەک قـامکە برینـدارەکـەم دەبەسـتم و لە چاوەڕوانیی بەرزیندا دەچمـە بەر دەلاقـەوە. ژانی برینی قـامکم ناهێـڵـێت دیسـان سـام دامـبگرێتـەوە و لە وێنەی شـەوانی ڕابردوو، ویستی هەموو کارێکم لێ بسێندرێت. سەیری کاتژمێر دەکەم. کاتیەتی. چارەکێ بەبیست و چوارە. یەکەمین ئاسـەواری دەرکـەوتنی سێبـەری بەرزینم کە لێ دەردەکـەوێت، خـێـرا بەرەو دەرگـەی شـوقـەکـەم ڕادەکـەم. لە مـاڵ دەچمـە دەرێ. تاریکی و بێدەنگیی عـەمـارەت، دیسان خـەریکە ترسەکەم تێدا دەورووژێنێتـەوە، لە جۆری شەوانی پێشـتردا، بەڵام، دەرفـەتی نادەمێ و خێرا، لـە پلیکانەکان بەرەوخوار دەبمەوە و دەروازەی عـەمـارەتی سـەرگوڵ بەهێواشـی دەکـەمەوە. با. خۆیەتی، بەرزینە. بەجلوبەرگێکی جیاوازەوە لە لێوی چاڵاودا ڕاوەسـتاوە. خۆم دەخـەمە پەنای دیوارێکەوە. بەرزین سـەیری دەلاقـەی شـوقەکەی من دەکات. دەسـەسـرێکی سـپی بـەسـتووەتە بەر تەوێڵـیەوە و کراسـێکی درێژ و هـەزاران ڕەنگی ورشەداری لەبەردایە کە دەگاتە سەر پێڵاوەڕەشە بریقەدارەکانییەوە. وەی... کە ئەم منداڵە چەندە جـوانـە و ئەم جلـەی چەندە لێی دێت. گـوێم لـە دەنگی خـڕەخـڕی مـوبایلە گەورەکەیەتی. خۆم دەردەخەم.

چەنـدان جـار ویسـتـم چیـرۆکی خـۆم و بەرزین و چاڵاوە بێ بنەکـە بۆ گـەورە پیـاوی عـەمارەتی سـەرگوڵ بگێـڕمـەوە و داوای لێ بکەم، یارمەتیم بدات تـا بەجۆرێک ئەم کێشـەیە چارەسـەر بکەم، بەڵام هـەر کە بەرانبەر بەئەو ڕادەوسـتام و سـەیری نـاوچاوانی ئەوم دەکرد

و دەمەویست سەر قسە دابێنم، لە ئان و ساتێکدا پەشیمان دەبوومەوە و ڕام دەگۆڕدرا. کە سەیری ناوچاوانی ئەوم دەکرد هەستم بەسەرمایەکی لە ڕادەبەدەر دەکرد و ترس دامی دەگرت. دەتگوت سەیری دنیایەکی بێ ڕەنگ و پڕ لە سەهۆڵم دەکرد. نیگای ساردی ئەو قەت نەیدەهێشت لێی نزیکەوە ببم و قسەی بۆ بکەم. لەوانەش بوو کە ئەگەر ڕووداوی سی و چەند شەوی ڕابردووی بۆ بگێڕمەوە، لە قاقای پێکەنین بدات و قسەکە لای دراوسێکان بدرکێنێت و بەشێت یان بەلایەنی کەمەوە بەگەمژە ناوم دەربکات. خۆم لە بەرزین دەردەخەم. ئاکامی پایز گەیشتووە، زستان لە ئارادایە. بای پایزی ڕوو لە من دەهاژێنێت و تۆزێک دەم هێنێتە خۆدا. دەبووایە باشتر هەستم بەو سەرمایە بکردبایێ، بەڵام من لەم کاتەدا وەکو کوورە دەسووتێم و خەریکم دەبمە دڵۆپێک ئارەقەی داخ. لەوانەیە لەپڕ بتکێمە سەر لافاوە نادیارەکەی سی و چەند ڕۆژی پێشوو. بەرەو چاڵاو هەنگاو هەڵدێنم و بەهێواشی بانگی لێ دەکەم: "بەرزین... بەرزین گیان." بەرەو من دەڕوانێ. زۆر لەسەرخۆ، دەڵێی پێشتر تێگەیشتووە کە بڕیارە لەو کاتە من لەوێدا ببم.. چەندە نیگای لە نیگای گەورەپیاوی عەمارەتەکەمان دەکات. دیسانەوە ترس دام دەگرێت. سۆی قامکم هێدی هێدی خەریکە لە دڵم دەردەچێت. نا... نا.... من پیویستم بەو ژان و ئێشەیە... بۆ ئەم کاتە بوو کە برینم لە قامکم خست و خوێم تێدا پژاند... بەچەقۆ برینم تێ خست، بگرە ژانەکەی لەم کاتەدا یارمەتیدەرم بێت، بگرە ترس نەمبات، بگرە سەر لە کاری بەرزین و خۆم و چاڵاوە بۆگەنە مێژووییەکە دەرکەم. بریا بمزانیبایە چ شتێ منی لەگەڵ ئەم بارودۆخە نائاسایی و تەماوییە موتربە کردووە؟

بەرزین تۆزێک بۆ من دەڕوانێت و پاشان بەرەو نێوان تاریکییەکەی پشت سەری دەسووڕێت.. لە ئان و ساتێکدا دەیان سێبەر لە نێوان تاریکییەکەوە دەردەکەون و بەرەو بەرزین و من و چاڵاو دێن. هێدی، هێدی ڕواڵەتی ئەوانم لێ دەردەکەوێت. پۆشراو لە جلوبەرگێک لە وێنەی جلوبەرگی بەرزین، بەدەسەسرێکی سپی یان ڕەش بە دەور سەریاندا و پێڵاوێ ڕەش و سپی و بریقەدار لە پێیاندا. دەقاودەقی بەرزین.

کە جوان سەیریان دەکەم ، دەبینم بەگشتی هەموویان دەناسم. دراوسێکانمن. ژن و منداڵ و پیاویان، پێکەوە لەوێن، لە چەشنی یەک بۆ من دەڕوانن. وا دیارە بەڕاستی من گەمژەیەکی تەواوم. چ شتهایەک لە تەنیشتمدا ڕوویان داوە و من ئاگام لێیان نەبووە. سەیر... سەیر. بەو خوایە گێلێکم بۆ خۆم... یان لەوانەیە ناوەندی ئەم چیرۆکەمن بوومەو خۆم تێی نەگەیشتوومە، بەڵام بۆ؟

سەیری جلوبەرگی خۆم دەکەم. مانتۆیەکەم پەمەییە، پارەی زۆرم بۆ کرینی تەرخان

کردووە. زۆریش حەزم لەم ڕەنگەیە، سەرپۆشەکەم زەردە، سەرپایەکانیشم سوورن، لەم ڕۆژانە چوومە بازاڕ و کڕییانمە، لە نیگامەوە زۆر جوان بوون. کە سەیری جلوبەرگی ئەوان دەکەمەوە لەپڕ تژی دەبم لە شەرمەزاری بەرانبەر بەجلوبەرگی خۆم و لە هەموو شتێکی خۆم. بۆ من دەروانن و لەوانەیە من ببمە دڵۆپێک ئارەقەی بێ سوود و بێ بایەخ. تەق و تۆق و خڕەخڕی مۆبایلە گەورەکانیان وەختە گوێم کەڕ بکات. لە نێوان خۆیانەوە جێگەم بۆ دەکەنەوە، ناچار لێیان دەچمە پێشەوە. لۆی خوارووی مانتۆیەکەم دەکشێمە خوارەوە بەڵکو یەک تۆز درێژتر پیشان بدرێت، سەرم دادەخەم و سەیریان ناکەم. خۆم لە خۆمەوە تژی بوومە لە شەرم، نازانم بۆ، هەست بەجیاوازییەکی ئێگجار زۆر دەکەم لەگەڵ ئەواندا، لە دڵمەوە لە پەسا دەڵێم "تکایە بمبوورن.. تکایە... بۆ ئەم جلوبەرگە ڕەنگامەیە بمبورن.. ئاخر خەتای خۆمە زۆرم حەز لەم ڕەنگانەیە... شەرمەزارم بەخوا" لە ئەو شوێنە کە بۆ منیان چۆڵ کردووە، نێزیک دەبمەوە، ڕێک لە لێواری چاڵاوەکەدایە، دەستم دەکەمە گیرفانی مانتۆیەکەم و مۆبایلە شینەکەم دەردێنم کە یانی ها ئەمنیش مۆبایلم پێیە، بەڵام مۆبایلەکەی من تەقەی نایەت، خڕەی نایەت، بریا لەم کاتەدا کەسێک زەنگی بۆ من لێ دەدا، با چەند زڕەش لە ئەم مۆبایلە نەگبەتییەی من بەرز بووایەتەوە. لە تەوژمی هەستی شەرمەزاریمدا، زۆرتر لە ئەوان خۆم بەرەو ناو دڵی چاڵاوی بێ بن دەنووسێنمەوە و بەڕامنێکی زۆرترەوە سەیری ناخی چاڵاوە بۆگەنەکە دەکەم، لە هەمان کاتدا هەست بەدەیان ناو لەپی گەورە و بچووک دەکەم کە پێکەوە دەلکێنە ناو شانمەوە و بەنەرمی دەهاوێژمە ناو دڵی چاڵاوەکەوە.

دەقێژێنم" ئای ی ی"سوودێکی نییە، تازە ئیدی توڕ درام، گوایە ئەم چاڵاوە سی و چەند ڕۆژە تەنیا بۆ خواردنی من زاری ئاوەڵا کردبوو؟. بۆنی کۆنی هەناسەکانی چاڵاو، دڵم دێنێتە یەکدا. سۆی برینی قامکم نامێنێت، کە دەکوترێمە بن چاڵاوەکەدا. نەقاچم دەشکێت و نەسەرم، تەنانەت کەپوشم ناڕوشێت. موبایلەکەم هیچی لێ نەهاتووە، سەرەڕای ئەوە کە لە کاتی تووڕدانەکەم لە دەستم داکەوت و پێش لە خۆم کوترایە بنی چاڵاودا. موبایلەکەم ئیش دەکات، وەکو جاری جاران. خێرا ڕەقەمی ماڵ دایکم دەگرم. وەڵامی نییە، ماڵی خۆشکم، پوورم، پورزاکانم، هاوڕێیەکانم. سوودێکی نییە، لە جەرس دەدەن بەڵام وەڵامیان نییە.

ئێستا دەمێکە ئەمن لە بنی ئەم چاڵاوەدام. نازانم ڕۆژ بووەتەوە یان نا؟

چیرۆک

# گوڵەگەنم

فەرمان سەمەد

هەرکە وەرزی دروێنەکردن دەستی پێ دەکرد، خەڵکانی هەژار و کەمدەرامەت بۆ کۆکردنەوەی ئەو گوڵەگەنمانەی لە کاتی دروێنەدا لە دوای دەڕاسەکانەوە بەجێ دەمان، پۆل پۆل بەرەو ئەو تەغارە گەنمانە دەچوون کە بەدوای یەکدا و لە شوێنی جیادا، دروێنە دەکران.

بێگومان ئەگەر خاوەنی گەنمەکە ڕێی لێ نەگرتبان و چاوی لەو بڕە گەنمە پۆشیبا کە لەدوای دەڕاسەکەوە دەکەوتنە سەر زەوی، خەڵکەکە لەو قرچەی گەرمایەدا و لەناو تۆز و گەردی قەسەڵدا – کە مرۆ بۆ ئەوەی نەخنکێ، دەبووایە دەمامک بکات – سەدان منداڵ و ژن و پیاو، لە چواردەوری تەغارە گەنمەکە کۆ دەبوونەوە و چاوەڕێ دەبوون تا تەغارە گەنمەکە هەمووی دروێنە دەکرا. پاشان دەچوونە ناو پەرێزەکەوە و گوڵەگەنمە جێماوەکانیان هەڵدەگرتنەوە.

هەرچەندە کارێکی قورس و تاقەت پڕوکێن بوو، بەڵام ئیدی ناچارییە. هیچ نەبووایا دەیانتوانی بەو بڕە گەنمەی کە لەبەر ئەو گەرما و تەپوتۆزەدا و لە دوای دەڕاسەکانەوە کۆیان دەکردەوە، تا چەند ڕۆژێکی تر خۆیان لە دێوەزمەی برسێتی ڕزگار بکەن.

ئیدی ئەمە برسێتییە! وەک دڕندەیەک وایە و لە ناوەوە و دەرەوە، مرۆڤ دەخوات. مرۆڤ لە دۆخێکی لەو جۆرەدا ناچار دەبێت پەنا بۆ هەموو شتێک بەرێت تا لە دیوێکدا بەساغی بمێنێتەوە. بەڵام هەرچییەک بکات ناتوانێت خۆی لە چنگ و کەڵبەی ئەو دڕندەیە دوور بخاتەوە. تەنانەت ئەگەر بشتوانێ بیکوژێ. لەبەرئەوەی شوێنەواری کەڵبەکانی برسێتی تا کۆتایی وەک خۆیان دەمێننەوە و هەرگیز ون نابن. ڕەنگە لە بیری مرۆڤ بچنەوە، بەڵام چارەنووس دەگۆڕێ، لەبەرئەوەی مرۆڤ لە هەژاریدا، شێوەی ژیان هەڵنابژێرێ، بگرە قبووڵی دەکات. ئەمەش تاکە ڕێگەیە و لەوە زیاتری لە

بەردەمدا نییە.

لە یەکێک لە ڕۆژە گەرمەکانی مانگی حوزەیراندا لەگەڵ دایکم لە ڕۆخی پارچە گەنمێک – کە خەریکی دوورینەوەی بوون – ڕاوەستابووین، ڕۆژێکی زۆر گەرم بوو، خۆر بەئاسمانەوە کەشێکی دۆزەخ ئاسای خوڵقاندبوو، دەتگوت هەوا ڕاوەستاوە، ئێمەش لەگەڵ خەڵکەکە چاوەڕوان بووین تا خاوەنەکەی ڕێگەی چوونە ناو پەرێزەکەمان پێ بدات. دەبوایە کابرا دڵنیا بێت لەوەی کە گەنمەکەی باش دروێنە کراوە و برێکی کەمی لێ کەوتووەتە سەر زەوییەکە، ئەمجار ڕێگەی بەخەڵکەکە دەدا بچنە ناوپەرێزەکە و گوڵەگەنمەکان کۆ بکەنەوە. ئەگەر چەند کەسێکیش بچوونایەتە ناو پەرێزەکە، ئەوا لە چەند مەترێک زیاتر نەدەچوون. دەراسەکە بەشێکی زۆری گەنمەکەی دروێنە کردبوو، خاوەنی گەنمەکە، لەسەر دەراسەکە و لە تەنیشت شۆفێرەکەوە ڕاوەستابوو. کاتێک کە دەراسەکە پشتی کەوتە ئێمە، ژنێکی باڵابەرز و ڕوخسار جوان کە دوو چاوی ڕەش و گەورەی ئەفسووناویی هەبوو، بەدەم کۆکردنەوەی گوڵەگەنمەکانەوە چووە ناو پەرێزەکەوە. ئەم ژنە، دیاربوو نەیدەزانی کە مەودایەکی زۆر ڕۆیشتبووە ناو ئەو بەشەی کە هێندە نەدەبوو دروێنە کرابوو، کە ئەمەش لەلایەن خاوەنەکەیەوە شایانی قبووڵکردن نەبوو، هەموو ئەوانەی ئەم ژنەیان بینی، دەیانزانی هەر هێندەی کابرا ئاگەدار بێتەوە، دەیکاتە دەرەوە.

هەرواش بوو، بە بینینی ژنەکە یەکسەر لە دەراسەکە دابەزی و بەدەست ڕاوەشاندن و تووڕەییەوە بەرەو ژنەکە هات، لە دوورەوە هەست بە تووڕەییەکەی دەکرا، من دەترسام، چاوەڕوان بووم تۆزێکی تر ئەم ژنە بکەوێتە بەر کاردانەوەی بێبەزەییانەی کابرا و ڕەنگە بەهۆی ئەوەوە ئێمەش بێبەش نەبین لە سوکایەتی پێکردن و دەرکردن.

بەڵام هێشتا بیست هەنگاوێکی مابوو بگاتە لای ژنەکە، هەنگاوەکانی خاو بوونەوە و ئەو تووڕەییە بەڕوخساریەوە نەما و تا لە ژنەکە نێزیکتر دەبووەوە ورده ورده ئارامتر دەبووەوە.

هەموو کەسێک دەیزانی ئەم گۆڕانە لە ناکاوە پێوەندیی بەجوانیی ژنەکەوە هەیە. بەنێزیکبوونەوەی کابرا، ژنەش ئاگادار بووەوە و تازە دەیزانی بێ مۆڵەت هاتووەتە ناو پەرێزەکەوە. ترس و شەرم هەموو گیانی داگرتبوو. چاوەڕوان بوو ڕق و تووڕەیی کابرا وەک بۆمبێک بەسەریدا بتەقێتەوە و لەلای ئەو خەڵکە ئابرووی بەرێ.

بەڵام بەپێچەوانەوە، کابرا ئارام بووەوە و بەگەرمییەوە سڵاوێکی لە ژنە جوانەکە کرد. بەڵام ئەو لە بری وەڵامدانەوە، گوتی: ببوورە باوەڕ کە نەمزانی، تۆزێک پەلەم کرد، دەبوایە چاوەڕوان بم ... ئیدی نەیتوانی لەوە زیاتر هیچی تر بڵێت، زمانی گیرا و بەترس و لەرزێکەوە کە گیانی داگرتبوو لە کابرای دەڕوانی، خۆی وەک تاوانبارێک دەهاتە بەرچاو کە جگە لە سزا چاوەڕوانی هیچ شتێکی تر نەبێت. بەڵام ئەمە مەبەستی کابرا نەبوو، بۆیە میهرەبانانە کەوتە قسەکردن: نەخێر تۆ دەبێ لە من ببووری، لە دوورەوە ناڕەحەتم کردی، دەزانم پەلەتە و ئەم گەرما و تەپوتۆزەش بۆ تۆ وەڕزکەرە،

بەڵام ئەگەر تۆزێکی تر خۆت ڕابگری و چاوەڕوان بیت تا گەنمەکە درەو دەکەین باشترە. خۆت ماندوو مەکە، چاوەڕوان بە تا دوایی، هەرچەند گەنمت بوێ دەتدەمێ، بەس چاوەڕوان بە، چاوەڕوان دەبی؟

بەرلەوەی ژنە وەڵام بداتەوە، مێردەکەی کە پێشتر لەگەڵ چەند کەسێکدا پێکەوە ڕاوەستا بوون، ئاگەدار بووەوە، لێیان نێزیک کەوتەوە و بەرلەوەی هیچ شتێک بڵێ، کابرای خاوەن گەنم ئاگەداری کردەوە.

–  یاڵڵا کاکە یاڵڵا بۆ دەرەوە جارێ کاتی نەهاتووە.

– کاتی چی نەهاتووە ؟

– کاتی کۆکردنەوە.

ئەویش ئاماژەی بۆ ژنەکەی کرد و گوتی: باشە بەویشت گوتووە کاتی نەهاتووە؟

– نەخێر. من بە تۆ دەڵێم، بەو ناڵێم.

– لەبەر چی بەو ناڵێی؟ من بەبێ ئەو نارۆمە دەرەوە .

– هەقی ئەوت نەبێ، برۆ دەرەوە، ئێمە ئاشنای یەکین و تۆ ناتوانی ئەوە بکەیتە بیانوو و بمێنیتەوە.

– ئەی من ناناسی؟

– نەخێر هەرگیز نابووتێکی وەک تۆ ناناسم.

ئەم سوکایەتی پێکردن و نیازە چەپەڵەی کابرای خاوەن گەنم، لە دڵی هەژارەکە جێی نەبووەوە و بەشێوازیک کە تێکەڵ بە نەفرەت و تورەیی بوو، ڕووەو کابرا...

– کەواتە تۆ خوێریت ... لەگەڵ ئەمەشدا پەلاماری دا، بە دەستێک قورگی گرت و بەدەستەکەی تریشی مستی دەسرەواندە سەروچاوی. کابراش دوای ئەوەی چەند مستێکی بەرکەوت، توانی لەم حاڵە دەربازبێت و کەوتە شەڕکردن و پەلاماردانی هێرشکەرەکە و دوای وەشاندنی چەند مستێک بەهۆی زەبرێکەوە کەوتە سەر زەوی و بەدەم هەوڵی هەستانەوە، چەقۆیەکی لە گیرفانی دەرکرد، بەرلەوەی خەڵکەکە بتوانن پێشی پێ بگرن، چەند چەقۆیەکی سرەواندە زگی مێردی ژنەکە.

مێردی ژنەکە، هاوارێکی پڕ ئازاری لێ بەرز بووەوە و دوای ماوەیەکی کەم، کەوتە سەر زەوی. خوێن لە شوێنی چەقۆکانەوە فیچقەی کرد و ژنەکەشی کە لە تەواوی ئەو ماوەیەدا پەشۆکاو و مات و سەرسام لە جێگەی خۆی چەقیبوو، لەگەڵ کەوتنی مێردەکەیدا قیژەیەکی کرد و بەپڕتاو خۆی گەیاندە سەری، باوەشی پێدا کرد و لە کاتی چەمانەوەیدا گوڵە گەنمەکانی ناو چارۆکەکەی ڕژانە سەر زەوییە خوێناوییەکە و ڕەنگیان گۆڕا بۆ سوورێکی ئاڵ.

چیرۆک

# چۆنم دەکوژی؟

سەلمان شێخ بزێنی



ئەو دڵنیابوو لە ڕاستیی ئەوەی پێی گوترابوو، بەڵام لە نێوان بەرەنگاری و هەڵاتنا .. تیا مابوو، پرسیارەکان بەردەوام لە گۆڕاندابوون و یەکتریان دەسڕییەوە و مێشکیان خەریک کردبوو: ئاخۆ چۆنم دەکوژێ؟ چییان گەڵاڵە کردووە بۆ شاردنەوەی کوشتنەکەم؟ هەڵاتن بۆ لای براکانم! لەوێ چییان پێ بڵێم؟ ئەم قسانە بەگوێی کێدا دەچن! چیم پێیە بۆ پشت ڕاستکرنەوەیان؟ مانگێک و دووان و سیان .. هەر دەبێت بێمەوە، ئەگەر نا دەیکاتە مەهانە و ئەوەی دەیانەوێت دەیکەن و وەک بەرزەکی بانان بۆی دەردەچن. بەو دیوەیانا بۆ ئەوان باشتر دەکەوێتەوە، منیش دەبمە لۆمەکاری خەڵکی و قسە و قسەڵۆکم بۆ هەڵدەبەستن، ئەی منداڵەکەم ...! چارەنووسی ئەو بەکوێ دەگات؟ خۆمن دانە ڕۆژێک بێ ئەو ناژیم. نا... دەبێت ڕێگەیەکی تر بدۆزمەوە.

چوو بۆ ماڵیان .. دەستەوداوێنی بوو، لێی پاڕایەوە، منداڵە شەش مانگییەکەی بۆ ڕاگرتوو پێی گوت:" لەبەر ئەم منداڵە دەست لە مەرجەکەت هەڵگرە! من نۆکەریت دەکەم، تو ببە خانمی ماڵ و منیش دەرودەشتت بۆ دەکەم، من ژنێکی ساردم و حەز بە سەرجێیی لەگەڵ پیاودا ناکەم، بەڵێن دەدەم نەبمە گرفت لە بەردەم گەیشتن بەحەز و ئارەزووەکانت، ئەمە هەمووی لە ترسی گیانی خۆم نییە، ئەو منداڵە گوناحی چییە؟ سەرهەڵبڕە و خوایەک ئاگای لەکار و کردەوەکانمانە! واز لە مەرجەکەت بێنە، خۆت دەزانیت پیاوان لە بەرانبەر ژنان زوو خۆ بەدەستەوە دەدەن! واز لە مەرجەکەت بێنە تا مردن لە چاکەت دەرناچم.

چاوی بریبووە چاوی و کوتەی دڵی دەهات، ئەویش ڕوخساری گرژ کردبوو، لێوی لێ دەکرۆژت، مۆڕەیەکی لێ کرد و پێی گوت: چۆن دەتوانیت درۆم بەدەمەوە بکەیت، نازانی سزای بوختانکەر چییە؟ ئەم قسانەت بگاتە دەمی خەڵک چی ڕوو دەدات؟ جارێکی تر دووبارەی نەکەیتەوە، ئەمێستا برۆ .. نەیەیتەوە بەم گوزەرەیا.

هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا... ڕۆیشتەوە، منداڵەکەی لە ئامێز گرت و تێر تێر بەدیاریەوە گریا.

بەردەوام بیر و خەیاڵی لای کوشتنەکەی بوو! هیچی تری لە بەردەم نەمابوو

– بەرەنگاری ...؟! بەر بە پلانەکەیان دەگرم! تا زەمەن لە بەردەمیان درێژتر بکەمەوە ئەوان شەکەت و بێ هیواتر دەبن و ئەو ژنە سۆزانییە ناچار دەبێت دەست لە مەرجەکەی هەڵبگرێت. ئەو چۆنم دەکوژێت؟

ـ لە کاتی خۆشۆریندا بەبیانوویەک دێتە گەرماوەکە و دۆڵکەیەک نەوتم پێدا دەکات و دەرگەم لەسەر دادەخات.

ـ فیشەک دەخاتە بەر تفەنگەکەی و لە تنیشتمەوە گەمەی پێ دەکات و پەنجەی پیا دەنێ.. لەوانەشە کەسێک بۆ شایەدی ئامادە بکات.

– لە کاتی خەوا سەرینەکەی لەسەر دەمم دادەنێت.

– لەسەر بێستانەکە بەبیانووی کارێک... تا درەنگانێکی ئێوارە دەمانهێڵێتەوە، لە چۆڵوهۆڵی دەرفەت دێنێ و بەچەقۆکەی جەستەم کوت کوت دەکات و ئەمداتە دەم ئاژەڵی کێوییەوە! دواییش بەبیانووی ڕەدوکەوتن شارەو شارم بۆ دەگەڕێت.؟

نا... ناهێڵم ... ئەو بیانووانەی بکەوێتە بەردەست: پەرەمێزەکە تەقی، فیشەکێک لە دەستم دەرچوو، جەڵدەی دڵ بوو. هیچ دەرفەتێکی بۆ ناهێڵمەوە و ئاگەداری هەڵسوکەوتی دەبم.!

لەو ماوەیە بەوردی چاودێری هەڵسوکەوتی کردبوو، شتێکی ئەتۆی هەست پێ نەکردبوو، لەسەر نانی بەیانی بەبیری هێنایەوە بچن قنچکە پیازەکەیان داچەنن.. پێی گوت:" خەڵکی لێ بوونەتەوە، ئەم بارانە ببارێت وەختی نامێنێ. ئەویش پیکابەکەی لە گەراج دەرکرد، ئەم خێرا چوو تفەنگەکەی سەح کردەوە لە شوێنی خۆی مابوو ئوخژەنی کرد، منداڵەکەی بەخەسووی سپارد و چوو سواربوو.

ئاسمان هەور بوو، بەبیانووی باران پیکابەکەی لە بەرزاییەکە لای ڕۆهەڵات ڕاگرت و بەجوتە شۆڕ بوونەوە بۆ ناو کێڵگەکە، لە دوای پیاوەکەیەوە هەڵوەستەیەکی کرد بەبیری هاتەوە دەستی بەدڵیەوە گرت، خێرا لە پیاوەکەی نێزیک بووەوە و پێی گوت: چەقۆکەتم بدەیە گوشەکە دەدڕێنم. گوشەکەی دڕاند، دوور لە چاوی پیاوەکەی چەقۆکەی لەژێر خۆڵ نا و شاردییەوە، هەناسەیەکی ڕەحەتی هەڵکێشا. لای ئێوارە باران نەرم نەرم دایکرد و ئەمانی ناچار کرد دەستوبردی لێ بکەن. لە چاندنی قنچکە پیازەکە بوونەوە و بۆ لای پیکابەکە کەوتنە ڕێ، ئەم بەدوای پیاوەکەیا ڕێچکە ڕێگەکەی گرت و هەنگاوی خێرای دەنا. زێ شێلوو بوو، کۆلاوکۆڵ هاتبوو، لە نیوەی ڕێگە سەرنجی زێی دا.. لە شاخەکە قۆنگرەی دەکرد و لە بەردەمیا گێژەنێ بوو لوولی دەخوارد و ئاوماڵکەی قوت دەدا، بەو دیمەنە ترسێک لە ناخیدا چەکەرەی کرد، شتێکی بەبیرا هات پێشبینیی نەکردبوو. ڕاوەستا و تەماشای دەوروبەری کرد.. کەس دیار نەبوو، باران بەلێزمە دەهاتە خوارێ.. ئازای گیانی ئاوی لێ دەچۆڕا، ڕوخساری چی لە ترسا چی لە سەرما سوور هەڵگەڕابوو، بینی پیاوەکەی بۆ لای گەڕایەوە، لە ترسان لەرزی لێ هات، ویستی لێی بپاڕێتەوە، بەڵام دڵنیا نەبوو لەوەی نیازی خەراپ بێت،! چاوی بڕییە چاوی، وەک ئەوەی خۆی بخەڵەتێنێ یان بەزەیی لە دڵی ئەوا بچێنێ.. دەستی دایێ تا لەگەڵ خۆیا بیباتە ناو پیکابەکە،! کەچی ئەو بەهەردوو دەستە ئەستوورەکانی پاڵی نا بۆ ناو زێ، بەبەرچاوییەوە لە شاخەکە کەوت و تۆپەڵ بوو.. کەوتە ناو زێ و نقوم بوو، هێشتا بڵقی سەرئاوەکە نەڕەوی بوونەوە هەردوو دەستی دەرکەوتن و بۆ دوا جار نقوم بوو. لەسەر چنچک دانیشت و بەدیار زێوە جگەرەی بەجگەرە پێ دەکرد، تاریک داهاتبوو .. جارجارە بەچەخماخەی هەورەکە دەردەکەوت و گوێی بەگریانی منداڵێک دەزرینگایەوە.؟!



چیرۆکی وەرگێڕدراو

# لە هاوینەهەواردا

چیخۆف

لە فارسییەوە: ئازاد نەجم

خۆشم دەوێی، تۆ هەمـوو شتـێکی منی، تەمـەنی منی، شـادیی منی! ... داوای لێبـووردنت لێ دەکـەم لەم دانپیـانانەم، بەڵام چی بکەم، لەمـە زیاتر نەمـتـوانی بێـدەنگ بمێنمـەوە، من داوای وەڵامـدانەوەی ئەم عـیـشـقـەت لێ ناکـەم، بگرە داوای سـۆز و بـەزەییت لێ دەکـەم. ئەمـشـەو کاتژمێر هەشت وەرە بۆ ژێر کەپرەکۆنەکە. نامـەکەم ئیمزا ناکەم، لەبەرئەوەی دڵنیام کارێکی بێ سـوودە و لەگەڵ ئەوەشـدا تکات لێ دەکەم سڵ لە نەناسـێکی وەک مـن نەکـەیتـەوە، هـەم گەنجم هەم جوانیشم ... ئیدی لەوە زیاتر چیت دەوێ؟).

(پاڤێل ئیڤانۆڤیچ ڤیـخادتسـێڤ) پیاوێکی ژن و مـاڵداری بەڕێز بوو، ڤێللایەکی لە هاوینەهەوارێکدا بەکرێ گرتبـوو و بەخۆی و خێزانـەکەیەوە بۆ بەڕێکردنی سـێ مـانگی هـاوین، ڕوویـان تـێ کـردبوو. دوای خـوێندنەوەی ئـەم نامـەیە، شـانێکی هـەڵتـەکـاند و ناوچاوانی خـوراند و کـەوتە بیـرکردنەوە: (نـەفرەت لە شـەیتان! بەبـێ ڕەچاوکـردنی ئەوەی خێزاندارم، ئەم نـامـە سـەیر و گـەمژانەیە چییـە بۆیـان نووسـیوم! دەبێ کێ نووسیبێتی؟)

برێک نامـەکەی لە بەرچاوی خـویدا هێنا و برد، دواتر جـارێکی تر نامـەکەی خـوێندەوە، تـفێکی کرد و بەگـاڵتـەجاڕییـەوە بەخـۆی گـوت: (دەنووسـێ خـۆشم دەوێی، وا دەزانـێ هـەرزەکارێکم و یەکسـەر بۆی دەچمـە جـێژوان! مـاوەیەکی زۆرە وازم لە بێنەوبـەرەی خۆشـەویسـتی هێناوە ... پێ دەچـێ ژنێکی زۆر بە ئاڵۆش و بەرەڵا بێت... بەڕاسـتی ئەم ژنانە بوونـەوەرێکی زۆر سـەیرن، ئەم جـۆرە کـەسـانە دەبێ زۆر بەرەڵا بن ئەگینا بە چ چاو و ڕوویەکەوە نامـەی لەم شێوەیە بۆ پیاوێکی خێزاندار دەنووسن! ئەمە چ بێ ڕەوشتییەکە؟).

نێزیکەی هەشت سـاڵ بەسـەر زەماوەندی پاڤـێل ئیڤـانۆڤیـچدا تێ دەپەڕی، بـەدرێژاییی ژیـانی ژن و مـێـردایەتیـیـان بەلای دڵداریدا نەچووبوو، جگە لە کارتی پیرۆزبایی، هیـچ نامـەیەکی تری بەدەست نەدەگەیشت. هـەرچەندە ئێسـتـاش دەیویست خۆی لێ نەبان کـات و بەسـەر خۆیدا نەهێنێ، بەڵام تووشی سـەرسوڕمان و خـرۆشانێکی زۆر بووبوو.

کـاتژمـێـرێک دواتر لەسـەر قـەنەفـەیەک ڕاکـشـا و کـەوتە بیـرکـردنـەوە: (ئێ باشـە خـۆ من هـەرزەکـارێک نیم، بێ بیرکردنەوە و بێ دواکەوتن بۆی بچمە جێژوان، وا باشترە بەر لە هەموو شتێک بزانم کێیە ئەم نامەیەی بۆ ناردوم؟ ... خـەتەکـەی ... بێ شک خـەتێکی ژنانەیە ... ڕاسـتگۆیی و

دڵسۆزیش لە نامەکەیدا بەدی دەکرێ، پێ ناچێ نیازی گاڵتە و ئەمانەی هەبێت ... پێ دەچێ بێوەژن بێت، یان ژنێکی شێتۆکە بێت ... بێوەژنەکان زۆربەی زۆریان گوێ نادەنێ و هەر خەریکی پێکەنینن. هم ... دەبێ کێ نووسیبێتی؟).

هەڵهێنانی ئەم مەتەڵە، بەتایبەتی لەو ڕووەوەی کە پاڤێل ئیڤانۆڤیچ لە تەواوی ئەو دێیە هاوینەیەدا، جگە لە ژنەکەی خۆی، یەک کەسی تری نەدەناسی، کردنەوەی ئەو گرێکوێرەیەی ئەستەمتر دەکرد.

حەپەساو و داماو، لە بیرکرنەوەدا بوو: (سەیرە! ... دەنووسێ خۆشم دەوێی! ... دەبێ کێ بێت وا بەهەلی زانیوە و منی خۆشدەوێ؟ ژنێکی سەیرە! بێ ئەوەی بمبینێ و بمناسێ عاشقم بووە! تەنانەت نازانێ چ جۆرە مرۆڤێکیشم! ئەو کەسەی بە دوو سێ سەرنج عاشق دەبێ و دڵی لێ دەدا، دەبێ زۆر گەنج و خاوەنی هەستێکی شاعیرانە بێت ... بەڵام ... دەبێ کێ بێت؟).

لە ناکاو بیری هاتەوە کە سێ ڕۆژ لەمەوبەر و هەروەها دوێنێش ئەو کاتەی لە مەیدانی سەرەکیی دێیەکەدا خەریکی پیاسەکردن بوو، چەند جارێک لەگەڵ ژنێکی قژکاڵ و لووت گچکە و جوان، کە کراسێکی شینی ئاسمانیی لەبەردابوو، ڕووبەڕوو بووبووەوە. ژنە قژکاڵەکە چەند جارێک بە تیلەی چاو سەیری ئەمی کردبوو، دوای ئەوەی ئەم لەسەر نیمکێتێک دانیشتبوو، ئەویش دوا بەدوای ئەو، هاتبوو و لەسەر هەمان نیمکێت و لە تەنیشتییەوە دانیشتبوو.

هەروا لە بیرکردنەوەدا بوو: (ڕێی تێ ناچێ! ئەو بوونەوەرە جوانە، ئەو پەرییە، عاشقی پیاوێک بێت کە لە مارماسییەکی پیر و بۆگەن نەبێت، لە هیچ شتێکی تر ناچێت! نا ... ئەوە مەحاڵە!).

لە کاتی نانخواردنیشدا نیگایەکی بێ مانای ژنەکەی کرد و کەوتەوە ناو دنیای بیرکردنەوە: (نووسیویەتی گەنج و جوانە ... کەواتە هیچ ژنێک نامێنێ کە کەس ئاوڕی لێ نەداتەوە و کەس بەلایدا نەچێت ... هم ... ئەگەر لەگەڵ خۆمدا ڕاستگۆبم دەبێ دان بەوەشدا بنێم منیش ئەوەندە پیر نەبوومە کە کەس خۆشی نەوێم ... ئەدی ئەوە نییە ژنەکەی خۆم خۆشی دەوێم ... سەرباری هەموو ئەوانەش، عیشق گەنج و پیر ناناسێ!).

لەم کاتەدا ژنەکەی لێی پرسی: ئەوە بیر لە چی دەکەیتەوە؟

پاڤێل ئیڤانۆڤیچ بەدرۆ وەڵامی دایەوە: هیچ ... تەنیا هەندێک سەرم دێشێ ... لە ناخەوەش پێکەنینی دەهات بە نامەکە و بەو کەسەی کە نووسیبووشی، سور دەیزانی دڵخۆشکردن بەم چەشنە نامانە، جگە لە گەمژەیی، هیچی تر نییە، بەڵام ... حەیف کە دوژمنی مرۆڤ بەهێزە!

پاڤێل هەرکە نانی خوارد، ڕاکشا و کەوتە بیرکردنەوە: (بەڵام تا ڕادەیەکی زۆر لە چونی من بۆ جێژوان، دڵنیایە! چ ژنێکی بێشەرمە! کاتێ دەچێتە ناو کەپرەکە و دەبینێ لەوێ نیم زۆر توورە دەبێ و قاچەکانی لە زەوی دەکوتێ! ... ئێ خۆ منیش ناکرێ بچم ... سنداني لێ دا).

بەڵام دووبارەی دەکەمەوە: دوژمنی مرۆڤ بەهێزە.

کابرای هاوینەهەوارنشین، چەند خولەکێک دواتر کەوتەوە بیرکردنەوە: (باشە چۆنە ئەگەر وەکو سەرکێشی و سەربزێوییەکیش بێت سەرێک لە کەپرەکە بدەم؟ وا باشتریشە هەرنەبێ با لە دوورەوە بیبینم! ... لەوانەیە خراپ نەبێ! وەختێک کات کاتی پێکەنین بێت، ئیدی مرۆڤ بۆچی پێنەکەنێ؟).

دواتر هەستا و پێڵاو و کڵاوەکەی ئامادە کردن.

کاتێ ژنەکەی بینی خەریکی لەبەرکردنی کراسی نوێ و بەستنی بۆیمباخە دوایین مۆدێلەکەیەتی، لێی پرسی: چییە؟ خەریکی خۆقۆزکردنی؟ نیازی کوێت هەیە؟

ناچمە هیچ کوێ، دەمەوێ هەندێک بەپێ برۆم... نازانم بۆ ئەوەندە سەرم دێشێ ...

هم ...

پاڤێل ئیڤانۆڤیچ، هەندێک خۆی هێنا و برد و سەرەنجام بەر لە کاتژمێر هەشت لە ماڵێ وەدەرکەوت. چەند خولەکێک دواتر زۆرێک لە هاوینەهەوارنشینەکانی بینی بەجلوبەرگی جوان و ڕەنگاوڕەنگەوە، بەناو سەوزەگیاکەدا، کە خۆری سەرلەئێوارە، ڕووناکی خۆی بەسەردا پەخشان کردبوو، سەرگەرمی پیاسەکردن بوون.

دڵی زۆر بە توندی لێی دەدا و بە تیلەی چاو سەیری ژنەکانی دەکرد، بەخۆی دەگوت: (دەبێ کامەیان بێ؟ ژنە قژکاڵەکەم بەرچاو ناکەوێ... هم... ئەگەر ئەو نامەکەی نووسیبێ، دەبێ ئێستا لە ژێر کەپرەکە بێت).

دواتر بەرەو (کەپرە کۆنەکە) ڕێگەی شەقامە پڕ لە دار و درەختەکەی گرتە بەر. کە (کەپرە کۆنەکە) لەناو چڵ و چێوی تێکچڕژاوی دارەکاندا ون بووبوو.

هێواش هێواش بەرەو کەپرەکە وەڕێ کەوت ... پیاوانە هەنگاوی دەنا و لە مێشکی خۆشیدا لە بیرکردنەوەدابوو: (ناچمە ژێر کەپرەکە، تەنیا لە دوورەوە سەیری دەکەم ... ئێ باشە من لە چی بترسم؟ خۆ هیچ قەرار و مەدارێکم لەگەڵ کەسدا نییە! بەخوا گەمژەم! تۆ پیاوی دەبێ خۆڕاگر بیت! ئێ باشە دامنا چومە ژوورەوەش! چ ڕوو دەدا؟ نا نا پێویست بە

چوونە ژوورەوە ناكات).

دڵی زۆر خێراتر لێی دەدا، لە ناكاو، بێ ئەوەی خۆی مەبەستی بێت، دیمەنی ناو كەپرەكەی هاتە بەرچاو ... جگە لە ژنە قژكاڵەكە بەخۆی و لووتە ڕێك و جوانەكەی و كراسە شینە ئاسمانییەكەیەوە، هیچی تری بەرچاو نەكەوت ... ژنە گەنجەكەی دەبینی لە شەرمان سوور هەڵگەڕابوو و لە تاوان هەموو جەستەی دەلەرزی و بەشەرمەوە بەرەو لای ئەو دەهات و هەناسە گەرمەكانی بەر ڕوخساری دەكەوتن ... لە ناكاو بەتوندی لە باوەشی دەگرێ.

پاڤێل ئیڤانۆڤیچ لە كاتێكدا دەیویست ئەم بیركردنەوە گوناهانە لە مێشكی خۆی وەدەرنێ، بیری كردەوە: (ئەگەر هاتبا و خێزاندار نەبام بەهەرحاڵ، بەڵام بەهەر شێوەیەك بێت... ئەمەش پێوەستە بەوەی ئەگەر بۆ تاكە جارێكیش بووە، ئەمەش تاقی بكەمەوە، ئەگەرنا بێ ئەوەی تام و چێژی ئەم جۆرە شتانەم كردبێ، ڕۆژێك لار دەبمەوە و دەمرم، بەڵام ژنەكەم لە ماوەی هەشت ساڵی تەمەنی ژیانی هاوبەشماندا ڕۆژێك چییە جێم نەهێشتووە ... هەشت ساڵ ... هەشت ساڵ خزمەتی بێ كەموكوڕی! ئەوەندەش بەسە، بەڕاستی جێگەی داخە، بەڵام ئەگەر لە ڕقی ئەویش بووبێ ، دەبێ خیانەتی لێ بكەم!).

لە حاڵێكدا كە خەریكبوو هەناسەی ڕادەوەستا و سەرتاپای جەستەی دەلەرزی، بەرەو كەپرەكە – كە چەندان دار و درەخت سایەیان بەسەردا كردبوو – وەڕێ كەوت. چاوەكانی بریبوونە ژووری ... لەناو كەپرەكەوە بۆنی كەڕەكیفە هاتە بەر لووتی ... وەژوور كەوت و بەخۆی گوت: (دەڵێی كەسی تێدا نییە...) . لەم كاتەدا چاوی بە تارماییەك كەوت ... تارماییەكە پیاوێك بوو ... (میتیا)ی ژنبرای بوو.

میتیا خوێندكاری زانكۆ بوو و لە ماڵی ئەواندا دەژیا.

پاڤێل ئیڤانۆڤیچ بەدەنگێك كە نائومێدی تێدا دەخوێنرایەوە، لەژێر لێوەوە بە منگە منگەوە گوتی: ها میتیا ئەوە تۆی؟ ...

دوای ئەمە كڵاوەكەی لە سەری هێنا خوارێ و لەسەر كورسییەكە دانیشت.

– بەڵێ منم ...

چەند خولەكێك بەبێدەنگی تێپەڕی.

سەرەنجام میتیا وەقسە هات و گوتی: ببوورە پاڤێل ئیڤانۆڤیچ... تكایەكم لێت هەیە، نیازی كاركردنم هەیە لەسەر نامەی خوێندنەكەم، بوونی كەسێك لێرەدا، جا هەر كەسێك بێت، بیر و هزرم پەرش و بڵاو دەكات.

پاڤێل ئیڤانۆڤیچ بەنەرمییەوە گوتی: جاكەوایە بۆ خۆت برۆ لە یەكێك لە شەقامە پڕ دار و درەختە چۆڵ و هۆڵەكاندا لەو كەش و هەوا ئازاد و كراوەیەدا دەتوانی زۆر ئاسوودەتر بیر

بکەیتەوە، جگە لەوەش منیش بەنیازم هەندێک لەسەر ئەم نیمکێتە ڕاکشێم... ئێرە فێنکترە.

میتیاش بە ناڕازیبوونەوە گوتی: تۆ دەتەوێ ڕاکشێی و منیش دەمەوێ کار بکەم لەسەر نامەکەم، پێم وایە نامەکەی من لە ڕاکشانەکەی تۆ گرینگترە.

دیسان بێدەنگی دایگرتنەوە، پاڤێل ئیڤانۆڤیچ کە باڵندەی خەیاڵی کەوتبووە فڕین، هەر کە دەنگی پێی دەبیست بەپەلە هەڵدەستا و بە پاڕانەوەوە دەیگوت: میتیا، تکات لێ دەکەم، تۆ لە من گەنجتری و دەبێ گوێڕایەڵی من بیت، من تەندروستیم باش نییە و دەمەوێ بڕێک لێرە ڕاکشێم و بنووم ...لێرە بڕۆ!

: ئەمە واتای ئەوەیە کە تۆ کەسێکی خۆپەرستی. ئاخر لەبەرچی دەبێ تۆ لێرە بیت و من بڕۆم؟ ئەگەر شتەکە لەسەر ڕەسەنایەتیش بێت دەبێ من لێرە بمێنمەوە.

– تکات لێ دەکەم! خۆشم دەزانم مرۆڤێکی خۆپەرست و زۆربڵێ و گەمژەم، بەڵام تکات لێ دەکەم لێرە بڕۆ! تا ئێستا لە ژیانمدا تکام لە کەس نەکردووە، پێشم وایە تۆ ئەم داواکارییەم ڕەت ناکەیتەوە.

میتیاش بە نیشانەی ناڕازیبوون، سەری بادەدا.

پاڤێل ئیڤانۆڤیچ کەوتە بیرکردنەوە: (ئەمە چ جانەوەرێکە؟ خۆ ئەگەر ئەو ژنەش بێت ناکرێ لەلای ئەمەوە بیبینم! شتی وا ناکرێ!).

دواتر ڕووی کردە میتیا و گوتی: گوێ بگرە میتیا! بۆ دواجار تکات لێ دەکەم، وەرە بیسەلمێنە کە لاوێکی ژیر و تێگەیشتووی! .

میتیا شانێکی هەڵتەکاند و وەڵامی دایەوە: نازانم بۆچی وازم لێ ناهێنی، گوتم ناڕۆم! ناڕۆم ، واتا ناڕۆم و لێرە دەمێنمەوە.

لەم ساتەدا، ژنێک، کە لووتێکی ڕێک و جوانی هەبوو، سەرێکی کێشایە ناو کەپرەکە ... هەر کە ئەم دووانەی بینی ڕووی خۆی گرژ کرد و لە چاوان ون بوو. پاڤێل ئیڤانۆڤیچ بەرقەوە سەیرێکی میتیای کرد و کەوتە بیرکردنەوە: (ڕۆیشت! هەر کە ئەم بەدفەساڵەی بینی ڕۆیشت و خۆی ون کرد).

چەند ساتێک خۆی ڕاگرت و دواتر هەستا و کڵاوەکەی کردە سەری و گوتی: وڵاغ، بەدفەساڵ، بەڵێ، وڵاغ، ئەمەی تۆ دەیکەی گەمژەییە، لێرە بەدواوە، ئیدی من و تۆیان نەگوتووە.

میتیاش کڵاوەکەی کردە سەری و بە ناڕازیبوونەوە وەڵامی دایەوە: لەم

کەپرەدا بەهۆی تۆوە، بەڵایەکم بەسەر هات تا ماوم لە بیرم ناچێ و ناتبەخشم.

پاڤێڵ ئیڤانۆڤیچ لە کەپرەکە وەدەرکەوت و بەڕق و تووڕەییەکی زۆرەوە بەرەو کۆشکە هاوینییەکەی، ملی ڕێگەی گرتە بەر.

تەنانەت خوانی ئامادەی ئێوارەش، نەیتوانی تۆسقاڵێک هێدی بکاتەوە.

تووڕە و بێ ئارام، بیری دەکردەوە: (کاتێک مرۆڤ لە هەموو ژیانیدا، یەک جار دەرفەتی بۆ هەڵدەکەوێ، لێی دەبنە مووی لووت و ناهێڵن بە باشی سوودی لێ وەرگرێ، ئاخۆ دەبێ ئەو ژنە داماوە چەندە خەفەتی خواردبێ!).

پاڤێل ئیڤانۆڤیچ و میتیا، لە کاتی نانخواردندا سەیری قاپەکانی بەردەمیان دەکرد و بێدەنگ و خەفەتبار بوون، لە ناخی دڵیشیاندا، هەستیان بە بێزارییەکی یەجگار زۆر دەکرد بەرامبەر یەکتر.

پاڤێل ئیڤانۆڤیچ، ڕووی کردە هاوسەرەکەی و بە سەرزەنشتکردنەوە گوتی: ئەوە تۆ بەچی پێدەکەنی؟ تەنیا شێتەکان لەخۆڕا پێکەنینیان بە هەموو شتێک دێ!

بەڵام ژنەکەی، سەیرێکی ڕوخساری ترش و تاڵی مێردەکەی کرد و گوتی: ئەرێ ئەمڕۆ هیچ نامەیەکت بۆ نەهات؟

پاڤێل بەسەرسامییەوە وەڵامی دایەوە: من؟ ... نا ... چیە شێت بویتە؟

: دەیاڵڵا بیڵێ، بڵێ نامەم بۆ هاتبوو! ڕاستییەکەی ئەو نامەیە من نووسیبووم! بەخوا من نووسیبووم، ها ... ها... ها ...

پاڤێل ئیڤانۆڤیچ سوور هەڵگەڕا و سەری بەسەر قاپەکەی بەردەمیدا شۆڕ کردەوە و نەڕاندی: چ گاڵتەیەکی گەمژانە!

: ئاخر وەرە خۆت بڕیاردە ... دەبووایا ئەمڕۆ ژوورەکانم شووشتبان، نەمدەزانی چۆن هەردووکتان لە ماڵێ وەدەرنێم، لە دڵی مەگرە گەمژە گیان، بەخوا دڵم نەهات بەتەنیا لەو کەپرەدا بیت، بۆیە نامەیەکم بۆ میتیاش نووسی، ئەرێ بەڕاست میتیا تۆش چوویت بۆ کەپرەکە؟

میتیا، پێکەنی و لەو ساتەدا ئەو سەرنجەی دابوویە ڕکابەرەکەی، هیچ ڕق و نەفرەتێکیان تێدا نەمابوو.

سەرچاوە /مجموعة اسار چخوف / ترجمە سروژ استپانیان/ نشر توس ۱۳۸۹

دەق

# نامەی بیرمەندێکی مردوو



نەوزاد یوسف کاکەیی

ئەگەر زیندوێتی چوون ژیانی پەپوولەیەک بێت، بۆ چەند ساتێک بێیت و بچی بێ ئەوەی بزانی بۆ هاتی و بۆ چووی، ئەوە بوون و نەبوونی هاوشێوەی یەکترن.

من نەمویست پەپوولەیەک بم و بەبێ هۆ منداڵێکی لاسار دووم کەوێ و دەرفەتی تەواوکردنی ئەو ساتە کورتەی ژیانم نەدات و پەڕوباڵم لێک بترازێنێ و پاشان بە پەلەپیتکەیەک بوونم بسڕێتەوە و چیش لە سیمای ژیان نەگۆڕێ.

من وێنەی ژمارەکانی ساڵ تاقەتی هەڵدەپڕووکانم، وانەکانی مێژوو تا دەهات بچوکتری دەکردمەوە، ناوە دیارەکان جێی ئیرەییم بوون و تێفکرینی ئەو هەموو مرۆیانە و ئەو هەموو ئادەمییانەم دەکرد کە لە سەردەمی ناوە دیارەکاندا بوون و چ، جێ پەنجەکانیان نییە و نازانم، هەبوون یاخۆ نەء .. بیرکردنەوە رووەو شێتیی دەبردم، کولتوورەکانم بە شتێکی بێ مانا و بێفەڕ و بێ زەرور دەزانی، چۆن دەکرا بزانم لە بەروارێکی هەزارەی بەرەو ژوورتری بەر ئێستا چ

پاکیزەیەک ناوی زڕێنرا و چ ماڵبڕێک سزادرا و چ زارۆکێکی حەرامزادە پەڵەیەک بە ناوچەوانییەوە لکاوە و ژیانی لێ تاریک و هەراسان کردووە، بۆ ئەوەی نەبمە کەسێکی ونبوو و نەبمە، پەلوولەیەکی بێ سەروشوێن و بێ ناونیشان و بێ کاریگەری تەمەنی خۆم بەزایە بدەم، کەوتمە، سۆراخی شوناسی خۆم وەکو مرۆ.

کاتێک ئەو هەنگاوەم هەڵێنا ئەوەم بە بەرچاو نابوو کە رووە و مەینەتییەکان دەبمەوە، خوازیاربووم بڵێم ئەمنیش هەم.. بەرامبەری هەموو بوونێک ئامرازێکی بەرەو نەبوون بردنی لە ئارادایە، ئەو ئامرازە جەلادەکانن من کۆیلەی سوڵتانێک بووم لە کەللەسەرێکدا خۆی مەلاس دابوو، خواستی بوو تا بێ دەسەڵاتی بەرفراوانتر بێ، نیازی بوو هەموو چاخەکان و هەموو نووسراوەکانی دنیا هەڵلوشێ و بە مەزی بالایان و بگرە لە سەروتریانەوە هاوار بکا و بنەڕێنێ.

ئەم سوڵتانە تا پیرتر دەبوو پتر وزەی هەڵدەکشا و دییەکانی بەتینتر و باسکەکانی بەهێزتر دەبوون.

پێچاوپێچی هەموو کون و کەلەبەرێکی ئەم گەردوونەی پێ دەکردم، هەموو زەمەنەکانی پێ نیشان دەدام، هەر ساتە و لە زەمەنێ دەیگوزەراندم، لە هەموو کولتوورەکانی هەڵدەکێشام، دەیدامە بەر رووتی و برسێتی و دەیبردمەوە بەر تیربوون، دەیهێنامە گریان و پاشان پێکەنین تاوێک تاریک و تاوێ تر رووناکی، ئەم سوڵتانەی من هەر وا ئاسان و ساکار و سادە نەبوو، چۆن مارێک کاژی هەموو جۆر و سیستەمی حوکمڕانییەکی فڕێ دەدات و لەگەڵ ئارەزووەکانم خۆی دەگونجاند، پاشان سەرلەنوێ دەستی بەرکێفمەوە دەنا و لێی دەخوڕیم، کاتێ ویستی گەشتم پێ بکات، سەرەتا بە ئەفسانەکان خۆی پێ ناساندم، گوتی ئەمەی من دەیکەم لەگەڵتان ئاوێزانی ئارەزووەکانتە، نکووڵی لەوە ناکەم بەردەوام خولیای گەشت و پشکنینم بوو، تا بتوانم لە بوونی خۆم بگەم و بڵێم منیش هەم، دەمێکی تر خۆی لێ کردم بە ئیمپراتۆر.. گوتی تۆ دەزانی لەوەتی دروست بووی لە هەوڵ و تەقەلای خۆت نەکەوتووی، من بڕوام بە قسەکانی نەکرد، لەبەرئەوەی ئەو کاتەی سۆراخی بوونی خۆمم کەوتە کەوڵ نیوەی تەمەنم بەزایە چووبوو. رووی لێ کردم، گوتی: کوێوە بڕۆین؟ وتم تا دەتوانی دوورتر، بۆ ئەو شوێنانەی کە رێگەی کەشفکردنی بوونمی لێوە بێ، پەلی گرتم و وتی با لە سەرەتاکانەوە بێینەوە، بەچەندان کۆلان و لاڕێ و زورگ و نشێو و هەوراز و دەشتەکاندا پەلکێشی کردم و لەسەر گردۆڵکەیەک داینیشاندم، دنیا تاریک و نووتەک بوو، وتم چی هەیە لێرە؟! من هیچ نابینم، وتی ئێستە کەسێک هەڵدێت و ئەم ناوە رووناک دەکاتەوە، ئەوەی لەو دەڤەر و زەمەنی تاریکییە هەڵهات و بە پێی قسەی ئیمپراتۆرەکەم من بووم لە جەستەی سوقرات، جەللادەکانم بەدوومەوە بوون و پەرداخێ بادەی ژاراوییان دەرخوارد دام، بێ باکانە بەرەو مردن چووم.

من لە زاری ئیمپراتۆرەکەمەوە دەدوێم، ئەو سووورە لەسەر ئەوەی کە ئەوە من بووم ژارەکەم نۆشی و ئەوانی تریش جەللادەکانم، دەمزانی دەیەوێ پێم بڵێ ئەم سەرکێشییەی تۆ بە فەتارەتت

دەدا و، هەمان جەللادەکان دێنەوە و دیسانەوە لە خاچت دەدەن.

دەیگوت: ئەمە سەرەتای هەڵکەندنی گۆڕەکەتە، کەوتبووە ململانێیەکی بڕست لێبڕ، وەک بڵێی سەلماندنی شتێکم نیشان بدات، رووم لێنا و وتم چیت دەوێ؟ زۆری گوت و هەمەجۆر و هەمەچەشنی هەڵڕشت، ئەوەندە حاڵی بووم کە هەوڵەکانم دۆنکیشۆتانەیە و سەرەنجام بە کەسەرێکی گەورەی ترەوە سەرم دەپەڕێنرێت، ویستم تێی گەیەنم گەر جەللادەکان بوارم بدەن سەرکەوتن بە چنگ دەخەم، بەڵام ئەو ئەوسەری لێ تەنیم و گوتی: جەللادەکان چەند قولانجێکی بچووکی تەمەنت دەقرتێنن، ئەو بەربەستە گەورەیە نین، ورد ورد، رووە خاڵی دەستپێکی گەشتەکە دەیگەڕاندمەوە، هەموو ئەو دۆنانەی نیشان دام کە بە هەمان گوڕ و تین هەمان کەللەشە مێو سەرکێشییەوە، لە گەڕان و کەشفکردنی بوونی خۆم سمکۆڵانم نەدەدا، روزەردیی خۆمی نیشان دەدام کە چۆن بوومەتە مایەی خولقاندنی هەموو جەللادەکان و، هەموو دیکتاتۆرەکان و پیاوکوژ و شەڕوشۆڕ و هەڵگیرسانی شەڕەکان و خوێناویکردنی گێتی و مێژوو قرتاندنی تەمەنی روح لەبەرەکان، ئەمانە لە پای بیرۆکەی نووسینێکی نەزاوەوە هاتنە ئاراوە، گوتی تۆ لەمیانەی ئەم بیرۆکەیەی کە دەتەوێ بیخەیە سەر هەموو بیرۆکە خەتەرناکەکانی گێتییەوە، جەللادەکان لە سوباتی خۆیان بێدار دەکەیتەوە و کێردەکانیان لە هەسان لەدەنەوە و دەماری بوونت دەقرتێنن.

من دەمزانی ئەو راستە، بەڵام چی لەوە بە چێژ و تامترە کە تۆ بیرێکی نەوە و گوفتارێکی تازە، ئیزافە بکەیتە سەر ئەوانەی وتراون واتە یەک بنەیتە ریزیانە کە پێشتر نەوتراوە.

ئەو دەمەی جەللادەکانم رووە و رووم بوونەوە نەترسام و نەشڵەژام، هەر وەکو جاران بەپرسیار دەستم پێ کردەوە و لێم پرسین داخوا بۆ دەمکوژن، من لەو پرسیارە تەنیا دەمەوسیت بۆم رونبێتەوە لەسەر چی دەکوژرێم نەک بۆ ئەوەی نەکوژرێم.

کەسێکیان گوتی: ئێمە تۆ ناکوژین، چیمان لەگەڵ تۆدا نییە، تۆ سوڵتانێ خاوەنداریت دەکا لە کەللەی سەرتدایە، ئێمە بۆ ئەو هاتووین و تۆش، لە کۆیلایەتی ئازاد دەکەین، کەللەسەریان لە جەستەم کردەوە و لە بەریەکیان هەڵوەشاندەوە، سوڵتانەکەیان تێ دەرهێنا و توڕیان دایە سەر شۆستەی شەقامێک، بە بنی پێڵاوەکانیان بە شۆستەکەیاندا ساوی.

وا ئێستایش لە دنیای مردوواندا دۆش داماوم، هەموو جەللادەکانی مێژوو دەوریان داوم و پەنجەی تاوانکاریم، ئاراستە دەکەن، من بە پاڵنەر و هاندەری ئەنجامدانی کارە تاوانکاری و قێزەونەکانیان تۆمەتبار دەکەن، وا نیازیانە بمگێڕنەوە ژیان و دۆخێکی ترم پێ بدەنەوە بەمەرجی بێ سوڵتانی و بێ بیرۆکە... جا نازانم لەم مردووخانەیە بێ متەق و بێ سەرئێشە لێی راکشێم یاخۆ بێمەوە، ناوتان ئەی زیندووەکان ئێوە دەڵێن چی؟

خوێندنەوە

# دۆزینەوەی مانا لە (دوا سروودی بەلەمەوانەکان)ی سەعید سلێمانیدا

ئارام سدیق

ڕەنگە لە ئێستادا ئەوەی لە شیعر چاوەڕوان دەکرێت ئەوە نەبێت تەکنیکی نوێی تێدا بێت، یان زمانی گێڕانەوە زاڵ بێت بەسەریدا. بگرە ئەوەی ئێستا لە شیعردا چاوەڕوان دەکرێت دۆزینەوەی مانای نوێیە بۆ چەمکەکان و مامەڵەکردنیەتی لەگەڵ دەوروبەردا. شیعر هیچ کات لە وەزیفەیەکی تەکنیکیی رووتدا کورت نەکراوەتەوە، وەک ئەوەی هەندێک شاعیر بەتایبەت شاعیرانی کورد لە رۆژهەڵات پەنایان بۆ بردووە و مانایان کردووەتە قوربانی تەکنیک. من تەکنیک رەت ناکەمەوە، بەڵام هەرگیز گونجاو نییە مانا بکرێتە قوربانی تەکنیک، یان بەپێچەوانەوە. باشترین حاڵەت ڕەنگە راگرتنی هاوسەنگی بێت لە نێوان ئەم دوانەدا. یان بایەخدانی زیاتر بە مانا بێت.

ئەوەی مەبەستی سەرەکیی ئەم نووسینەیە، قسەکردنە لەسەر کتێبێکی شیعریی نوێ، کە لەم رۆژانەدا لەلایەن (یانەی قەڵەم)ەوە چاپ کراوە، ئەویش کتێبی (دوا سروودی بەلەمەوانەکان)ی (سەعید سلێمانی)یە.

ئەم شاعیرە لەدایکبووی شاری بانەیە و بەیەکێک لە شاعیرە گەنجەکانی ئەمڕۆی رۆژهەڵات ئەژمار دەکرێت. (سەعید) ئەگەرچی ئەمە یەکەم کۆمەڵەشیعری چاپکراویەتی، بەڵام دەکرێت لەم کۆشیعرە وردبینەوە و لە کاتی خوێندنەوەی چەند شیعری سەرەتایدا تووشی هەڵوەستە لەسەرکردنمان دەکات. ئەوەی شیعرەکانی ئەم شاعیرە لە شاعیرانی تری هاوسەردەمی خۆی جیا دەکاتەوە گەڕانە بە دوای مانادا و ئەو لە پێناو تەکنیکدا شیعری نەکردووەتە قوربانی، کە ئەم حاڵەتەش تاڕادەیەک جیاوازە لە بەشێکی شاعیرانی نوێخوازی رۆژهەڵاتی کوردستان.

یەکێک لەو خاڵانەی دەبێتە جێی سەرنج لای خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەی ئەم کۆمەڵە شیعرەدا

ئەوەیە، بەشێکی زۆری شیعرەکان ناونیشانیان نییە و شاعیر تەنیا (...) ئەم کەوانەیەی وەکو ناونیشان بۆ شیعرەکان داناوە. بە جۆرێک کە لە کۆی (٤٩) شیعر تەنیا (١٦) ناونیشانی هەیە و ئەوانەی تر هەموویان دوو کەوانەی بەتاڵ بۆ ناونیشانەکەیان دانراوە. رەنگە ئەم دوو کەوانە بەتاڵەی شاعیر بۆ ناونیشانی شیعرەکان هەڵی بژاردووە چەند تەفسیرێک هەڵبگرێت، کە من بەپێی بۆچوونی خۆم دەیانخەمە ڕوو. سەرەتا دەبێت لەوە ئاگەداربین کە ناونیشان لە هەموو دەقێکدا گرینگییەکی تایبەتی هەیە بەتایبەت لەم سەردەمەدا، کە بەسەردەمی مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنە ناو دەبرێت. رەنگە پێشتر و لە سەردەمی شیعری کلاسیکدا ناونیشان ئەو گرینگییەی نەبووبێت. بگرە هەر بوونیشی نەبووە. بەڵام لە ئێستادا ناونیشان گرینگییەکی تایبەتی هەیە و پێویستە نووسەران و شاعیران رەچاوی بکەن و بە بایەخەوە لەم رەگەزە گرینگەی تێکست بروانن. من لام وایە یەکێک لەو خاڵانەی ئەم شاعیرە ناونیشانی بەشێک لە شیعرەکانی بەمشێوەیە هێشتووەتەوە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە شاعیر ویستوویەتی بەشداری بەخوێنەر بکات لە هەڵبژاردنی ئەو ناونیشانانەدا و هەر خوێنەرە و بەپێی ئارەزوو و ویستی خۆی ناونیشانێک لەو جووت کەوانە بەتاڵەدا دابنێت. بەڵام ئەم بۆچوونە رەنگە بۆچوونێکی زۆر بڕواپێکەر نەبێت بەتایبەت زۆرجار نووسەر لە کاتی نووسینی شیعردا خوێنەری لە خەیاڵدا نییە، یان خوێنەرێک بۆ دەقەکەی نابینێتەوە. بەڵام پێ دەچێت هەڵبژاردنی جووت کەوانەی بەتاڵ بۆ ناونیشانی شیعرەکانی ئەم شاعیرە پێوەندیی بە



دەستکورتیی شاعیرەوە هەبوو بێت لە ئاست ڕەگەزێکی گرینگی وەکو ناونیشاندا. لەبەرئەوەی وەک دەبینین ژمارەی دەقەکانی ئەم دیوانەی شاعیر زۆرە، بۆیە ڕەنگە نەیتوانیبێت بەهێندەی ژمارەی شیعرەکان ناونیشانی جوان و سەرنجڕاکێش بدۆزێتەوە و بیانکاتە ناونیشانی شیعرەکانی.

خاڵێکی تر کە پێویستە ئاماژەی بۆ بکەین ئەوەیە کە (سەعید) بە حوکمی ئەوەی دانیشتووی ڕۆهەڵاتی کوردستان و تێکەڵییەکی زۆری لەگەڵ ئەدەبیاتی نوێی فارسیدا هەیە پێدەچێت بەشێک لە کاریگەریی ئەو ئەدەبیاتە ڕەنگدانەوەی لەسەر ئەم شاعیرە هەبێت، لەبەرئەوەی لە ئێستادا لە شیعری شاعیرە نوێکانی وەکو (گەڕووس عەبدولەلیکیان و شەمسی لەنگەروودی... هتد)دا زۆر بە کەمی ناونیشان دەبینرێت و زۆر کات لە یەک کتێبی شیعری تەنیا ناونیشانی کتێبەکە هەیە و تەواوی پارچە شیعرەکانی تر بەبێ ناونیشان ماونەتەوە. ئەمەش بۆچوونێکی ترە و پێ دەچێت بەشێک لە راستیشی تێدا بێت.

بەهەرحاڵ ئەم شاعیرە بەم دیوانە شیعرە پێی وتین ڕێگەی تر هەیە بۆ وتنی ماناکان و دەکرێت لە دیدگای ترەوە بۆ شتەکان بڕوانین. ڕوانینێک کە پێشتر کەس پێی ئاشنا نەبووە و تاڕادەیەک ڕوانینێکی سوریالییانە بێت.

ئەگەر کەمێک لەسەر ئەم ڕوانینە سوریالییانە لای ئەم شاعیرە بووەستین ئەمە بەتەواوی لە شیعرەکانی (خوێندنەوەیەکی جیاواز لە شەو، خوێندنەوەی جیاواز لە شەڕ، خوێندنەوەی جیاواز لە پایز و... هتد)دا دەیبینینەوە کە تێکڕایان دیدگایەکی ترن بۆ بینینی شتەکان. ئەمە بێجگە لەوەی لە شیعری (ئێمە خۆمان دەگەینە یەک.. نامە بۆچی)یشدا ئەم هەستی سوریالییەتە دەگاتە لووتکە. بەگشتی ئەوەی شاعیر لەم شیعرانەدا دەیخاتە ڕوو دیدگاگەلێکن کە ئێمە پێشتر پێیان ئاشنا نەبووین، لەبەرئەوەی بەشێکی زۆریان دیدگاگەلێکی نوێن لەمەڕ ئەو چەمکانەی ئێمە بۆچوونێکی دیاریکراومان لەبارەیانەوە هەیە. بێگومان وەزیفەی شیعریش هەر ئەمەیە کە دیدگاگەلی نوێ بخاتە ڕوو و ڕووانینمان بۆ شتەکان فراوان بکات.

ئەوەی دوا جار جێگەی هەڵوەستە لەسەرکردنە ئەوەیە (دوا سرروودی بەلەمەوانەکان) لەو کتێبە شیعرییانەیە، کە پێویستە بخوێنرێتەوە، لەبەرئەوەی دڵنیام خوێنەرانی تۆراوی دنیای شیعر لەگەڵ شیعر ئاشت دەکاتەوە، لەبەرئەوەی ساڵانێکی زۆرە زۆرێک لە بنووسانی شیعر غەدری جۆراوجۆر لە شیعر دەکەن و وشە بەناوی شیعرەوە ریز دەکەن، بەڵام شیعر بەتەنیا وشە ریزکردن نییە، بگرە هەڵگۆزینی مانای نوێیە لەناو ئەو وشانەدا.

* سەعید سلێمانی، دوا سرروودی بەلەمەوانەکان، لە چاپکراوەکانی یانەی قەڵەم، سلێمانی، ٢٠١١.

ڕانانی کتێب

# وەلی دێوانە
# لە شاکارێکی خوسرەو جافدا

عومەر عەلی شەریف

دەلیل شەم نەدیت دەلیل شەم نەدیت
جە لیلاخ ئامای سپی شەم نەدیت
ئاهوی سەر قەتار نەوای رەم نەدیت
نووری بینایی هەردوو چەم نەدیت

خەرمانی بەرهەم و داهێنانەکانی ئەدیب و نووسەری ناوداری کورد خوسرەو جاف، دەیان رۆمان و کتێبی جۆراوجۆری تر دەگرێتە خۆ، کە لەناو کتێبخانەی کوردی و بگرە عێراقیشدا، شوێنێکی شایستەیان هەس، ئەمە وێرای چەندان دیزایینی تەلارسازی و کاری نیگارکێشی و پەیکەرتاشیی جوان جوان کە لە میانەیاندا وەستایی و کارامەیی خۆی سەلماندووە.

دوا بەرهەمی چاپکراوی (خوسرەو جاف) لە بواری دانان و نووسیندا، بریتییە لە کتێبێکی قەشەنگ و بە نرخ، لەسەر شاعیری ناوداری نەتەوەکەمان، وەلی دێوانە، کە بەم دواییە بە ناونیشانی (وەلی دێوانە) لەلایەن دەزگای چاپ و پەخشی (سەردەم)ەوە لە سلێمانی دەرچووە، وا ئێمەیش لێرەدا، لەبەر گرینگیی کتێبەکە ئەم خوێندنەوە خێرایەی بۆ دەکەین.

ناوەڕۆکی کتێبەکە بەگشتی توێژینەوەیەکی فرە لایەنی بەپێزە لەبارەی پێگەی شیعری و ئاستی رۆشنبیریی بەرزی شاعیرمان و ژیانی دێوانەیی و شەیدایی، لەگەڵ تۆمارکردنی کۆی شیعرە پارێزراوەکانی و هەڵوەستەکردن لەسەر نموونەگەلێکیان بە شرۆڤەکردنێکی ورد و دڵگیرەوە، هەمدیس کتێبەکە لە بەرگێکی شیاوی قەشەنگدایە و بەشی هەرەزۆری لاپەڕەکانیشی بە وێنە و

تابلۆگەلێکی یەکجار سەرنجڕاکێش رازاونەتەوە، کە جگە لە پۆرتەرێتی شاعیر بە بەرگەکەوە و هەندێکی تریان نەبێت، کە هونەرمەندی دەستڕەنگینی ئازەری و کۆنە تودەی ئێرانی (د. عەلی مینای) کێشاونی، ئەوانی تر لە داهێنانی خودی نووسەرن.

ناوبراو (د. عەلی مینای) لە شەستەکانی سەدەی رابردوودا وە لە چەندان نەیاری تری رێژیمی پەهلەوی لە بەغدادا نیشتەجێ بووبوون، ئەوە بوو خوسرەو جاف بەهۆی برادەرێکەوە، دۆستایەتی لەگەڵدا پەیدا کرد و بە دەرفەتی زانی لە تەکیدا بکەوێتە هەوڵ و تەقەلای و دەستهێنانی پۆرتەرێتی وەلی دێوانە و چەند تابلۆیەکی (مینیاتۆر) گویای شیعرەکانی، کە لە پاش هەوڵ و زەحمەتێکی زۆر هاتنە دەست.




هەر لە سەرەتای باسەکەیەوە، خوسرەو جاف حەپەسان و نیگەرانیی خۆی دەردەبڕێت لە هەڵوێستی ئەو نووسەر و رۆشنبیرە و یارانەی گەلەکەمان کە بەبێ بەڵگە و لێکدانەوە (وەلی دێوانە) میرزاکەی گەرمیانیان بە کەسێکی نەخوێندەوار و بێ سەودا لە قەڵەم داوە، بەمەش ستەم و بێ ویژدانییەکی گەورەیان دەرهەق کردووە، کاک خوسرەو لەو بارەیەوە ئاوەها دەدوێت:

ئەوە دووسەد ساڵە زوڵم و زۆرێکی بێ سنوور و بێ کەنار لە میرزاکەی گەرمیان، دەکرێ و کراوە و تا بە ئەوڕۆیش بەردەوامە و خوێندەواری کوردیش بێدەنگ بوونە و ورتەشیان لە دەم وەدەر نەهاتووە... لەبەرچی.... بۆچی؟ نازانم... هاوکات دانیش بەوەدا دەنێت کە خۆیشی بۆ ماوەیەکی زۆر لەو بارەیەوە بێدەنگ بووە، خۆ ئەگەر لەسەر پێداگرتنی رێزدار "عەلی بەگی جاف" نەبووایە بۆ لە چاپدانی ئەم کتێبەی کە لەمێژە دەستنووسەکەی ئامادە کردبوو، ئەوا رەنگە بۆ ماوەیەکی زیاتر دوای بخستبا.

پاشان لە تەوەرێکی تردا بە ناونیشانی (بەرەو خۆناسین) نووسەر بە دارشتنێکی ناسک و جوانەوە ئاماژە دەدات بە چیرۆکی ئەوینی بە سوێ و بێ ئاکامی شاعیر بۆ دولبەرەکەی (شەم)، کە بەهۆیەوە لەناو خزم و خوێش و قەومانی جافدا هەندێک جار بە لۆمە و گازندە و توانجەوە، هەندێک جاریش بە سۆز و بەزەییەوە، باس دەکرێت، بەهەرحاڵ میرزای عەوداڵ و کەساس و ئازارچەشتەی ئەوینی (شەم) پشت لە کەسوکار و هەوارگەی خێڵ دەکات و روو دەکاتە گوزەرگەی

شـاخـاوەیی، پەیکوڵی لە ڕۆئاوای دەربەندیخـانی ئێسـتـا، کە بۆ مـاوەیەکی زۆر ڕێگەی هاتوچۆی گەرمیان و کوێستانی تیرەکانی ئێلی کۆچەری جاف بوون، لەوێندەر، لە هەرد و چۆڵ و هەڵەتەکانی ئەو دەوروبەرەدا دوا هەوارگەی ژیانی ناهەموار و پڕ لە تەنیایی و بێدەرەتانیی خـۆی هەڵدەبژێرێت و بێ دەربەست لە تانە و توانجی هۆز و خێڵ سـەرمەستانە نیشتەجێی ئەو چۆڵەوانییە دەبێت و بە دێوانە دەناسرێت، ئەو بە گوتەی خوسرەو جاف، چوون پەپوولەیەکی تازەکار و نەسرەوتوو هەموو شتێکی لە باوەشی ئەو سروشتـەدا تاقی دەکردەوە، هەڵەت بە هەڵەت نزار بەنزار لە بن هەر گابەرد و تل و دەوەنێکدا تێ رادەما.... هەر باڵندە و پەلەوەرێکی بەهامرازی خۆی دادەنا و متمانەی پێ دەکرد، وێڵ و سـەرگـەردان هەر تاوێک لە جێگەیەکدا، کە لە دووریان و سـەر ڕێگەیەکدا، دەمێ هەنگاوی شێتانە و دەمێ ئارامی ژیرانە بە دوای شتێکی دیاری ونکراودا دەگەڕا... دەڕۆیشت و دەوەستا، ئاژەڵی دەکردە هاودەم و پەلەوەری دەکردە هاوزمان، پێی وابوو لە زمانی یەکتر دەزانن و لەیەک نامـۆ نین. ئا بەو جـۆرە، وەلی-ی شـاعـیـر و سـووتاوی ئەوینی پاکی شـەم، لەو جـیـهـانە تایبەتەی خۆیدا نێزیک لە گوزەرگەی پەیکوڵی، ژیانی ئەویندار و دێوانەیی پاک و بێگەردی خۆی بەسـەردەبرد، تا ئەو ڕۆژەی بە جوانەمـەرگی سـەر دەنێتـەوە و خـزمـانی تەرمـەکە دەگـوازنەوە بۆ (سەی سایەق)ی شارەزوور و لەوێ بە خاکی دەسپێرن.

شایەنی ئاماژەیە کەوا شیعر و هۆنراوەکانی شاعیر، زۆرترین لاپەڕەکانی ئەم کتێبە دانسقەیەی کاک خوسرەو پڕ دەکەنەوە، کە بە دیزایین و چاپێکی نایاب و فۆنتێکی گەورەوە لەگەڵ ئەو تابلۆ و وێنانەی پێشـتـر ئامـاژەمـان بۆ کـردن، تۆمـار کراون، ناوبەناویش نووسـەر بڕگـەیەک یاخـۆ دێرە شـعـیرێک لەو شـیـعرە ناسک و دڵگرانەی هەڵبژاردووە و ڕەسـتـەگەلێکی تا بڵێی بەچێژی لەسـەر نووسیوون، نموونەی ئەم بڕگەیە:

نازک گـــەردەنەی مـــینای بەرز شــــەم
نازک سینەی ساف سەدەف تەرز شـەم
نـازک زولفـی دێز عــــەنبــــەرین شــــەم
نـازک ریزەی راز شــــەکــــەرین شــــەم

کە لەبارەیەوە نووسـیـوویەتی شـەم تابلۆیەکی ئاسـمـانییـە.. شـەم چپەیەکی ویژدانییـە.. شـەم جیـهـانی پـەریشـانی و شـەیداییـیە.. شـەم چیرۆکی کۆن و نوێیە... شـەم تاڵە.. تفتـە.. شـەکرە... شـیرینە.. هەنگوینە... شـەم فریشـتـەی لە بەهەشت وێڵـە.. لەبیرچووە.. شـەم سیـحرە ئەفسـانەیە جادووە... شـەم مامزگەردنە.. شـەم ئافەتە.. ژیانە.. مردنە.. شەم بەرۆک پڕە.. سینەخڕە... شـەم بیرە هۆشە.. شەم شەوبۆیە نێرگسە بۆن خۆشە.. شەم بالا بەرزە.. شەم هەزار تەرزە... هتد.

ئەوەشـــمـــان لە بیـــر نەچێت کـــە لە کـــۆتـاییی ئـەم بەشــــە ڕەنگینە بەرینەدا (مـــەبەست بەشی شـیـعـرەکانە) نـامـە شـیـعـرە بە نرخـەکەی شـاعـیری لێـهـاتوو (ڕەنجوەری) بۆ (وەلی دێوانە) بە

دوویشیدا وەڵامە شیعرە شایستەکەی (وەلی) بۆ ئەو دەخوێنینەوە.

(ڕەنجـوەری) لـەو نامـەیەیدا سـتـایشـێکی زۆری توانا و بەهرەی شـیـعـری (دێوانـە) دەکـات و بەمیرزای ناو دەبات و بە گەنجینەی دەزانێ، بگرە لە مـەقام و بڵندیی "سـەعدی شیرازی"ی دادەنێ! ئەمـەش خـۆی لەخـۆیدا وەڵامێکی ڕاسـتەوخـۆیە (وەک خـوسـرەو جـاف دەڵێت) بۆ ئـەو خـوێندەوارە کوردانەی کە ڕووکەشـانـە و بێ ترس و خـۆف لە خـوا و خـەڵکی کوردسـتـان و ئەوانەی چاوسـاغی مێژووی ئەدەبییاتی کوردن، وتوویانە! وەلی دێوانە نەخوێندەوار بووە!

ئەمەش پێشەکیی ئەو نامە شیعرە بەپێزەیە:

مـیـرزای خـولاسـەی خـاس خـاس خـەیاڵ
دانـای دوڕشـنـاس کـــان کـــوی کـــەمـــاڵ
ســـەڕاف بێ لاف باخـــەبـەر جـــەحـــاڵ
شـوعـەرای سینە سـاف گەنجینەی ئـەبیات
بەیت و فەرد شیرین شێخ "سـەعدی" سیفات

هـەر کەسێکیش بەوردی وەڵامـەکەی وەلی بخوێنێتـەوە، پەی دەبا بە پلەی زانیـاری و هۆشیـاریی ئەو زاتە و، دەزانێت تا چ ڕادەیەک ئاگەداری دنیای ئەدەبییات و کەڵەشاعیرە، ناسراوەکانی دوور و نزیک بووە.

بۆیە خـوسـرەو جـاف هەقیـەتی بڵـێت: ئەوانـەی لە ڕووی نەزانینـەوە مـیـرزای گـەرمـیـانیـان بە نەخـوێندەوار داناوە، با بە شـەرمـەوە لە ئاست ئەو پیـاوە گـەورە خـێـرنەدیوەدا سـەری تەعـزیم دانوێننەوە و داوای لێبووردن بکەن تا ڕوحی ئازاردیدەی وەلی بیانبەخشێت!

ئێستاش فەرموون لەگەڵ نموونەیەکم لەو نامەیە.

مـــەولای "ڕەنجـــوەری" دانـای لاڵ شنـاس
هـەیاس، دوڕناس ئەسـڵ و نەسـەب خـاس
نـەژاد پاکـــان "نیـــزامـی" قـــیـــاس
"فردەوسی" تـەوسیی "جامی" مـەلەک جام
"خـــاقـــانی"خـــەیاڵ "ئەنوەری" ئـەییـــام
"سـەعدی" سوخـەنخوان بەحری مـەعانی
"حـافـزی شـیـراز" "مـسـائب"ی سـانی
بەتای بێ هـەمـتـای قـەییـوومی بێ چوون
هـامـــتـــای تۆکـــەمـــەن نە ڕووی دەوردوون

جا لەبەرئەوەی شیعرەکانی وەلی دێوانە بە شێوەزاری هەورامی (زمانی باوی ناو دنیای شیعری کوردیی ئەو سەردەمە) هۆنراونەتەوە، ئەوا نووسەر بە پێویستی زانیوە فەرهەنگێکی بچکۆلانە بکاتە پاشکۆی شعیرەکانی کتێبەکە، بەمەبەستی لێکدانەوەی مانای ئەو وشانەی کە پێویستییان بە روونکردنەوە هەس. پاشانیش نووسەر دێتە سەر باسی ئەو وشە و دەستەواژانەی ناو دنیای ئەدەبی سۆفیگەری (فارسی و عەرەبی بەزۆری) کە شاعیرمان هۆشیارانە و وەستاکارانە لە شیعرەکانیدا بەکاری هێناون، هەڵبەت ئەمەش بەڵگەیەکی بەهێزە سەبارەت بە شارەزایی و لێهاتوویی ئەو زاتە لە جیهانی ئەو ئەدەبەدا، لەم میانەشدا کاک خوسرەو دیسان فەرهەنگێکی بە سوودی تری خستووەتە سەر شاکارەکەی کە تا بڵێی چڕوپڕ و دەوڵەمەندە.

دوا تەوەری کتێبەکەش باسێکی پوختە لەبارەی بەربڵاویی رۆشنبیری (وەلی دێوانە) کە لەمیانەیدا نووسەر سەرسامیی خۆی دەردەبڕێت لە ئاست شیعرە بە چێژەکانی و رادەی بەرزی تێگەیشتن و رۆشنبیریی خاوەنەکەیان، هەمدیس سەرلەنوێ بەخەم و پەژارەیەکی زۆرەوە ئەوە دەخاتەوە روو کە ئەو خوێندەوار و مامۆستایانەی لە بێ سەوداییی شاعیر دواون، ستەمێکی نەبەخشراویان دەرهەق کردووە.

جەختیش لەوە دەکاتەوە کە وەلی دێوانە لێهاتووانە لە زۆر بواردا ئەسپی سەرکێشی خۆی تاو داوە، مێژوو، جوگرافیا، ئەفسانە، ئاین، جادوو، ئەدەبیيات، ئاسمان و ئەستێرە ناسین، ئەمە وێڕای دنیای بەربڵاوی سۆفیگەری کە لەویشدا گەلێک کارامە و شارەزا بووە.

هەمدیس ئەو وەک جوگرافیاناسێک باسی ئاوی هاموون و بەحری نیل و خەتا و خوتەن و تەبەس و نەجد دەکات، ناوی چەندان هەسارەی وەک زوهرە، کەوکەب، هەتاو، مانگ و مەریخیش دەگونجێنێتە ناو هەڵبەستەکانییەوە، ئیدی لە چڵێکەوە بۆ گوڵێکی تر، ئاماژە بە ئەنگوستیلەی سلێمان و هاروون و شەڕی سەکیبی دەدات، ناوی بۆنگەلێکی خۆشی وەک موشک و موشکناف و سەمەن و سونبولیش ئامێتەی شیعرەکانی دەکات.

دیارە خوسرەو جافیش لەلایەن خۆیەوە بە چاکی زانیوە بڕێک لەو ناوانەی کە شاعیر لە هەڵبەستەکانیدا، بەکاری هێناون، بناسێنێ بە خوێنەرانی کتێبەکەی، نموونەی، خدر "حەزرەتی خدری زیندوو زیندە، زەهیر فاریابی، مەولانا جەلالودینی رۆمی، مەولانا جامی، ئەنوەری، خاقانی شێروانی، سەعدی شیرازی، گەنجەوی، حافز... تا دەگاتە هارووت و توغراو خەتا و خوتەن و خەرامانی چین و هەیاس و حەکیم فیردەوسی.

لە کۆتاییی ئەم خوێندنەوە ساکارەمدا بۆ کتێبە بەنرخەکەی برای ئازیزم کاک خوسرەو جاف، بەندە بەشیاوی دەزانم یەکێک لە هەڵبەستە دڵگیر و بەناوبانگەکانی "دێوانە" بەو شێوەیەی لە کتێبەکەدا هاتووە، بۆ خوێنەرانی کۆواری (نەوشەفەق)ی خۆشەویست لە دەستپێکردنەوەی دەرچوونیدا تۆمار بکەم لەگەڵ هیوای تەمەندرێژی و سەرکەوتن بۆ خۆی و ستافە بەڕێزەکەی.

یاران نەجەرگم

یاران نـەجـــەرگم یاران نـە جـــەرگم
تیـر "شـــەم" ئەمشـەو دریانـە جەرگم
بەو خــەدەنگ ئـامـا ئـاکـام مـــەرگم
شـەهیـدم کـەفـەن مـەکـەن وە بەرگم
تـەنیــــا بـەهـۆن زام جــــەرگـــــەوە
بسپـاردیم وە خـاک هون وەبەرگەوە
بـا بەو ئـەندام گـــوڵ رەنگیـــمــــەوە
پـەروانە ئـاســـا بێــــدەنگیـــمــــەوە
شـوشـتــەن نـەگـیلنۆ هۆن زامــانم
پەی تـەور پەســـەند نـاو شـــەهیـدانم
بەڵام وەســـیـــەتم ئیــدەن جـــەلاتان
هەر چەن کـەفـتـە نـان دوور وڵاتان
با گلکۆم تەنیـا جـەرای خـیــلان بو
نزیک هەوارگـــەی ســەر رەوپـلان بو
کـــێلی بە ئنداز بەژنۆ باڵای شــــەم
بنیـەن جـە فـەرقم بـەبێ زیاد و کـەم
تـاقـی بـە وێـنـەی تـاق بـرۆی ئــەو
کـە سـوجـدەگاه گـیانم بو بە شــەو
بنووسن بـە هون جەرگ ســـەرکەدەم
کە من بـە تیـر شـەست شــەم مردەم
پەی چێش ئەو شــەمــە تاتار چینەن
جە زەید بیزارەن جە وەڵ نیشـینەن
بەڵکم ئەو قــیــبلەم جـــە راگــوزارێ
راش گنۆ وەسـر گلکۆی من جـارێ
بزانۆ زەدەی شـــــەست ویشــــەنان
داخ وەگڵ بەرد، حـەسرەتکێشـەنان

* پەراوێز:

وەک دەزانین، ئەمە یەکێکە لەو هەڵبەستە ناسکانەی شاعیر کە (پیرەمێرد)ی داهێنەر زۆر بە جوانی گۆڕیونییەتە سەر شێوەزاری سلێمانی، ئەوجا ئاوازیان بۆ دانراوە و کراونەتە گۆرانیی بەچێژ و هەستبزوێن.

# هەڵبژاردە لە چیرۆكی كورتی بێگانە

وەرگێڕانی: گۆران

عەبدوڵڵا بەگی كوڕی سلێمان بەگی كوڕی عەبدوڵڵا بەگ، ناسراو بەگۆران (١٩٠٤ – ١٩٦٢)، یەكێك لە نوێگەرانی شیعری كوردییە. شیعرەكانی لە ڕێگەی وێنە شیعری و زمانپاراوییەكەیانەوە دەناسرێنەوە. ڕەنگە هەر ئەو زاڵبوونەی بەسەر زمانی كوردی و گەمەكردنەی بێت بەوشەی جوان بووبێتە پاڵنەری خۆ لەقەرەدانی وەرگێڕان.

لە دیوانەكەیدا چەندان شیعری وەرگێڕراوی عەرەبی و فارسی و توركی دەبینین، لەم كتێبەشیدا (هەڵبژاردە)، كە لە ساڵی ١٩٥٣دا لە چاپخانەی مەعارفی بەغدا چاپ كراوە، نۆ چیرۆكی لەبەری خامەی چیرۆكنووسە بەناوبانگەكانی جیهان هەڵبژاردوون و لە عەرەبی و ئینگلیزییەوە وەری گێڕاون، كە ئەو كات لە ئیستگەی ڕادیۆدا ئیشی دەكرد، بەو نیازەی لە ڕێگەی بڵاوكردنەوەیانەوە لە كۆواری گەلاوێژدا گەشە بەهونەری چیرۆكنووسیی لە زمانی كوردیدا بدات.

مخابن لە هەڵبژاردنی چیرۆكەكاندا سەركەوتوو نەبووە و گەلێك لە چیرۆكەكان تام و چێژیان تێدا نابینی و لەلایەنی هونەریشەوە لە پێشی پێشەوە نین.

وەرگێڕ بۆ ئەمە پاساوی هێناوەتەوە و دەڵێت:

> (وەكو ئاشكرایە، زرووفی تایبەتیی ئیستگە لەو سەردەمەدا كاری هەبوو لە سەربەستیی هەڵبژاردنما، لەولاشەوە لە هەڵسەنگاندنی نرخی ئەدەبی چیرۆكدا باری سەرنجی خۆیشم لەگەڵ هی ئێستام شتێكی تر بوو، ئەمە پێ لێنانێكە بۆ ئەوەی كە ئەگەر هەڵبژاردنی ئەم چیرۆكانە بكەوتایە ئەمڕۆ، ئەنجام كوتومت ئائەمە دەرنەدەچوو كە پێشكەش دەكرێ).



بەهەرحاڵ ئەم بەرهەمە شایەتحاڵێکە بۆ نووسینی ئەو کات بەزمانی کوردی، کە چەند بایەخ و گرینگی بەپاراویی زمانی کوردی دراوە.

نەوشەفەق

## سەرەتایەکی پێویست

ئەو چیرۆکە کورتانەی لەم بەرگەدا جێگەیان کراوەتەوە، وەرگێڕانیان بە کوردی، بەری ڕەنجی کاتێکە کە لە ئێزگەی رادیۆدا کارم دەکرد، نیازم ئەوە بوو لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی رادیۆوە بەپێی توانا هاوکاریی لەگەڵ، تەقەلای کۆواری مانگانەی گەلاوێژ بکەم، بۆ دانانی بناغە و گەشەپێدانی هونەری چیرۆکنووسی لە زمانی کوردیدا، هەر وەکو نووسەرەکانی گەلاوێژ منیش ڕێگەی هەرە کورتی گەیشتنە ئامانجم وا هاتە پێش چاو کە لە پێشا لە گۆڕینی هەندێ چیرۆکی کورتی زمانە بێگانەکانەوە دەست پێ بکرێ، لەوانەی کە ناوبانگی جیهانییان هەیە لە ئەدەبا.

بەڵام، وەکو ئاشکرایە، زروفی تایبەتیی ئێزگە لەو سەردەمەدا تا رادەیەک کاری ئەبوو، لەسەر بەستی هەڵبژاردنمان لەولاشەوە لە هەڵسەنگاندنی نرخی. ئەدەبیی چیرۆکدا باری سەرنجی خۆش لەگەڵ هی ئێستەم شتێکی تربوو.

ئەمە پێ لێنانێکە بۆ ئەوەی کە ئەگەر هەڵبژاردنی ئەم چیرۆکانە بکەوتایە ئەمڕۆ، ئەنجام کوتومت ئائەمە دەرنەدەچوو، کە پێشکێش دەکرێ، ئەوەندە هەیە هەرچەند بەو گیانەوە سەرنج دەدەم کە ئەمەی پێشکێش بە خوێنەران دەکرێ، بەری تەقەلایەکی پێشووە، بۆ داخستنی کەلەبەرێک هاتووەتە دی کە ئێستەیش لە بەردەم لانەچووە، خۆم پەشیمان نابینم لە چاپکردنیان.

## مازبا -یان- دڵداری هەژار

چیرۆکێکە لە عەرەبییەوە وەرگیراوە، لەگەڵ کەمێک دەستکاری لەسەر گورشتە لاوەکی پۆڵۆنیایی دەدوێ.

میر کچی جوان (ئۆگستا) نۆکەرەکەی دەدوان، پێی وت:

– سەرم لە کاری ئەم کوڕە سوڕماوە! لە چەقی دەرگەی کۆشکەکەما وەستا، ناجوڵێ بۆ ئەوە نەبێ کە جارجار بە چواردەوری کۆشکا بسووڕێتەوە و چاو بە دەرگە و پەنجەرەکانا بگێڕێ، کە بە فەرمانێک دەچمە دەرەوە، ئەو چاوەی تێم دەبڕی کلای ناکا، تا بەتەواوی لە چاوی ون دەبم!

نۆکەرەکە وتی: ناوی مازبایە، میر کچ!

– کێیە ئەم (مازبا)یە؟

– سەرگەردانێکی واق وڕکەرە(١)،

(١) واقم وڕما = تەعەجوبم کرد.

زۆرجار خەڵک دڵیان پێی دەسووتێ، بەڵام، بەرامبەر بە فەرمانێک دەبێ بیکا، هەرگیز خۆی ناخاتە ژێر چاکەی کەس! بە خۆڕایی هیچ لە کەس وەرناگرێ!

– باشە، ئەی لە بەردەرگەی کۆشکەکەی من لە چی دەگەڕێ؟

نۆکەرەکە رەنگێکی هێنا و برد، بە دەموپلێکی پێکا هاتووەوە دەستی کرد بە منجەمنجێک کە میر کچ کەلیمە لێی تێ نەگەیشت، کاتێکی ناهەمواربوو بۆ ئەم نۆکەرە هەژارە، لە هەموو ژیانیا درۆی نەکردووە، ئێستە چۆن بەرامبەر میر کچ درۆ بکا، درۆ نەکا، دەبێ راستی بڵێ، بەڵام چ راستییەک؟.. دەبێ پێی بڵێ: ئەم سەرگەردانە بە جۆرێک گیرۆدەی تۆ بووە، کە چاوی هیچ رووناکییەک نابینێ جوانیی تۆ نەبێ.

هەرچەند بە بەردەرگەی کۆشکا تێ دەپەڕیت، ئەو رۆژە هەتا ئێوارێ دڵی لە فرتە فرت و لێدان ناکەوێ! چۆن پێی بڵێ لەو رۆژانەدا کە بۆ گەشتی لادێ چووبوویتە دەرەوە ئارام و ئۆقرەی لەبەر بڕابوو؟ دوایی چۆنی تێ بگەیەنی کە داستانی شور و شپرزەیی ئەم سەرگەردانە گەیشتووەتە هەموو کۆڕ و (کۆمەڵ بەستنەکان)ی ناو شار؟..

بەم جۆرە نۆکەر ناچار بوو تکای لە میر کچ کرد و وتی:

– خۆی بانگکە لێی بپرسە، خۆی دەتوانی وەڵامی راستترت بداتەوە!

***

کە نۆکەرەکە بانگی کردە (مازبا) بۆ خزمەتی میر کچ، لە خۆشییانا گەشکەداربوو، وای دەزانی هەرچی دار و بەرد هەیە لە جیهان بۆی هاتووەتە پێکەنین، بەناو سالۆن و ڕاڕەوەکانا بە قەڵەمباز هەنگاوی دەنا، بەبێ ئەوەی نەخشێکی دیوار، پەیکەرێکی جوان، یان شتێکی نایاب سەرنجی کێش کات، وەکو ئەم شتانەی هەر لە زووەوە دیبێ و پێیان راهاتبێ، کە گەیشتنە بەر دەرگەی ژووری میر کچ نۆکەرەکە ئیشارەتی کرد وتی: بچۆرە ژوورێ.. لێرەدا (کوڕەی سەرگەردان) رەنگی سپی هەڵگەڕا، بەڵام زاتی نایە بەر خۆی و سەری کرد بە ژوورا..

میر کچ رووی تێ کرد وتی:

– چییە؟ دەڵێی لەم جیهانە گەورەیەدا بستێ زەویت لێ چووەتە قاتی خۆتی تیا بحەوێنیتەوە، وا بەردەرگەت بە من گرتووە، ئەو چاوانەم تێ دەبڕی، کە پڕن لە نیهادی(١) پیس!

– نیهادی پیس؟.. خوا گەوایە(٢)،

نیهادم پیس نییە. دوایی دەبێ من چیم نیهاد لە میر کچ پیس کەم؟..

میر کچ غەڵبەغەڵبێکی لە دەرەوەی ژوورەکەیەوە بیست.. نۆکەر پێی وت:

– خێزانی ماقووڵان هاتوون بۆ شەونشینی.

(١) نیهاد بەرامبەر بە نوایای عەرەبی بەکار هێنراوە.

(٢) گەوا، یان گەوە= شایەد.

میر کچ ئاماژەی کرد با بێنە ژووری، کە هاتن هەموو بە جارێک تاس بردنیەوە، یەکێکیان لەبەر خۆیەوە وتی:

– ئای لە موعجیزەی دڵداری! ئاخری گەیشتە خەڵوەت خانەی میر کچ!

یەکێکی تریان وتی: "با، لێیان گەڕێن گلەیی و بناشتی(١)، خۆیان تەواو بکەن! بەڕاستی دیمەنێکی نەبینراو و قەوماوییەکی بێ وێنەیە:

هەتیوی کۆڵان لە پەردەی حەرەمی میرانا..."

هەموو ژنەکان بە جارێک دایانە قاقای پێکەنین.. میر کچ یەکە یەکە دەیڕوانییە دەموچاویانا و هیچ تێ نەدەگەیشت، وتی: وا دەردەکەوێ ئێوەیش دەیناسن، هەموو وتیان: ئینجا هەیە لە شارا نەیناسێ؟

میر کچ لەسەر قسە ڕۆیشت، وتی: هەر چەن تێ دەپەڕم بە چاوێک تەماشام دەکا کە گومانی بەدخواهی لێ دەکەم!

ژنەکان وتیان: چۆن؟ دەڵێی ناتوانی چەشنەکانی نیگا لێک جودا بکەیتەوە؟.

دوایی میر کچ وتی: بیبەن، دەستێ جلی سەرتاپای بدەنێ و نانی بۆ دانێن روویشی کردە ئەو وتی: بەڵام ئەی مازبا، لەمەو پاش نابێ بە هیچ جۆرێک نێزیکی ئەم کۆشکە بکەویتەوە!

مازبا بزرکا وتی: میر کچ! لە ڕێی خوا، نەنانم دەوێ و نە بەرگ! لە بەردەرگەی کۆشکەکەتم مەکە.. بم بەنە بەهەشت ناژیم لەو بەردەرگەیە نەبێ! دوایی من لەوێ دا بکەوم یانە کەوم چ زیانێک بەتۆ دەگات؟

میر کچ سەری لەم قسەیە سوڕما، بانگی کردەوە وتی:

– مازبا، گوێ بگرە، چی دەڵێن؟ دەڵێن تیری دڵداری پێکاوتی! ڕاست برۆ: چ ئافرەتێک دڵی لێ سەندووی؟

تریقەی پێکەنینی ژنەکان گوێی هەژارەکەی کاس کرد. کەللەی وەکو گومەز دەنگی دەدایەوە، وەکو بزمار لە جێگەی خۆی چەقی بوو، دار و بەرد هێزی دوانی بوو، ئەو نەیبوو، تا لال وەستانی ئەو درێژەی دەکێشا ژنەکان زیاتر پێکەنینیان دەهات.

میر کچ دووبارە رووی دەمی تێ کردەوە وتی:

– مازبا! قسە بکە.. کێیە ئەو ژنە؟.. گوڵفرۆشەکەیە؟ یان کچی دەرگەوانەکە؟..

– هیچ کامیان، نە گوڵفرۆش، نە دەرگەوان!

– ئەی دەبێ کێ بێ ئەم یارە نازدار و شۆخە؟

– شوخێکە وەکو مانگی ئاسمان، لە بەرچاومە، بەڵام دوورە لە دەستەڵاتم، ئەو لەناو شەپۆلی ناز

(١) گلەیی و بناشت: عتاب، معاتبە.

و نیعمەتا دەژی، من لەناو شەپۆلی خەم و پەرێشانیدا بۆ ئەو! ئەگەر ئەمە کاولی بێ بۆ من، ئای کە بەختیارم بەم کاولییە! چەند شادمانم کە لەبەر تریفەی مانگەشەو تارماییە سپییەکەی لە دوورەوە بەدی دەکەم؟ دەڵێی فریشتەیە دەردەکەوێ و دەڵێی حۆری بەهەشتە لە بەرچاو ون دەبێ!

میر کچ بەم قسانە هەموو شتێک تێگەیشت، ژنەکان ئەوەندەی تر دەنگی پێکەنینیان بەرز کردەوە، کوڕەش چاوی بڕییە زەوی و دڵی دەستی کرد بە فرتە فرت.

میر کچ لە پڕ سوور هەڵگەڕا.. چۆن ئێستا بوو بە یارێکی ناو کۆڵان؟ بۆ بە کولکی[1]، گاڵتە و پێکەنینی خەڵکی شار؟ مووچڕکە بە لەشیا هات و هۆش و ئیختیار لەسەریا نەما. خوڕیە نۆکەرەکەی رووتوقوتی کاتەوە، بەسەر ئەسپێکی سەرکێشەوە دایبەستی و بەرەڵڵای دەشتی دانووبی و بکات.

***

(مازبا) لەسەر گازی پشت شەتەک درا بە سەر پشتی ئەسپێکی سەرکێشەوە، بەرەڵای بیابانێکی چۆڵ کرا، ئەسپ بە چەپۆکان و چوار ناڵە رۆیشت، هەر رۆیشت، تا لە پاش چەن شەو و رۆژێک گەیشتە ئاوەدانی، لەبەر رەشماڵی خێڵێکا وەستا، سەگەل لە هەرچوار لایەوە وەڕە وەڕ گەمارۆیان دا، تا سەرکۆماری خێڵەکە گەیشتە فریا و مازبای لە پشتی ئەسپەکە کردەوە. (مازبا) ئەوەندە هەڵتەکابوو و ئەوەندە هەتاوی داخ دابووی لەسەری. زمانی شکابوو، وەڵامی قسەی پێ نەدەدرایەوە.

لە پاش ئەوەی حەسایەوە و بە ئاو و شۆربا بوژێنرایەوە، هاتەوە سەرخۆ، بەڵام لەباتی وەڵامدانەوەی پرسیار هەر هەڵسایە سەر پێ و رووی کردە خانەخوێ وتی:

– بەرامبەر بەم ئەرک و پیاوەتییە زۆر سوپاستان دەکەم، بەڵام بمبەخشن دەبێ برۆم... خواتان لەگەڵ!

سەرکۆمار پرسی (بۆ کوێ؟ بۆ چ لایەک؟)

– بۆ کوێ.. بۆ چ لایەک.. ببوورە ئەی سەرکۆمار! خۆشم نازانم بۆ کوێ، بۆ چ لایەک! تەنیا لایەکم گومان دەبرد رووی تێ دەکەم، ئەویش رەوانەی باوەشی مەرگی کردم، ئێستە هەر ئەوەم بۆ ماوە بە شوێن ئەو مەرگەدا بگەڕێم، کە سێبەری نەوازشت و دڵ چاکیی تۆ لێی تاراندم.

سەرکۆمار لەلایەکەوە بەزەییەکی زۆری بەسەر گوزشتەی ناکامییا هاتەوە، لەلایەکیشەوە رەنگ و رواڵەتی ژیری و شێوەی دەمودوی تەواو لە دڵی چەسپی... خۆیشی لەگەڵ ئەوەی چووبووە تەمەنەوە لە وەجاخ و جێگر بەشبڕاو بوو، بەشێوەیەکی دڵسۆزانە و راست رووی تێ کرد وتی:

– ئەی مازبا! بۆ نایەی ببی بە کوڕی من، تۆ پێویستت بە باوکێک هەیە دەستت بەسەرا بکێشی، منیش ئاواتەخوازی کوڕێکی ژیرکەڵەی دڵسۆزی وەکو تۆم، بەم دواییی عومرەوە، لە

(١) کولک: بێ کەڵک، هەدەفی سووک (لەم جێگەیەدا).

هەڵسوڕاندنی کاروبارا، بارێکی سەرشانم سووک کات.

بەم جۆرە (مازبا) لە ماڵی سەرکۆمارا جێگەی کوڕی گرتەوە.

هەرچی میر کچە، لە پاش نیشتنەوەی ئاگری رقی کە هەتا ئێوارەی پێ چوو، بەڵام تازە هەموو شت لە دەست دەرچوو بوو، هەر ئەوەی بۆ مابووەوە شەو هەتا بەیانی بەدەم خەیاڵی مازباوە لەسەر جێگە ئەمدیو و ئەودیو بکات، تاوە نا تاوێک لاشەی ورد و خاشی مازبای لە بەردەمی تاوێریکا، لە پەنای کۆسپ و کەنەڵانێکا دەهێنایە بەرچاو و هۆن هۆن بە فرمێسکی گەرم سەرینەکەی لە ئاو هەڵدەکێشا.

ناتوانین بڵێین (مازبا) میر کچی بەتەواوی لە بیر خۆی بردەوە. بەڵام فریێی دایە کونجێکی کلا[١] و تاریکی دڵی، لەم کونجە تاریکەدا چەرخی رۆژگاریش هەتا دەهات پەردەی فەرامۆشیی ئەستورتر لە دەور دەتەنی، تا وای لێ هات هەستی[٢]، دڵداریی، بە رواڵەت[٣]، وەکو بەرد رەق بوو، هەرچی خواست و توانستی هەبوو هەمووی ئاراستەی خۆشەویستیی وڵات و عەشرەتە تازەکەی کرد، لە سواری و لەشکر گیریدا وەستایەکی لێ دەرچوو دەرسی بە هەموو لاوەکانی خێڵەکەی دەوت، زرنگی و زیرەکییەکەی، چالاکی و زات و زورەکەی لەناو ئەندامەکانی عەشرەتا سام و شکویەکی بۆ پەیدا کردبوو، رۆژ لای سەرکۆماری بەتەمەنا چوو، شیرینتر دەبوو سەرکۆمار هەرچەند فەرمان راپەڕاندنی هۆشیارانە و لێ هاتووانەی دەدی، لە خۆشییانا زەردە خەنە دەیگرت و بەری دەستی خۆی هەڵدەگلۆفی.

لە وشکەساڵێکا، کەچنگ کەوتی ئاژەڵداری[٤]، کزبوو، دانیشتووانی خێڵ لە مازبا کۆبوونەوە، دەستیان کرد بە سکاڵاکردن، وتیان دادمان بۆ ببەرە بەرشا بەڵکو باجی ئەمساڵمان لەسەر سووک کات. مازبا لە دڵی خۆیدا لێکی دەدایەوە، تەماشای دەکرد، ئەو باجە زۆرەی (شا) لە خێڵەکەی ئەوی دەسێنێ هەمووی بە فیڕۆ دەڕوا، لە پێناوی سوودی گەلا هیچ شتێکی لێ خەرج ناکرێ، خێڵەکانی تری دراوسێی هەروەها باجێکی زۆریان لێ دەسێنرێ بەبێ ئەوەی ناتەواوییەکیان بۆ پینەوپەڕۆ بکرێ.

لەبەر ئەوە (مازبا) لەگەڵ سەرکۆمارەکانی تریش دەمی گەیاندە یەک و، دەستی کرد بەهاندانی گشت لایەک بۆ هەڵسانە سەرپێ و یاخیگەری بەرامبەر بە شا.

بەدڵپڕییەکی گەرمەوە دەیقیڕاند دەیگوت:

ئەی لاوەکانی عەشیرەت، چاو بکەنەوە! سەرخۆشیی ئارەق و شەراب، گێژی و وڕی عەشقی

---

(١) کلا: مهجور، منزوی.

(٢) هەست: حس.

(٣) رواڵەت: مظهر.

(٤) ئاژەڵ: حەیواناتی ماڵیی وردە

ئافـرەت بەرتان دات! دەست بدەنـە چەک و مـەردانە راپـەڕن! ئەگـەر دەتوانـی با (شـا) خـۆی بێت، خەرج و باجمان لێ کۆکاتەوە.

مازبا، بەم جۆرە ئاگرێکی تیژی، نیشتمانپەروەریی لەناو خێڵەکانی گەلیا هەڵگیرسـان، هەموو خۆیان ئامادە کرد بۆ جەنگین و بۆ مل دەرهێنان لە زنجیری بێگانە.

بەڵام (شـا) پیاوێکی ئێجگار دووربین و دورئەندێشـبوو، کە ئەمـەی زانـی، لەباتـی ئەوەی لەشکر بکاتە سـەریان، دەنگی نەکرد تا لە جـەژنی لەدایکبوونیا شاییەکی قورسی ساز دا هەرچی میر و سەرکۆمارە قورسـەکانی وڵات هەیە گشتی بۆ بانگ کرد. (مازبا)ش لەناو بانگ کراوەکانا بوو، شا، دڵخۆشـییەکی زۆری دایەوە و لە پاشـەڕۆژی خۆشی و خێڵەکەیشی دڵنیای کرد، وە بەڵێنی دایە کە پەرزای سـووککردنی خـەرج و باجیشـیان بخـاتە بەر سـەرنجی بایەخ بەو شـەرتە ئەویش پەیمانی گەردنکەچی و دڵسۆزی تازەکاتەوە بۆ شا.

ئەو شـەوە کۆشـکی شـایی و سـەرانسـەری پایتـەخت چراخـانێک کرابـوو کە دار و دیوار وەکـو ئاسمانی نیوەڕۆ شەپۆلی دەدا لە پرشنگا.

کۆشکی شـا لەناو چەپکە گـوڵ و بەیاخی رەنگاورەنگا دەبریقـایەوە، هەرچـی سـفرە و مێـزێکت دەدی ژاوەی دەهات لە دەفری زیو و ئاڵتوونی خواردن و خواردنەوەدا، هەڵمی چێشـتی گەرم و بۆن و بەرامەی خواردنی خۆش لە هەموو لایەکەوە دەچوو بە ئاسمانا.

وەزیری دەرەوە خـەریکی یەکترناسینی ماقووڵانی وڵات بوو، مازبا لەگەڵ گـەلێ پیاو و ژنی ماقوڵ دەستی گووشی، تا لە پڕ وەزیر سەرەنجی راکێشا وتی: مازبا ئێستە میر کچەکانی پولونیا دێن، لەگـەڵ کـەلیمـەی (پۆڵۆنیـا) مـازبـا زریکە لە پەڕەی دڵی هـەڵسـا، لـە تاوانا گورج دەسـتی گـرت بە بەرسنگیەوە، وەزیر بزرکا و هاواری کرد: ها مازبا، چی قەوما؟

مازبا وتی: هیچ... هیچ نەقەوما.. برینێکی زۆر زۆر کۆنم لە پڕ پێچی پیا هات!

مـیـر کـچـەکـانی پۆڵۆنیـا نێـزیک بوونەوە، ئۆگـۆسـتـا لەنـاویانا وەک مـانگی ناو ئەسـتـێرە دەدرەوشـایەوە، دڵداریی دێرینە لە پـاش خامـۆشـیـەکی بیست سـاڵە، لە دڵی مـازبادا وەکو ئاگری دۆزەخ(١)، کڵپەی بەست.

ئۆگۆسـتـاش ئەوی ناسـییەوە، بەشـەرمەوە لێـی چووە پێش، دەسـتی بۆ درێژ کرد، هەمـوو لەشـی دەلەرزی و لە تەریقـیدا دەمـوچاوی سـوور هەڵگەڕابوو، لەگەڵ ئەوەی دڵی گینگڵەی دەدا لە قسـەی زۆرا هەر ئەوەندە هاتە زمان وتی:

– ها مازبا، دەڵێی منداڵەکەی جارانی، هیچ نەگۆڕاوی!

مازبا وتی: منداڵەکەی دوێنی لە بیابانی دانوب مرد، خانم!

– ئەی دڵ و دڵدارییەکەی چی لێ هات؟

---

(١) دۆزەخ: جەهەنم.

– ئەوانیش، ئەوانیش مردن لەگەڵیا، خانم.

– بەڵام پرشنگی نیگات وا ناگەیەنێ، شتێکی تر پێشان دەدا، هەر چەند لەناو لێلایشیا باش دیار نییە!

– باوەڕ نایگرێ، خانم!

– ئەی (مازبا) بە ئاشکرا دیارە چ ئارەقێک دەڕێژی بۆ ئەوەی ئاگری عەشقت خەفەکەی! وەرە لێم ببوورە.. ئەو فرمێسکی پەشیمانییەی شەوانی درێژ رژاندوومە بەسە بۆ سزای تاوانم، راستم پێ بڵێ: ئەمبەخشی؟

– هەست بە تاوانت ناکەم، خانم، تا پێویست ببینم بەلێبوردن!

– کەوابێ دڵت پڕە لە کینە بەرامبەرم؟

– هەرگیز، بەڵام دەرگەی دڵم داخراوە لە هەموو ئافرەتێکی جوان!... دوایی، لێشم ببوورە لەسەر وادەم بۆ خزمەتی شا. خوات لەگەڵ.

هەر چەن (ئوگوستا) بانگی لێ کرد، ئەو ملەی نای نەگەڕایەوە لە دڵی خۆیا دەیوت:

ئەی مازبا، ئەم جارەش وەختە بۆ ژن لە خشتەت بەرێ! ئەی دڵی ناپاک، جارێکی تر رابورد گوێ لە هانەهانەت شل کەم. بڕیارێکە و داومە تا دەمرم نۆکەری ئەو وڵاتەم کە داڵدەی دام، لە کاتێکا ئەم کچە دەری کردم، پۆشتەی کردمەوە لە پاش ئەوەی ئەم کچە پلاسی لەبەرا نەهێشتم، ژیانی پێ دام لە کاتێکا ئەم کچە مردنی پێ رەوابینیم! شەرتی پیاوان بێ سەرم لە رێگەی ئەو وڵاتەدا دابنێم.

بەڵام تۆ، ئەی ئۆگۆستا، لەناو دڵما لەگەڵتا دەجەنگم، تا مردن!...

## دەرگەی لەسەر پشت

لە تەرجەمەی عەرەبی وەرگیراوە، نووسەری ئەمەریکایی (ساکی) ناوە

(لەم دەرگەی هەردەم لەسەر پشتەوە هەرسێکیان چوونە دەرێ.

مێردەکەشی و براکانیشی... رۆیشتن و ئیتر گەڕانەوەیان نەبوو... خۆشیان و تووڵە بچکۆلەکەشیان... کچە بچکۆلەکە، ورد ورد وای بۆ گێڕایەوە... کەچی ئەیهو، کەر لە کوێ کەوتبوو، کوننە لە کوێ دڕابوو...)

***

(ئێستە پوریم دەگەڕێتەوە.) کچەکە، کە هێشتا عومری نەگەیشتبووە چواردە، بەشێوەیەک ئەمەی وت کە سەرتاپا لەسەر خۆیی و ژیرییەتی لێ دەباری، دوایی (میستەر ناتل! ئەگەر ئارەزووش ئەکەی، قسەت چییە لەباتی ئەو بەمنی بڵێ.)

(ناتل) تێ کۆشا لەگەڵیا بکەوێتە گفتوگۆیەکەوە کە ئەمیش پێی خۆش بێ و لەوانەش نەبێ، کە تۆزێکی تر هاتەوە، پوری دڵگیر کات. لە دڵی خۆیا بیری لەوە دەکردەوە کە دوکتۆر، بۆتیماری

ماندووبوونی دەمار[١]، بۆچی ئەم جۆرە دیدەنییە تایبەتانەی لادێی بۆ داناوە؟ تۆ بڵێی نیازی ئەوە بێ دەردەکەی نەختێ قورستر ببێ بۆ ئەوەی باشتری تێ بگات؟ قسەکەی باجیشی بیر کەوتەوە کە لە کاتی جانتا پێچانەوەدا پێی دەوت (بەقسەم بکە بە دەستی خۆت گۆڕی خۆت هەڵمەکەنە و مەچۆ بۆ لای، لە قسەی لادێیی نا گەیت و ناتوانی لەگەڵیا هەڵکەی، نەخۆشیی دەمار ئەوەندەی تر سوارت دەبێ).

مادام هەر دەڕۆی، کاغەزت دەدەمێ بۆ یەک دوو دەستەخوشکم، ئەوانە ئاوەدانییان زۆرتر دیوە، هەتا دەتوانی لەگەڵ ئەوان هەڵسە و دانیشە.

کاغەزەکان یەکێکیان بۆ خاوەندی ئەم ماڵە مادام (سایلتون)بوو.

فرامتون ناتل لە دڵی خۆیا دەیپرسی تۆ بڵێی قسەی باجیم راست دەرچێ ئەم ماڵە تێکەڵی و رابواردنیان خۆش بێ؟

لەم کاتەدا دەنگی کچە لە خەو و خەیاڵ رای پەڕاند:

– ئاخۆ لەم دێیە زۆر کەس دەناسی؟

– وەختە بڵێم کەس ناناسم، ئەوەندە نەبێ باجیم پێنج ساڵێک لەمەوبەر هاتووەتە ئێرە، لەگەڵ پورت و چەن ماڵێکی تر ئاشنایی پەیدا کردووە.

کاغەزی پێناسینی ئەوم پێیە بۆ گشتیان.

– کەوابێ لەبارەی پورمەوە هیچ نازانی؟. ناتل فرامتون لە دەموچاو و لە شێوەی قسەکردن و روانینە مانادارەکەی کچەدا بوونی نهێنییەکی تازەی کرد. چەناگەی بۆ هەڵتەکان و وتی:

– بەداخەوە نەء، خانمە بچکۆلە!

– کڵۆڵیی پورم پێنج ساڵێک لەمەو پێش دەستی پێ کرد، یەعنی هەر دوابەدوای دوورکەوتنەوەی باجیت لێمان!

فرامتون لە پەنجەرەکانەوە چاوی بە دنیای جوان و کشوماتی لادێدا گێڕا. هەر وا سەری سوڕما کە خەم و خەفەت چۆن رێگەی شوێنی وا کپوکلاو ئاسوودە دەدۆزێتەوە، لە وەڵامی کچەدا وتی:

کڵۆڵیی چی؟ خوانەخواستە چی قەوماوە؟.

– ئەی بۆ ناپرسی ئەو دەرگە بچکۆلەی بەرامبەر، بۆچی هەرگیز داناخرێ؟"

– ئەوە پرسی بۆ چییە خانمە بچکۆلە؟ لەبەرئەوەی گەرمایە.. لەبەرئەوەی دیمەنی دەشت و دەر جوانە، ئەمە چی بەسەر کڵۆڵی پورتەوە هەیە.

کچە وەک بارانی بەهار فرمێسکی لە چاوی خۆی هێنا و دەنگی خۆی خنکان و بە ئەسپاییەکی

(١) مەبەست لە تەداویی نەخۆشیی ئەعسابە.

چپەئاسایی وتی:

– لەم دەرگە بچکۆلەیەوە چوونە دەرێ، سەد ساڵ لەمەو پێش مێردەکەی و هەردوو براکەی چۆن بۆ راوی مـراوی، ئەو دەرپەڕینە لەم دەرگـە بچـووکـەوە دەرپەڕین، ئیـتـر گـەڕانەوەی لـە دوا نەبوو یەکـێک دەڵێ ئاو بردنی، یەکـێک دەڵێ قوڕی زەلکاو قـوتی داون، هەر چۆنـێ بێ لەو رۆژەوە ئیـتـر نەسەریان پەیا بوو نە شوێن.

کچە وەکو بیرەوەری خۆی کۆ بکاتەوە ئیستێکی کرد و سەرنجێکی بە کابرای میوانا گێڕا بۆ ئەوەی لە کارتێکردنی چیرۆکەکەی بگات. لە پاشانا دەستی کردەوە بە قسە:

– بەڵام پورە هەژارەکەم ناچێتە دڵی کە لەناو چوون، لای وایە رۆژێک هەر دەبێ بەخۆیان و توولە سـپـیـیـە بچکۆلانەکـەیانەوە بکەنەوە بەمـالا و، لەم دەرگـە بچـووکـەوە راست تێ هەڵکێـشـن بۆ ژوورەکەیان، لەبەرئەوەیە نـایەڵێ، نە بە رۆژ و نە بەشـەو، ئەم دەرگە بچووکە داخـەین. کڵوڵ خـۆی پورە هەژارەکەم! بە درێژی رۆژگار مـن گوێی بۆ شل دەکەم و ئەو چیـرۆکی کـەوتنـە رێیـەکـەیانم بۆ دەگێـڕێتـەوە: چۆن وەکو تیـری زێڕین گڤـەیان کرد و لە دەرگە بچکۆڵە دەرپەڕین، چۆن ها گاردی مێردی قـاپووتە جوانەکەی دابوو بەسـەر دەستـیا و لە پێشـەوە دەرۆیشت، چۆن (بەرتی)ی برای بە گۆرانی وتن دوورکەوتەوە؟ ئەو گۆرانییە خۆشەی کە هەرگیز لە دەمی نەدەکەوتە خوارەوە:

– بەوچاوانەی هەڵیان دێنی...

دوایی، بۆم دەگێڕێتەوە چۆن تاپۆیان وەکو فریشتـەی بەهەشتیی لەناو تاریک و لێڵی بەربەیانا لە چاو ونبوو؟.

– گەورەم، رەنگە نەزانـی ئەم چیـرۆکانەی پورە هەژارەکەم چ کارێک دەکەنە سـەر دەمـارەکانم؟ وام لێ دەکات، بەدەم بەتاناهاتنی[1]، ئەوەوە، ترپەی پێی خۆشـەویستەکانی ببیـەم، گوێم لە دەنگی گۆرانی و قسەکانیـان بێ! ئەوەندەی کار تێ کردووم منیش وەکو ئەوم لێ هاتووە، چوومـەتە سـەر ئەو باوەڕە، کـە ئێـوارە وەختـەیەک دەبێ لە پڕ لـەم دەرگـە بچکۆلەوە سـەر هـەڵدەن و مل بنێن بۆ ژوورەکانیان!

کچـە سـەر گـوزشتـەکـەی بە دەم نیـمـچـە مـووچرکـەیەکـەوە تەواو کـرد، کـە بەسـەرتاپای لەشـە بچووکەکەیا گەڕا، فرامتون رەنگێکی هێنا و رەنگێکی برد. لە دڵی خۆیا دەستی کرد بە گلەییکردن لە بەختـی خـۆی: بەنیـازی خـۆ چاککردنەوە و دامرکاندنەوەی دەمـار گـەیشـتـووەتە ئەم لادێ کـلابە، کـەچی خـوا تووشـی ناوچەیەکی وا شـڵـەقـاوی دەکـا، کە خـەم و خـەفـەت وەکـو هـەوری تاوە باران چۆکی لەسەر داداوە.

لەو کاتەدا دنیـا خـەریک بوو تاریک دابێ، (پوری)، دەم بە پێکەنین، کردی بە ژوورا، رووی کـردە میستەر فرامتون وتی: (هیوام) هەیە (ڤیرا)ی برازام نەیهێشتبێ بێ تاقەت ببی!

---

(١) بەتاناهاتن: تەعریفکردن، وەسفکردن.

فرامتون وەڵامی دایەوە (سوپاست دەکەم، دریغی نەکردووە!)

پورە بۆ جاری دووەم، کە دەمی کردەوە چووە سەر ئەو بابەتەی فرامتون لێی دەترسا:

– پێت ناخۆش نییە ئەو دەرگە بچووکە بە کراوەیی بمێنێتەوە؟ باوەڕ ناکەم هەوا ئەوەندە سارد بێت، لەبەرئەوەی چاوەڕوانم مێردەکەم و براکانم لە ڕاو بگەڕێنەوە، بۆ راوەمراوی چوون، بۆ گۆمێکی دوور تووڵە سپییە بچکۆلەکەشیان بردووە.

پیرە میوان بەتەواوی تێک چوو. پڕبەدڵ بەزەیی بەم ئافرەتە هەژارەدا دەهاتەوە و کە سەر ئەنجامی کلۆڵی پێنج ساڵ لەمەوپێشی وەکو کارەساتی ئەمڕۆ و ئەم سەعاتە دەگێڕێتەوە.

بەڵام ژنە لەسەر گێڕانەوەی وردە بابەتی راوی خۆی رۆیشت: دەست و مشتی مێردەکەی وایە، تووڵەکەیان مراویی کوژراو وا لە ناوەڕاستی گۆمی قووڵا دەقۆزیتەوە و، وا دەڕۆن و وا دێن... هەتا دوایی..

میوان سەرنجی دا: خانەخوێ، هەر قسەی تەواو ناکا گورج سەرێک لار دەکاتەوە بۆ لای دەرگە بچکۆلەکە، لە دڵی خۆیا هەناسەیەکی ساردی بۆ هەڵکێشا، وتی قوربەسەرە تەواو پەکی کەوتووە، تەنیا بەو بایە دەژی کە لە بیرەوەری رابردووی هەڵدەمژێ، دوایی تەقەلای دا، باری قسە بگۆڕێ وتی: دکتۆر حەسانەوەی تەواوی بۆ نواندووم بۆ ئەوەی بێمەوە سەرخۆم!

زۆر بەجێیە!

ئافرەتەکە ئەمەی وت و نیوە پەشۆکاو، ڕوو لە دەرگە بچکۆلەکە، هەڵسایە سەرپێیان، لە پڕ بانگی لێ هەڵسا "ئەوانن.. ئەوانن.. باشبوو گەیشتنەوە بەسەر نانی شێوانا!.. ئای.. سەرتاپای لەشیان تەپو تۆزە!"

فرمتون بزرکا، بە دەموچاوێکی پرسیاراویی بێ قسەوە رووی کردە کچە، تەماشای کرد کچەش بە پەشۆکاوی چاوی بڕیوەتە دەرگە بچکۆلەکە. فرامتۆن هەر ئەوەی بۆ مایەوە هەڵسێتە سەر پێ و لەناو دەرگە بچکۆلەکەوە تەماشای دەرەوە بکات، لەناو تاریک و لێڵی ئێوارەی درەنگ وەختا (سە) تارمایی دیاربوو، بە دەستی پشت ماڵەکەدا راست ملیان نابوو بۆ ئاستی دەرگە بچووکەکە. هەرسێکیان تفەنگیان بە شانەوە بوو، تووڵەیەکی بچکۆلەش بە قونەقون پێشیان کەوتبوو، بەرە بەرە نێزیک بوونەوە و دەنگی گۆرانیی یەکێکیان بە ئاشکرا و رەوانی گەیشتە گوێی فرامتون:

ئەو چاوانەی هەڵیان دێنی...

فرامتون لە وزەیا(١) نەما لەمە زیاتر دان بەخۆیا بگرێ، بە پەلەپروسکێ(٢)،

لە دەرگەی گەورە خۆی کرد بەودیوا و هەتا هێزی تیابوو پێی پێوەنا.

دوایی پیاوەکان گەیشتنە ژوورەوە و یەکێکیان وتی: "گیانەکەم، بەتەپوتۆز و مراوییەکی زۆرەوە

(١) وزە: اقتدار، توانست.

(٢) پەلەپروسکێ = عەجەلە و اضطراب.

گەڕاینەوە بۆت، بەڵام ئەوە کێ بوو لە دەرگەی گەورەوە بە راکردن دوور کەوتەوە؟"

ئافرەت وتی: پیاوێکی سەمەرە(٣)، سەری زمان و بنی زمانی نەخۆشییەکەیەتی، ئەو سەرنجەی تێت دەگرێ پڕە لە سڵکردن و گومان، دوایی لای خۆی، بۆ سەردانی ئێمە هاتووە، کەچی بەبێ ماڵئاواییکردن هەڵدەسێ و بۆی دەردەپەڕێتەوە، درۆم نەکردبێ شێتە!

بەڵام کچە بچکۆلە بەشێوەیەک کە ڕاستی و لەسەرخۆیی لێ دەباری هەڵی دایە قسە:

– نە شێتە و نە هیچ، پیاوێکی سەنگین و لەسەرخۆیە، ئەوەندە هەیە کە توولەی سپی دەبینێ خۆی پێ ناگیرێ و تێک دەچێ. هۆی ئەمەش ئەوەیە چەن ساڵێک لەمەو پێش لە داوێنی شاخەکانی ئەفریقادا گەلەسەگێکی کێوی پەلاماریان داوەتێ، سەگەکان هەموو سپی بوون. رزگاربوونیشی وەکو تەلیسم وایە، لەو شاخە (دوورە ئاوەدانی)یەدا خۆی لەناو گۆڕستانێکا دەشارێتەوە، تا گەلەسەگەکە تەواو دوور دەکەونەوە.

مێردی پورە بە نەرمێکەوە تێی خوڕی:

"بەسی بێ، کچم فیرا، بەسی بێ! تاکەی واز لە نەریتی هەڵبەستن نایەنی؟"

توومەز فیرا پیشەیەتی لە هەودایەکی راست گوریسێکی دوور و درێژی خەیاڵکرد ئەهۆنێتەوە!...

(١) نەریت.

### ئاوازەی ونبوو

(نووسیار: ف. ماتانیا، چیرۆکێکە لە ژیانی راستەقینە وەرگیراوە، پێشان دەدا رەوشتی پێشینان دڵی فەنانیکی بلیمەت چۆن دەپلیشێنێتەوە...)

رۆژێک لە رۆژەکانی ساڵی ١٧١٧ی ز، رۆژە روو بە زەردەخەنەکەی جنوبی ئیتاڵیا پرشنگی بەسەر زەویدا بڵاو کردبووەوە، عەرەبانەیەکی چڵکنی تەپوتۆزاوی، لە شەقامی (کابیونیا)وە خەریک بوو لەقەلەق خۆی دەکرد بە ناو شاری ناپۆلیدا، منداڵێکی هەشت ساڵان، مان و مردوو، لەم عەرەبانەدا دانیشتبوو، هەر لە دیدی (جیزی)وە هەتا ناپولی بەرێگەیەکی دوور و ناخۆشدا بەتاقی تەنیا عەرەبانەی تێخوری بوو، گیرفان و باخەڵیشی لە هەموو شت پەتی بوو، چەند نووسراوێکی پێناسین نەبێ کە بۆ هەندێ لە گەورەماڵەکانی ناپۆلی نووسرابوون.

ناوی ئەم منداڵە (جیامبا– تیسنا– بورژولوزی) بوو.

کە لە عەرەبانەی چۆڵەوپێی شەکەتی و سەرگەردانی نایە سەر زەوی پایتەختی پڕ ژاوەژاو، سەربازە پاسەوانەکان پەلیان گرت، خستیانە ناو عەرەبانەیەکی شار و، بەرەو یەکێک لە ناونیشانەکانی پشتی پاکەتەکانی باخەڵی رەوانەیان کرد.

(٣) سەمەرە: عاجباتی عەنتیکە.

منداڵێکی بچووکی بێدەسەڵاتی وەکو ئەم کوڕە بهێنەوە بەرچاو، کە ئەمە یەکەم جاری بێ لادێیەکی بچووکی بێ بایەخی وەکو (جیزی)ی بەجێ هێشتبێ بۆ ناپۆلی: شاری بزووتنەوە و ژاوەژاوە، شاری رووناکی و چراخان، کۆگەی تێکچڕانی هەموو جۆرە تاڵی و شیرینییەک!...

بهێنەرە بەرچاو. کە لە کۆڵانە قەڵەباڵغەکانی ئەم شارەدا، دەبینی لە هەر چوار دوە منداڵە و پەلامار دەدا، خۆی بە عەرەبانەکەیا هەڵواسی، هەر دەڕوا و ریزە دووکان و کۆگە[١]، دوایی نایە، لە پاشان دەچێتە چێشتخانە، تەماشا دەکا هەر پێش خزمەتە و قاپە مەقارنە دەهێنێ و دەبا، بە شەو و بە رۆژ مێزی ئەم چێشتخانانە: قەڵەباڵغ و، پێکەنین و هەرا و، خۆشی و شادمانی لێ نابڕێ. لە شەقامەکان خەڵک دەستە دەستە دەسووڕێنەوە: یان وێڵ وەکو پۆلی کۆتر، یان گەرمی قیرە قیر وەکو رانی مەڕە پیرە.

بازاڕەکانیش چەشن چەشن، لایەک بازاڕی میوەیە، لایەک تەنیا سەوزەی لێ دەفرۆشرێ، بازاڕێک بە تەنیا بۆ ماسیفرۆشەکان تەرخان کراوە، هەچ بازاڕێک لەمانە دەبینی ژاوەی دێ لە هاتوچۆ کەران غەڵبەغەڵبی ئەمانە و، بانگەوازی شتفرۆشەکان هەوایان پڕ کردووە لە دەنگدانەوەیەکی بێ ئاهەنگ و ناڕێک.

هەژار خۆی (جیامبا- تیسنا)! ئاخۆ لەوکاتی سەرسامییەدا[٢]، هەرگیز بە بیریا دەهات کە بلیمەتییەک[٣]، لە هەستییا هەیە، رۆژێک دەبێ لەم شارەدا تاجی ناوبانگی بکاتە سەر؟

جیامباتیسنا لە کۆشی خێزانێکا پێ گەیشت کە لە تێگەیشوویی و خوێندەواریدا دەستی باشتر دەڕۆیشت تا سامان و ماڵی دنیا، لە هەست و عاتفەدا بەرزتر بوو تا رەسەن و بنەچە!

خێزانەکەی باش توانیبووی پەی بەو بەهرە خواییە بەرێ، کە لە گیانی ئەم کوڕەدا، لە وێنەی ئاوازە و مۆسیقادا دەدرەوشایەوە. لەبەرئەوە بۆ دڵیان هاتبوو رەهەندەی شاری ناپۆلیی بکەن، بۆ ئەوەی هەتا لە توانستیا هەیە دەم بنێ بە سەرچاوە شیرینەکانی هونەری جوانەوە و[٤]، خۆی تێراو بکا.

هەر چۆنێ بێ، بەتکا و ڕوولێنان، لە قوتابخانەی بەرزی مۆسیقادا جێگەی کرایەوە. لە بەردەستی پیری (هونەر) (دیماتیس)دا فێری ساز لێدان بوو، لەلایەکەوە سروشتە هونەرییە زاڵەکەی خۆی، لەلایەکی ترەوە، تینی گەرموگوڕی گیانە سحراوییەکەی مامۆستای، زۆری پێ نەچوو درەوشانەوەیەکی نایابیان خستە بەهرەی مۆسیقای (دیمانیس) لە پاش ئەوەی هەڵی هێنا چ پرشنگ و رووناکییەکی ئاوازەی شیرین لە گیانی ئەم کوڕەدا پەنگی خواردووەتەوە، بە هەموو

(١) کۆگە: موغازە.

(٢) سەرسامی: بهت، تحیر.

(٣) بلیمەت: عبقری.

(٤) هونەر: فەن، هونەرە جوانەکان: فنونی جەمیلە.

هێزێکییەوە کاری کردە شاعری مەزن[1]، (جریکو) کە دەستی چاودێری نەوازشتی بەسەر بکێشێ.

(بەرجیولوزی) وەکو هەموو هونەروەرێکی- فەنانێکی هاوتەمەنی ئاگرێگی تیژ لە کانیی دەروونیا دەگەڕا بۆ دەرکەوتن، پرشنگێکی زۆر لە سەرچاوەی دڵیا گینگڵەی دەخواردەوە و دەسووڕایەوە، بۆ دۆزینەوەی ڕێگەی سەرهەڵدان، بەڵام دەستووره رزیوەکانی مۆسیقای ئەو سەردەمە ئەوەندە قورس بوون، ئەوەندە تەسکوترووسک تێک هەڵکێشرابوون، عاسمانێکی بچووکی سنووردار مابووەوە بۆ باڵ وەشاندن و پەڕبازی هونەرە بەرزەکە، ئاسۆی هونەر لە گیانی هاتبووەوە یەک، ماوەی قەڵەمباز لە هەنگاوی پێشکەوتنی گیرابوو.

لەبەر ئەم تەگەرە و قۆرتە زۆرانە، لە ساڵی ١٧٢٦دا مامۆستای پیر و، قوتابخانەی بەرزی بەجارێک بەجێ هێشت، بەم بەجێهێشتنە پەرژینی باخچەی هونەری بۆ شکا. بە خواست و ئارەزووی خۆی دەستی کرد بە گوڵ هەڵبژاردن.

بەو منداڵییە تێکۆشینەکانی لە دانانی ئاوازەی تازەدا، بەپێی دڵخوازیی خۆی، بەزاڵی سەریان گرت، چەند پارچەیەک (ئۆپیرا)ی جوانی دانا، بە ناوی (سان جیجلیلمۆ)وە گۆرانییەکی ڕێک خست، ئەوەندە جوان بوو، ئەوەندە بە سۆز و سحراوی بوو، تەنانەت لە کۆڕی قوتابخانە کۆنەکەشیا پەسەند کرا و پایەیەکی بەرزی ناوبانگی وەرگرت.

ئیتر لەناو خێزانە ماقووڵەکانا ناسرا و رووی گەرموگوڕی، درایە کە لەو سەردەمەدا سێبەری ئەم خێزانانە قیبلەی هیوا و حەسانەوەی هەموو جۆرە هونەروەرێک[2]، بوو، هەر وەکو ئەمانیش ئارەزووی پڕ بەدڵیان ئەوە بوو کە چراخانی دیوەخانیان لە کۆمەڵی هەرە بەرزی هونەروەرەکانی وڵات دروست ببێ.

شای ناپۆلی خۆی هەتا بڵێی هونەرپەرست بوو، سێبەرێکی حەسانەوە بوو بۆ هەموو زاناکان و مهندس و نیگارندە و مۆسیقارەکانی سەردەمی، شارەکەی گەیشتبووە پایەی هەرە بەرزی شک و شارستانی ئەو پرشنگ و جوانییەی لەم شارەدا ژاوەی دەهات، بۆ (بەرجی و لوزی) بوو بەسەرچاوەیەکی ئیلهامی بێ ناخ! شاری ناپۆلی هەر لە پێشترەوە مەڵبەندی هونەروەری گەورەی وەکو (کوریللی) و (وللی) بوو، کە ئاگری ژیانی ئەمان کوژایەوە، ئەو پشکۆیەی لە پاشیان بەجێ ما، لەلایەن (سکارلانی)یەوە فوی سحراویی پیاکراو گەش کرایەوە. کە ئەو مرد، چاوگە خستنە سەر و خۆشکردنی ئاگر، بوو بەشی ناوچەی (بەرجیو لوزی)ی هونەروەری لەمەڕ خۆمان.

بەرجیو لوزی لەو کاتەدا کە ئەم میراتە نایابەی پێ بڕا هەرزەکارێکی خوێنگەرمی جوان بوو، لە تەمەنی[3]، بیست ساڵانا.

(١) مەزن: عەزیم.

(٢) هونەروەر: فەنان.

(٣) تەمەن. عمر

ئێستە چەند بەختیارە؟ سەرتاپای نوقمە لە فەرزی هونەرا، لەو نیعمەتانەدا کە هونەری بەسەرا رژاندووە! گەیشتووەتە ناوبانگ، گەیشتووەتە شکۆ، رووناکیی ناوەوەی گیانی پرشنگێکی زۆر و زەبەندەی لێ بلاو بووەتەوە، بەناو بەرز و نزمی سەرانسەری ولاتا، بە کورتی بووە بە هونەروەرێکی زاڵی سحرکار.

رۆژێک لە رۆژان بانگ کرا بۆ ماڵی خانەدانی گەورە (سپینیللی)، ئەم بانگکردنە خورپەی شادمانیی خستە دڵی، بەلام خورپەی هەرە گەورە، ئەو کاتە روویدا، کە لە ئاینی(١)، پێشکێشکردنا، لە بەردەمی کچە شۆخەکەی ئەم ماڵە رەسەنەدا گەردنی کڕنوشی کەچ کرد.

(ماریا سپینیللی)، کچە خانەدانی هەرە گەورەی ناپۆلی، وازی لە فیز و شانازییە بەرزەکەی خێزانی هێناوە و بەو گشت نازداری و سحر و جوانییەوە، هاتووە بەرامبەری وەستاوە.

هەر بەوەشەوە ناوەستێ، سا، یا لەبەرە رواڵەتە جوانەکەیەتی، یان بەهۆی سحری مۆسیقاکەیەوە، یان لە هەمان کاتدا سەبارەت بە هەردووکیانە، تیرێکی نیگاری وا (مانا)داری تێ دەگرێ، کە بە گڕ و پزیسکەی عەشقەوە تا بنی بنەوەی دڵی ئەنیشێ، خورپەی دڵی ئەم، دڵە جوانەکەی ئەو پەڕیشی لەرانەوە، بەم جۆرە شەپۆلی خۆشەویستی بۆ جاری یەکەم گیانێکی شۆخی نازدار و یەکێکی بەهرەداری لە مەلەی دەریایەکی بێ پایانا جووت کرد.

بەلام هەی داخ! گەردوون کەی داستانێکی عەشقی ئاگراوی گەیاندە ئەنجام و لە ناوەڕاستا لەسەری نەوەستا؟.

هەردووکیان لە هەرەتی جوانی و نەوجەوانیدا بوون، هەستی جوانیپەرستی لە گیانی هەردووکیانا لە شەپۆلانا بوو، تاودانەوەی ئەم هەستە لە ئاوێنەی چاوی هەردووکیانا وەکو یەک دەدرەوشایەوە، بەلام هەی داخ! نیگاری ئەو چاوانە، لە پەنجەرەکانی کۆشکەوە بەسەر باخی پرتەقالا، کە بۆنی گوڵە قسە دەمی دەماغی کاس دەکرد، دەگەیشتەوە بە گۆڕستانێک، لە دوور دوورەوە کێلە مەرمەڕەکانی لەبەر هەتاوی داخ دەبریسکانەوە، کەوابێ هێلانەی ئەم دڵدارییە بەرزە نێزیک بوو لە گۆڕستان و، ئەمە نوقڵانەیەکی باش نەبوو!

زۆری پێ نەچوو چپە و سرکە کەوتە ناوانەوە، ئاریستۆکراتەکان(٢)، تا بردینەوە، چۆن دەبێ؟.. کوڕە پورە پیاوی خوێڕی وای لێ هات ئارەزووی تێکەڵکردنی خوێنە سوورەکەی بکات لەگەڵ خوێنی هەرە شینی خێزانی (سپینیللی)؟

دەڵێن بلیمەتە (عبقری)یە، دەڵێن پایەدار و بەنرخە، دەڵێن پاشەڕۆژی رووناکە، قسەی بێ جێ. با سەری بگاتە ئاسمان، بۆرەپیاوە، کە وتت بۆرەپیاو ئیتر دەبڕێتەوە.

کەسوکاری ماریا ئاگریان گرت، هەتا کوورەی دەروونیان هەڵبگرێ لە هونەروەر (فنان) پڕبوون،

---

(١) ئایین: لێرەدا لەباتی مەراسیم بەکار براوە.

(٢) ئاریستۆکرات: ئەو کەسەی لە چینی هەرە بەرز و ماقووڵ بێ.

ماقووڵەکانی هاوچەشنیشیان کە (هەموو) یان خۆیان، یان کەسوکاریان کچداربوون، کردەوەی (برجیولۆزی)یان بەسەر دەق شکاندنێکی بەدووم دانا، بۆ بۆرەپیاوی چاوقایمی تر لەبەرئەوە گشت لایەکیان پشتیان لەم هونەروەرە هەڵکرد، کە تا دوێنێ بوو فڕان فڕانیان بوو لەسەر نێزیک خستنەوەی لە دیوەخانیان! بەم جۆرە نەریت بەسەر هونەرا، کەم خایەن بەسەر پایەدارا، کینەی شانازی بەسەر گیانی دڵداریدا، پەستی بەسەر بەرزیدا زاڵ بوو، دەرگەی ماڵە گەورەکانی لێ داخرا، ئەو باغچە بەهەشتییەی لێ قەدەغە بوو، کە بەرامبەر بە ماریاتیا دادەنیشت و، پارچەی لە دڵی خۆی دەپچڕی و لەسەر تەلی ساز دەیبرژان.

ئەم کچە جوانەی خێزانی (سپینیللی) بە تەواوی لە بەرچاوی ون بوو!. مەگەر جار جارێک ئاوازە نەمرەکانی ئەم، لە دوورەوە بگەیشتایە گوێی ئەو، یان شەماڵ بۆنێکی دوور بە دووری ئەوی لە کۆشکەوە بگەیاندایە دەماخی ئەم، یان (خەیاڵ و بیرەوەری) لە کاتی تەنیاییدا نیگارێکی جوانیە سحراوییەکەی لە بەرچاو بکێشایەوە.

ژیان لە بەرچاوی تاڵ و باریک بووبوو، ئاوازەکانی لەگەڵ هەنسکی گریان تێکەڵ بووبوون، بەستەکانی پەردەی خەمیان نیشتبووە سەر، لەگەڵ ئەوەشا ناوبانگی هونەری هەتا دەهات بەرەو بەرزی هەڵدەچوو، بەڵام لەو بارەدا، ناوبانگ لای ئەو وەک هەمانەیەک بوو بەفوو گەورە کرابێ! لە ساڵی ١٧٣٠دا ناپۆلی تووشی بومەلەرزەیەک هات، ئەوەندە سەخت و بە گوڕبوو، هەر خواستی خوابوو، کە لە وێرانبوون رزگاری کرد، بەم بۆنەیەوە (بەرجیولوزی) پارچەیەکی نایابی دانا، پارچەیەک لە مەعنادا، لە سۆزا، لە خۆشیی ئاوازەدا، ئەوەندە بەرزبوو ناپۆلی گەردنی تەواوی لەبەر بەهرەی (بلیمەتانەیا) کەچ کرد، خێروبێر ئەوەندە لە بەردەمیا کۆگابوو، کە هیچ نەما هەرزەکارێک لە هەڕەتی جوانیدا ئارەزووی بکات و لە بەردەستی ئەوا ئامادە نەبێ.

ئێستە هەموو شتێکی هەیە کە بشێ فڕێ بدرێتە بەرپێی ماریا: ماریای جوان، ماریای سەرچاوەی ئەو ئیلهامە ئەم گشت شتەی لە بەردەما کەڵەکە بووە.

بەڵام داخ، پێ بچووکەکانی ماریا لە زنجیرایە، لە کۆتوپێوەندی رەوشتی پێشینانا بەستراوەتەوە.

لە قەفەسە زێڕینەکەیا تەنانەت ناوبردنی برجیو لوزیش لە زمانی قەدەغە کرابوو، زەردەخەنە گەشەکەی سەرلێوی فڕی بوو، پرشنگە جوانەکانی چاوی لە هێلانەی خەما ماتیان کردبوو.

رۆژێ لە رۆژان، لە پڕ هەر (سێ) براکەی بەشیری رووتەوە کردیان بە ژوورەکەیا: پرشنگی رق لە چاویان دەباری، دەماری ئاریستۆکراسییەتیان گرژ بووبوو، کینەی رەوشتپەرستییان هاتبووە جۆش، دەستیان کرد بە هەڕەشە، وتیان شوونەکەی بەهاوشانێکی خۆت، نوکی ئەم شیرە لە پەردەی دڵ (مۆسیقارە خوێرییەکە) تون دەکەین.

ئاگری دڵداریی راستەقینە زاتی نایە بەر و لێیان هاتە وەڵام، بەڵام هەر ئەوەندەی لە دەست هات هەڕەشەی تۆڵەسەندنی قانوونیان لێ بکا پێکەنینیان هات، لەبەرئەوەی ئەوان شەرەفی خانەدانیان

دەپارێزا، لەبەرئەوە دەستی قانوون نەبێ دەتوانێ بیانگاتێ! راستیشیان دەکرد، ناپۆلی لەو حەلەدا شاری خانەدانەکان بوو، خۆ ئەوانیش لە گەورە لە پێشەکانی خانەدانان بوون.

ماریا زانی کە لەسەر لاساری بڕوا، بە دەستی خۆی فەرمانی کوشتن بۆ برجیولوزی مۆر دەکات لە شووکردن بگەڕێتەوە، چارەی لە تاقە یەک ڕێگەدا دی و گرتی: جوانیی خۆی ببەخشێ بەخوا، خۆی بکا بە راهیبە.

لە ناو چوار دیواری (دێر)دا، رۆژگار بەسەر (خوشکە ڤیکتۆریا)دا هاتوو تێپەڕی، کە ئەمە ناوی ناو دێری ماریا بوو، بەڵام ئەو موعجیزەیەی لە بیرچوونەوەی پێ دەڵێن، لە ماریای هەژار سەری هەڵنەدا، دەرمانی شفای تەنیا کەوتبووە دەست فریشیەی مەرگ، ساڵی بەسەرا نەگەڕایەوە (خوشکە ڤیکتۆریا) کۆچی ئێجگاری کرد و تەرمێکاو[1]، پارچە کاغەزێکی لە پاش خۆی بەجێ هێشت، کاغەز بۆ (برجیولوزی) بوو، کە ئەو حەلە لە رۆما هەناسەی ساردی هەڵدەکێشا، نووسرابوو (دەمەوێ برجیولوزی شیوەنی ناشتنم بگێڕێ، با گیانم بەسەر باڵی مۆسیقا شیرینەکەی ئەوەوە بەرزبێتەوە، بۆ دیوانی کردگار!)

براکانی بە دەستی خۆیان ئەم راسپاردەیان گەیاند بە (برجیولوزی).

برجیولوزی (ئۆپیرا) نەمرەکەی (ئولیمپاد)ی بەناتەواوی بەجێ هێشتوو بە پەلەپەل کەوتەڕێ بۆ ناپۆلی.

ئەو پارچەیەی دایان نابوو برجیولوزی سەرپەرشتیی لێدانی بکات هی مۆسیقارێکی کۆن بوو. دەیانویست تەنانەت بەختیاریی دانانی ئاوازەی شیوەنەکەشی پێ رەوا نەبینن.

بەڵام پیاو هەم هونەروەرێکی بەهرەدار و، هەم شێت و شپرزەی دڵداری بێ لە جێی وادا چۆن خۆی دەگرێ؟ بە پەلەپەلێکی کەللەبی یانە پارچەیەکی لاواننەوەی رێک خست، کە هەموو ئاوازەیەکی پارچە گۆشتێ بوو لە لۆچەکانی دڵی پچڕابوو.

تەرمی (ماریا) بەسەر شانی راهبەکانەوە هات و تێپەڕی.

ئەم دیمەنە ماتەمینە، ئەم باری بێ هیواییە، ئەم شەپۆلی سام و شک و خامۆشییە بێ برانەوەیە، لە نۆتەی مۆسیقای برجیولوزیا بە ئاوازەی فرمێسکاوی هاتبووە زمان.

دەرگە بۆ ئێجگاری داخرا و ئاینی شیوەن تەواو بوو، برجیولوزی لە تەختەکەی دابەزی پەرە پەرە دەستی کرد بە کۆ کردنەوەی ئەو کاغەزانەی کە نۆتەی ئاوازەی ناکامییان لەسەر نوسرابوو، لە پاشانا رووی کردە محرابەکەی کە مۆمە زەلامەکانی نێڵە نێڵ تیا دەسووتا! دەزانی چی کرد؟

ئاگری نا بەو شیلە شیرینەوە کە لە دڵە بەهرەدارەکەی وشیبووی بۆ گیانی (ماریا، کە دوا لاپەڕە سووتا بەدەم ئێشەوە خۆی دا بە زەویدا و وتی:

(بۆ ماریام دانا، تەنیا بۆ ماریا.. دوا پەیامم بوو بۆ جوانییەکەی، دوا ماڵئاواییم بوو لە گیانە

(١) تەرم: تابوت، لێرەدا لەباتی نەعش بەکار هاتووە.

پاکەکەی.. ئاوازەی ماریا نابێ بۆ کەسی تر بێ، دەبێ هەر بۆ خۆی بێ تۆ.. هەر بۆ خۆی!)

برجیولوزی ئیتر ببڕای ببڕ سازیش و قەڵەمیشی فڕێ دا، دەمی لێک نا تەنانەت لە ئاخ و ناڵەش! لە نێزیک ناپۆلییەوە گۆشەی دێیەکی گرت، تا لە پاش ساڵێک خوای گەورە گیانی ئەویشی رەوانەی لای یارە چاوەڕوانەکەی کرد.

